شانۆنامە

# بەدحاڵی بوون

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەم جار ساڵی (١٩٤٤) و لەسەر شانۆی (Mathurins) نمایش کرا و مارسێل هیران دەری هێنا.

ئەم ئەکتەرانە بەپێی دەرکەوتنیان بەشدارییان تێدا کردووە.

١- ماریا کازارس لە دەوری مارتا.
٢- هلن ورکور- ماریا.
٣- ماری کارلف- دایک.
٤- مارسل هرزان- جان.
٥- پل ئۆتلی- خزمەتکاری پیر.

**پەردەی یەکەم**

نیوەڕۆیە. هۆڵی ئوتێلێکی لادێ. ئوتێلێکی پاک و تەمیز و ڕووناک... هەموو شتێک پاک و خاوێن و لە جێی خۆیدایە.

**دیمەنی یەکەم**

دایک: دەگەڕێتەوە.

مارتا: وای پێ وتیت؟

دایک: بەڵێ.

مارتا: هەر خۆی؟



دایک: نازانم.

مارتا: باشە لە دەوڵەمەند دەچوو؟

دایک: نیگەرانی کرێکە نەبوو.

مارتا: دەوڵەمەندبێ باشتر... خۆ ئەگەر هەر خۆی بێ دەها چاکتر.

دایک: (بەوەڕسی) بەڵێ تەنیا و دەوڵەمەند ئەمە کەم ڕێک دەکەوێ. دەبێ سەرلەنوێ تێ هەڵچینەوە.

مارتا: ڕاستە دەمێ ساڵە بێ کارین، زۆربەی کات ئێرە چۆڵە. هەژارانێ کە دەمێننەوە و پارەدارانێ کە ڕێی وێڵیان دەکەوێتە ئێرە، درەنگ پەیدا دەبن.

دایک: ناشوکری مەکە مارتا. پارەداران ئەرکیان گرانە و خزمەتی زۆریان دەوێ.

مارتا: (تەماشای دەکات) پارەی چاکیش دەدەن. (بێدەنگی) دایکە تۆ نەوعێکی لەبەرچاوم. ماوەیەکە سەرت لێ دەرناکەم.

دایک: ماندووم کچە باشەکەم. ماندووم و بەس. دەمەوێ تۆزێ ئیسراحەت بکەم.

مارتا: من گشت کارەکانی ماڵەوەت بۆ دەکەم ئیدی دەتوانی ئیسراحەت بکەیت و ئاسوودە بژیت.

دایک: لە ڕاستیدا من باسی ئەم جۆرە ئیسراحەتە ناکەم. نەخێر. بەڵکو ئەوەی دڵم دادەخورپێنێ، خەونی پیرێژنێکە. گشت ئاواتێکم ئارامی و ئاسوودەییە. تامەزرۆی کەمێ دڵنیاییم (نەرمە پێکەنین) ئاواتێکی هیچە مارتا. بەڵام گەلێ شەوان دەکەومە خولیای ئایینەوە.

مارتا: بەڵام دایە گیان تۆ ئەوەندەش پیر نیت تا ئاڵوودەی ئایین ببی. تۆ هێشتا زۆرت بەبەرەوە ماوە.

دایک: دەزانم، گاڵتە دەکەم مرۆڤ کە چووە نێو ساڵەوە ئیدی هێندە گوێی ناداتێ. حەز ناکات بەدەم گشت شتێکەوە بچێ. وەک تۆ ئەمە دەکەیت مارتا... دیارە ئەمەی تۆش لەگەڵ تەمەنتدا ناگونجێت. من گەلێ کیژانی هاوتەمەنی تۆ دەناسم بیر لە هیچ شتێ ناکەنەوە، جگە لە خۆشی و شادی نەبێ.

مارتا: بەڵام کەیف و شادی وان وەک خۆت دەزانی لە ئاستی کرداری شێتانەی ئێمەدا هیچ نییە.

دایک: تۆ واز لەم قسانە بێنە.

مارتا: (بەئەسپایی) بۆچی؟ وەک بڵێیی ئەم وشانە گڕ بوون و لە پڕ لە دەمت بەربوون؟

دایک: چ قەیدییە. مادام من ژێوان نەبوومەتەوە. خۆ چ زیانێ بەتۆ ناگات؟ من حەز دەکەم ناوبەناو بەڕووگەشی و دەمی بەپێکەنینەوە بتبینم.

مارتا: کاتی پێکەنینی منیش دێ.

دایک: بەڵام هەرگیز نەم دیبوویت پێبکەنی.

مارتا: چونکە کاتێ پێدەکەنم کە تەنیام، ساتێ پێدەکەنم کە بەتەنیام.

دایک: (لێی ورد دەبێتەوە) چ ڕوخسارێکی سامناکت هەیە مارتا.

مارتا: (لێی نزیک دەبێتەوە) یانی تۆ وا نیت؟ لە ڕوخسارم بێزار بووی؟

دایک: (تێی دەڕوانێ. دوای تۆزێ) وەڵلا بڵێم چی. بەڵێ. پێم وایە لێی بێزار بووم.

مارتا: (تووڕەیە) ئاە. دایکە! وەختێ کە پارەیەکی چاکمان پاشەکەوت کرد و توانیمان ئەم شوێنە چەپەکە بەجێ بهێڵین. لە کۆڵ ئەم شڕە ئوتێلە ببینەوە. ئەم شارە خەمبارە هەمیشە بێ بارانە، ئەم شارە هەمیشە سێبەرە لە هزروبیری خۆمان بسڕینەوە. ئەو ڕۆژە بێت خۆمان لە بەرانبەر دەریادا ببینینەوە، ئەو دەریایەی لە مێژە خەونی پێوە دەبینم... ئا لەو ڕۆژەدا من بەپێکەنینەوە دەبینی. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بەکەماڵی ئیسراحەت لە قەراغی دەریادا بژین، پارەی زۆرمان دەوێ... هەر بۆیە نابێ لە وشە بترسین. دەبێ ئەوپەڕی هەوڵی لەگەڵدا بدەین. ئەو بەپێی خۆی هاتووە بۆ ئوتێلەکەمان... خۆ ئەگەر دەوڵەمەندێکی کۆک بێ ئەوا ئازادیی من دێتە دی... لە ڕێگەی ئەوەوە دێتەدی. ئەو سەرەتای وەدیهاتنی ئەو خەون و ئارەزووەم دەبێ. دایکە قسانت دەگەڵ کرد؟ زۆر لەگەڵیدا وەستایت؟

دایک: نەخێر. تەنیا یەک دوو قسەی سەر پێیی و بەس.

مارتا: باشە، کە داوای ژووری کرد باش دیقەتت دا؟

دایک: نازانم. چاوم کزە، لە ڕاستیدا هەر سەیریشم نەکرد. بەتەجروبە بۆم دەرکەوتووە کە چاکتر وایە مرۆڤ سەیریان نەکات. چونکە کوشتنی کەسێک نەیناسیت ئاسانترە لە کوشتنی کەسێک بیناسی (بێدەنگییەکی کەم) ئێستا دڵت ڕەحەت بوو؟ چیدی ناڵێی من هێشتا لە وشە دەترسم.

مارتا: بەڵێ ئەمەم پێ خۆشە. من حەز لە چاووڕاو ناکەم. تاوان تاوانە... دەبێ ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا. بزانین چیمان دەوێ. پێم وایە کە لەگەڵ ئەو ڕێبوارەدا قسانت دەکرد، بیرت لەلای تاوانەکە بوو.

دایک: نەخێر، ڕاست نییە گەر بڵێم بیرم لای تاوانەکە بوو. لەوانەیە تەنیا بەزەبری خوو پێوەگرتنەوە بیرم لێ کردبێتەوە. خوو هێزێکی گەورەو باڵا دەستە.

مارتا: خوو؟ تۆ ئێستا خۆت وتت هەلی گونجاو و لەبار کەم ڕێک دەکەوێ؟

دایک: بێگومان. بەڵام خوو و عادەت لە تاوانی دووەمەوە، دەست پێ دەکات. لە تاوانی یەکەمدا وەک ئەوەیە هیچت نەکردبێ، بەڵام شتێک لە ناوەوەتدا هەرەس دێنێ و تەواو دەبێ، ئەگەر بۆ جاری دووەم تاوانت کرد، دەبێ بەخوو و عادەت. تاوانی یەکەم هەموو ڕۆژێ دووبارە نابێتەوە. کەم ڕێک دەکەوێ. ماوەیەکی زۆر دەکەوێتە نێوان دوو تاوانەوە. جا لەو ماوەیەدا تەنیا یادکردنەوەمان بۆ دەمێنێتەوە. یادکردنەوەش خوو دروست دەکات و دەیچەسپێنێ. هەر بەحوکمی عادەت بوو، بەچاکی سەیری ئەو کابرایەم نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم کرد لەگەڵ ئینسانێکدا دەدوێم کە بەمەرگ مەحکوومە، لەگەڵ نێچیرێکدا دەدوێم.

مارتا: هەر چۆنێ بێ، دەبێ بیکوژین دایکە.

دایک: (زۆر بەئاسپایی) ئاە. بێگومان دەبێ بیکوژین.

مارتا: بۆچی بەم شێوە سەیرە ئەوەت وت؟



دایک: ئەوی ڕاستی بێ زۆر ماندووم. لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریی کوشتنی ئەم پیاوە دەکەم. بەڵام با دوا نێچیرمان بێ. کوشتن کارێکی سەختە. گەلێ دژوارە. هەر چەند هێندە دەربەست نیم کە لە قەراغی دەریادا بمرم، لێرە، یان لەوێ... بەڵام ئاواتەخوازم هەر کە لە کوشتنی بووینەوە، بۆ یەکجاری بڕۆین.

مارتا: وا دەکەین. جا ئەو کاتە چەند شادمان دەبین. بەڵێ شاد دەبین! جا بۆ خۆت پێبکەنە. خەمی دڵت بەبادا بدە. زۆر نەماوە. ئێمە نایکوژین. چایەکەی دەخواتەوە و دەنوێ، کە ئێمە دەیبەین بۆ ڕووبارەکە، ئەو هێشتا زیندوو زیندووە. دوای ئەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان دوای ماوەیەکی زۆر لە یەکێک لە بەربەستەکاندا دەدۆزرێتەوە. لەگەڵ کەسانێ کە وەک ئەو بیریان کردۆتەوە. ژیانیان بەلاوە پووچ بووە و نەیان ویستووە درێژەی پێ بدەن و خۆیان داوەتە دەم ئاوەکەوە و خنکاون ساڵی پارت بیرە کە سەیرمان دەکرد. بەربەستەکانیان پاک دەکردەوە پێم وتیت ئەوانەی ئێمە دەیانکوژین بەختەوەرترن لەوانەی بەردەوام دەبن لە ژیان. ئەوانەی بەردەوام تاڵاو و ئازار دەچێژن... ئازاری ئەوانەی ئێمە دەیانکوژین کەمترە لە هی ئەوانەی درێژە بەژیان دەدەن: ژیان سەختترە لەگەڵ بەشەردا وەک لە ئێمە لەگەڵ ئەوانەی دەیانکوژین؟ کەواتە نائومێد مەبە. بەم زووانە ئاسوودە دەبیت و لێرە دەڕۆین و منیش بەوەی کە هەرگیز نەم دیتووە دەگەم.

دایک: بەڵێ مارتا نائومێد نابم قسەکانت دەربارەی ئەوانەی دەیانکوژین ڕاستە. کە هەست دەکەم ئازار ناچێژن خۆشحاڵ دەبم. زەحمەتە ئەم کارە بەتاوان بزانرێ. نا هەرگیز تاوان نییە تەنیا تەدەخولێکە و بەس. پەنجەیەکە و دەخرێتە کار و یارمەتیی ئەو کەسانەی پێ دەدەین کە نایانناسین.

لە ڕاستیدا ژیان زۆر لە ئێمە دڵڕەقترە بەرانبەر بەئینسان. ژیان زۆر لە ئێمە زیاتر ئازاری ئینسان دەدات. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ... کە ئەم کارە دەکەم هەست بەتاوان ناکەم. تەنیا هەست بەماندوویێتی دەکەم. من زۆر ماندووم.

«خزمەتکارە پیرەکە دێتە ژوورەوە. دەچێ لە پشت مێزەکەوە دادەنیشێت. لەجێی خۆی ناجووڵێت و چ قسەیەک ناکات تا (جان) دێتە ژوورەوە».

مارتا: کام ژووری بدەینێ؟

دایک: هەر ژوورێ بێ. بەمەرجێ لە قاتی سەرەوە بێ.

مارتا: بەڵێ، جارەکەی پێشوو زۆر ماندوو بووین تا لاشەکەمان لە سەرەوە هێنایە خوارەوە. (بۆ یەکەم جار دادەنیشێت) دایە ڕاستە گوایە لمی قەراغ دەریا ئەوەندە گەرمە پێی بنیادەم دەسووتێنێ؟.

دایک: تۆ خۆت دەزانی من نەچوومەتە هیچ قەراغێ، بەڵام بۆیان گێڕاومەتەوە کە هەتاوی ئەوێ هەموو شتێک جۆش دەدات.

مارتا: لە کتێبێکدا خوێندوومەتەوە کە هەتاوی ئەوێ هەموو شتێ هەڵدەلووشێ. تەنانەت ڕۆحی خەڵکیش لەشولاری زێڕینیان دەداتێ، بەڵام پووچەڵ و بێ ناوەڕۆک. چ ژیانێکی تێدا نییە.

دایک: باشە هەر لەبەر ئەوە خەونی پێوە دەبینی؟ لەبەر ئەمە ئاواتەخوازی بۆ ئەوێ بچیت؟

مارتا: بەڵێ من ئیدی بەسمە و نامەوێ لەوەی پتر ڕۆحم بەکۆڵمەوە بێ... بارێکی قورسە... لێی بێزارم، بێزوو بەوەوە دەکەم کە لەو وڵاتەدا بژیم و ڕۆحی خۆم بکوژم. هەموو پرسیارەکان بەر لەوەی بگەنە سەر زارم، بکوژم، من لێرەدا غەریبم.

دایک: بەڵام بەداخەوە هێشتا زۆرمان لە پێشە! ئەگەر شتەکان بەباشی چوونە سەر ئەوا لەگەڵتدا دێم، بەڵام من وەک تۆ نیم. ناتوانم داوای ئەوە بکەم کە بچم بۆ شوێنێ، هەست بکەم بەشێکم لەو شوێنە و خەڵکی ئەوێم. دوای ئەوەش ئینسان پاش تەمەنێک ئیدی دەزانێ هەموو شوێنێک هەر لە یەک دەچێ و چ ئارامی و ئاسوودەییەک بۆ ئینسان لەم عالەمەدا نییە. لەم خانووەدا ژیاین چەندین و چەندین بیرەوەری و یادگارمان تێدا کۆکردەوە. با وەک ئەمەکدارییەک ئەوە بڵێم هەندێ جار هەست بەئاسوودەیی دەکەم تێیدا و خەوم لێ دەکەوێ.

ئەگەر خەو هەبێ، بەهەرحاڵ خانوویەکی پیرۆزە. (هەڵدەستێ و بەرەو دەرگا دەچێ) مارتا هەر ئێستا هەموو شتێ ئامادە بکە، (بێدەنگی) ئەگەر مەسەلەکە ئەوە دێنێ. (مارتا چاودێریی دەکات کە دەردەچێ. ئەویش لە دەرگایەکی دییەوە دەردەچێ).

## دیمەنی دووەم

خزمەتکارە پیرەکە دەچێتە بەر پەنجەرەکە. جان و ماریا دەبینێ، خۆی مات دەدا، بۆ چەند چرکەیەک بەتەنێ دەمێنێتەوە، جان دێتە ژوورەوە. هەڵوەستەیەک دەکات سەیری دەوروبەری خۆی دەکات. لە قاوشەکەدا و لە پشت پەنجەرەکەوە کابرای پیرەمێرد دەبینێ.

جان: ئەوە کەس لێرە نییە؟ (کابرای پیرە خێسەیەکی لێ دەکات. بەسەر شانۆکەدا تێدەپەڕێ و دەردەچێ).

## دیمەنی سێیەم

(ماریا دێتە ژوورەوە. جان بەخێرایی ئاوڕی لێ دەداتەوە)

جان: بەدوای مندا هاتیت؟

ماریا: ببوورە، نەمتوانی. ڕەنگە ئێستا بڕۆم. بەڵام تکایە ماوەم بدە با سەیرێکی جێگاکەت بکەم...

جان: ئاخر ڕەنگە یەکێک بێ بەسەردا و ئەوجا بوونی تۆ لێرەدا هەموو نەخشەکەم هەڵوەشێنێتەوە.

ماریا: تکایە جان. لێم گەڕێ تا یەکێک دێ و من بەوت دەناسێنم. دەزانم تۆ حەز ناکەیت... (جان بەزویری ڕوو وەردەگێڕێ. بێدەنگییەکی کەم. ماریا چاو بەژوورەکەدا دەگێڕێ) کەواتە ئەمە ژوورەکەیە؟

جان: بەڵێ ئەمە ماڵەکەیە. ئەمە ئەو دەرگایەیە کە بیست ساڵ لەمەوبەر لێی هاتمەدەرێ. خوشکەکەم ئەوساکە هێشتا بچووک بوو. لەو سووچەدا یاریی دەکرد. کە ڕۆیشتم، دایکم ماچی نەکردم.



منیش ئەوساکە گوێم پێ نەدا.

ماریا: جان من باوەڕناکەم نەتناسنەوە، هیچ دایکێ نییە جگەرگۆشەی خۆی نەناسێتەوە، مەگەر چۆنەها.

جان: ڕەنگە، بەڵام بیست ساڵ یەکجار زۆرە بنیادەم زۆر دەگۆڕێ. لەوەتەی من ڕۆیشتووم ژیان هەر درێژەی هەیە. دایکم پیر بووە و چاوی کز بووە. بەزەحمەت ناسیمەوە.

ماریا: (بەبێ سەبری) دەزانم. بەڵام تۆ لە دەرگاوە هاتوویتەتە ژوورێ سڵاوت کردووە و دانیشتوویت. ئەم ژوورە لەوە ناچێ کە تۆ باست دەکرد.

جان: بەڵێ... بەهەڵەدا چووبووم. بەبێ خولک و خوو پێشوازییان کردم، بوتڵێ بیرەم داوا کرد و بۆیان هێنام. سەیریان کردم، بەڵام نەیان دیتم و نەیان ناسیمەوە. خەیاڵم نەدەکرد شتەکان بەم ڕادەیە ئاڵۆز بن.

ماریا: بەڵام ئەگەر خۆت پێ بناساندبان و ڕاستییەکەت پێ وتبان هیچ شتێ ئاڵۆز نەدەبوو، هەموو شتێ ئاوەڕۆی خۆی وەردەگرت.

جان: ڕاستە، بەڵام من چاوەڕێی گەلێ شت بووم. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد زۆر بەگەرمی پێشوازیم لێ بکەن و بەدیداری کوڕەکەیان شاد بنەوە... ڕاستە بیرەیان دامێ، بەڵام بەپارە. هەر ئەوەش زمانی لە گۆ خستم ئیدی بڕیارم دا واز بێنم کە شتەکان ڕەوتی ئاسایی خۆیان وەربگرن، وەک چۆن ئێستا وەری گرتووە.

ماریا: پێویستی بەوە نەدەکرد، من بیرە غەریبەکانت دەناسم، ئەمە هەندێکیانە- تۆ دەبوو یەک وشەت بدرکاندایە- ئیدی هەموو شتێ بەگوێرەی دڵی خۆت دەبوو.

جان: نا، ماریا. ئەمە بیرکردنەوە و نەخشەی من نەبوو... بەڵکو پێویست بوو وابێ. زرووفەکە وای سەپاند. جگە لەمەش پەلەم نییە. من هاتووم هەندێ پارە و گەر بتوانم خۆشی و شادییان پێ ببەخشم. کە زانیم بابم مردووە هەستم کرد بەرپرسیارم بەرانبەر بەم دوو ئافرەتە. بۆیە دەبێ ئەوەی پێویستە و لەسەرمە بیکەم. بەڵام مەسەلەکەش هێندە سانا نییە وەک هەندێ کەس لێی تێ دەگەن. شتێکی ئاسان نییە بنیادەم بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە، بۆ ماڵی خۆی حاڵی دەبی، ماوەیەکی دەوێ تا بنیادەم لە بێگانەیەکەوە دەبێ بەکوڕ و دەناسرێتەوە.

ماریا: بەڵام بۆچی یەک کەڕەت خۆتیان پێ ناناسێنی؟ هەندێ شت پێویستی بەوەیە زوو پەردەی لەسەر لادەیت، گەر دەتەوێ بتناسنەوە لەوەی هاسانتر نییە کە نێوی خۆتیان پێ بڵێی. ئەگینا بەم خۆ دزینەوەیە هیچ بەهیچ ناکەیت و شتەکان ئاڵۆز دەکەیت. تۆ کە وەک بێگانەیەک خۆت نواندووە، چۆن ڕەفتاری بێگانەت لەگەڵدا نەکەن؟ نەخێر. گیانەکەم کارێکی چاکت نەکردووە. ئەم ڕەفتارەت هەڵەیە.

جان: ماریا تکات لێ دەکەم! مەسەلەکە بەم ڕادەیەش ترسناک نییە. جگە لەوەش ئەم خۆگۆڕینە لەگەڵ ڕەوتی نەخشەکەمدا دەگونجێ. لەم ماوەیەدا بەتەواوی ئاشنای حاڵ و گوزەرانیان دەبم. ئەوجا چاکترین ڕێگا بۆ شادکردنیان هەڵدەبژێرم. دوای ئەمەش بیر لە ڕێگایەک دەکەمەوە کە بتوانن

بەهۆیەوە بمناسنەوە. وەک دەبینی مەسەلەکە ئاسانە و پێویستی بەهەڵبژاردنی وشەی گونجاوە و بەس.

ماریا: نەخێر. تەنیا یەک ڕێگا هەیە بۆ هەموو ئینسانێکی ژیر و ئاقڵ ئەویش ئەوەیە زۆر بەئاسایی بڵێی دایکە من کوڕەکەتم و مەسەلەی قسەکردن بدەیتە دەست ئەو ساتەی خۆناساندنەوە... ئەوسا دڵ دەکرێتەوە و وشە، خۆی لە دایک دەبێ و دێتە دەربڕین.

جان: بەڵام دڵیش ئەوەندە سادە نییە.

ماریا: وێڕای ئەوەش زمانی دڵ زمانێکی ئاسانە. گەلێ زەحمەت نییە بڵێی «من کوڕەکەتانم. ئەمەش ژنەکەمە لە وڵاتێکدا ژیاین کە خۆشمان ویست. چونکە هەتاوی لێ نابینرێ، چوار دەوری دەریا و ئاوە، بەڵام لەوێ یەک شتمان کەم بوو تا شادیمان تەواو دروست بێ، ئەویش تۆ و دووری لە تۆ بوو، من بێ تۆ ناتوانم بژیم دایکە گیان.»

جان: غەدرم لێ مەکە ماریا. ئەوەندەش پێویستم بەوان نییە، بەڵام من دەمزانی ئەوان پێویستیان بەمنە، مرۆ نابێ بەتەنیا و هەر بۆ خۆی بژی، (بێدەنگییەکی کەم. ماریا ڕووی لێ وەردەگێڕێ)

ماریا: لەوانەیە قسەکەی تۆ ڕاست بێ. بمبەخشە، بەڵام لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە زۆر بەگومان و هەراسانم... لەوەتەی گەیشتووینەتە ئێرە ڕوویەکی گەش و خۆشم نەدیوە... ئەم ئەوروپایەی کە شانازیی پێوە دەکەیت زۆر خەمبار و کلۆڵە. خۆ لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە نەمدیوی تاقە جارێ پێبکەنی، هەمیشە مێشکم هیلاک و دڵم نیگەرانە. ئاه جان گیان ئاخر بۆچی لە وڵاتی خۆمت هەڵفریواند؟ با بڕۆینەوە جان، لێرەدا شادی بەخۆمانەوە نابینین.

جان: شادی هەموو شتێ نییە! هەروەها مرۆڤ ئەرکیشی بەسەر شانەوەیە و ئەرکی منیش گەڕانەوەیە بۆ باوەشی دایکم و وڵاتەکەم. (ماریا حەرەکەیەک دەکات و دەیەوێ وەڵامی بداتەوە... جان قسەکەی پێ دەبڕێ... ترپەی پێ دێت) یەکێک هات، تکات لێ دەکەم برۆ ماریا.

ماریا: نەخێر ناتوانم، بەلای کەمەوە ئێستا ناتوانم.

جان: (لەکاتێکدا ترپەی پێیەکان نزیکتر دەبێتەوە) بچۆ ئەوێوە (بەهێمنی دەیکاتە پشت دەرگای دواوە)

## دیمەنی چوارەم

(دەرگای دواوە دەکرێتەوە. خزمەتکارە پیرەکە بێ ئەوەی ماریا ببینێ دێتە ژوورێ. بەسەر شانۆکەدا تێدەپەڕێ و لە دەرگای چوونە دەرەوەوە دەچێتە دەرێ).

جان: دەی ئێستاکێ زوو برۆ... بەرێکەوت کابرا نەیبینیت. بەخت یارمە.

ماریا: تکات لێ دەکەم بامێنمەوە. بەڵێنت دەدەمێ کە چ قسان نەکەم. تەنیا لەگەڵتدا دەمێنمەوە تا یەکدی دەناسنەوە.

جان: نەء. فریوم دەدەیت. ئاشکرام دەکەیت. (دەگەڕێتەوە و دەڕوات. دوایی دێتەوە بۆ لای جان و سەیری دەکات)



ماریا: جان ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچێ کە ئێمە ژن و مێردین.

جان: بەڵێ... زۆر زوو بوو بەپێنج ساڵ.

ماریا: (چاوی داخستووە) ئەمە یەکەم شەوە لەیەکدی جیا دەبینەوە. (جان هیچ ناڵێ. ماریا چاو هەڵدەبڕێ و بەتاسەوە لێی ورد دەبێتەوە) من هەموو شتێکی تۆم خۆش ویستووە، بگرە تەنانەت ئەو شتانەی لێشی تێ نەگەییوم. دەزانم هەرگیز بەئاواتەوە نەبووم وەک ئەمەی کە هەیت، جیاوازتر بی. ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو ژنانە بووم کە مێردەکانیان سەغڵەت دەکەن؟ بەڵام ئێستا خەریکە لە ترساندا دەمرم، زۆر لەو جێگا چۆڵەی کە دەمنێری بۆی، دەترسم. دەترسم بەجێم بێڵی.

جان: بەڵام دڵنیایی و متمانەت لە خۆشەویستیی من. لە گشت ئەم ترسە گەورەترە؟

ماریا: من گومانم لە خۆشەویستیت نییە، بەڵام خۆشەویستیت بەس نییە. بەڵام خەونەکانت... یان ئەرکەکانت کە هەردووکیان یەک شتن زۆرجار لە منت دوور دەخەنەوە، لەم کاتانەدا لەوە دەچێ بتەوێ خۆت لە من ڕزگار بکەیت. بەڵام من نامەوێ لە تۆ ڕزگار ببم. ئەم شەوەش... (بەگریانەوە خۆی پێوە دەنووسێنێ) ئەم شەوە بەبێ تۆ هەڵناکەم. ئاه قەت ئەم شەوەم لێ بەسەر ناچێ.

جان: (بەتوندی بەخۆیەوەی دەگوشێ) ماریا ئەم ڕەفتارەت منداڵانەیە.

ماریا: بەڵێ منداڵانەیە، ئێمە لەوێ چەند خۆشحاڵ بووین! ئاخر من چ گوناحێکم نییە، ئەگەر شەوانی ئەم شارە بمترسێنێ. نامەوێ بەتەنیا جێم بێڵی.

جان: ئاخر تۆ تێبگە و بزانە کە من قەولم داوە و دەبێ قەولەکەم ببەمەسەر.

ماریا: قەولی چی؟

جان: ئەو قەولەی لەگەڵ خۆمدا کردم، ئەو قەولەی کە زانیم دایکم پێویستی بەمنە.

ماریا: تۆ قەولێکی دیت داوە کە دەبێ ئەویش بگەیەنیتە سەر.

جان: کام قەول؟

ماریا: ئەو قەولەی بەمنت دا، ڕۆژەکە کە بەڵێنت دا لەگەڵمدا بژیت.

جان: نیازم وایە هەر دوو قەولەکە بگەیەنمە سەر. من داوای یەک شتی بچووکم لە تۆ کردووە، دڵم لێ پیس مەکە، وا مەزانە ئەوەی کە من نیازمە بیکەم هەوەس بێ، من هەمووی داوای ئەم ئێوارەیە و شەوێ تا بەیانیم لێ کردوویت. دەتوانم لەم ماوەیەدا خۆم بناسم و هەوڵ بدەم خۆشەویستەکانم چاکتر بناسم و بتوانم شادیان بکەم.

ماریا: (سەر دەلەقێنێ) جیابوونەوە شتێکە تەنیا ئەوانە هەستی پێ دەکەن کە بەڕاستی یەکیان خۆش دەوێ.

جان: بێ بەزەیی، تۆ خۆت چاک دەزانی من بەڕاستی خۆشم دەوێی.

ماریا: نا، پیاوان هەرگیز خۆشەویستیی ڕاستەقینە نازانن. هیچ شتێ ڕازییان ناکات. ئەوەی کە چاکی

دەزانن خەون بینینە، دۆزینەوەی ئەرکی نوێیە. گەڕانە بەدوای وڵاتی نوێدا و خانووی تازە دروست بکەن.

کەچی ئێمەی ژنان دەزانین تەمەن کورتە، بۆیە پەلەمان بۆ خۆشەویستییە. تا خۆشەویستانمان لە ئامێز بگرین و دەستیان لە ئەستۆ بکەین. بێ ئەوان هەڵناکەین و پەنا وەبەر گریان دەبەین، کەسێ کە خۆشەویستی بکات، خەون بەشتێکی دییەوە نابینێ.

جان: تۆ دەتەوێ چی بڵێی گیانەکەم! مەسەلەکە تەنیا یارمەتیدانی دایکم و شادکردنیەتی و بەس. بەڵام پێویستە بەو شێوەیە سەیری خەون و ئەرکەکانم بکەیت کە هەن، چونکە من بەبێ خەون و ئەرک هیچ نیم، خۆ ئەگەر ئەوانەم نەبێ تۆش خۆشت ناوێم.

ماریا: (لەپڕ بەتووڕەیی، پشتی تێ دەکات) دەزانم هەمیشە بیانووەکانت بەهێزن و دەتوانی قەناعەتم پێ بکەیت، بەڵام من ئیدی گوێت لێ ناگرم. نامەوێ گوێم لەم دەنگە بێ کە چاکی دەناسمەوە، ئەمە دەنگی تەنیاییە نەک دەنگ و سەدای خۆشەویستی.

جان: (لە پشتییەوە دەوێستێ) با واز لەم قسانە بێنین ماریا. ئومێدەوارم لێرە بڕۆیت تا بتوانم شتەکان چاکتر لە مێشکی خۆمدا گەڵاڵە بکەم. ئەم مەسەلەیە ئەوەندەش سامناک نییە، داوای شتێکی نابەجێ ناکەم، وا بزانم ئەگەر لە ژوورێکدا بنووم کە دایکمی تێدا دەنوێ مەسەلەیەکی گرینگ نییە. من ئەوەی پێویستە بیکەم دەیکەم. ئەوی تری لەسەر خوا. خوا دەیزانێ من لە تەواوی ئەم کارانەدا تۆ فەرامۆش ناکەم. ئەوەندە هەیە بنیادەم ناتوانێ لە فەرامۆشیدا یان لە دووریی وڵات خۆشبەخت بێ. بنیادەم ناتوانێ هەمیشە هەر نامۆ بێ. بۆیە دەمەوێ وڵاتەکەم وەدەست بێنمەوە. شادی بەو کەسانە ببەخشم کە خۆشم دەوێن. وەک دەزانی ئەمە شتێکی زۆر نییە.

ماریا: تۆ دەتوانی هەموو ئەم کارانە بەشێوەیەکی سادە ئەنجام بدەیت، بەڵام شێوەکەت ئاڵۆزە و ڕووناکییەکی لەدواوە نابینم.

جان: چاکترین شێوەیە. چونکە تاقە ڕێگایە بۆ ئەوەی بزانم هەقی خۆمە کە ئەم خەونانە ببینم یان نا.

ماریا: ئومێدەوارم هەقت بێ، بەڵام من چ خەون و خەیاڵێکم نییە جگە لەوەی لەو وڵاتەدا بم کە تێیدا خۆشبەخت بووین. چ ئەرکێکیشم نییە جگە لە تۆ.

جان: (لە ئامێزی دەگرێ) کەواتە لێم گەڕێ با کاری خۆم بکەم و هەر کە ئەو وشانەم دۆزییەوە کە شادی بخاتە دڵی هەموو لایەکەوە بەزووترین کات بۆ لات دەگەڕێمەوە.

ماریا: (بەساردییەوە) ئاه! کەواتە لەسەر خەون و خەیاڵەکانت بڕۆ، مادام من خۆشم دەوێی هیچ شتێ گرینگ نییە! من وەختێ کە تۆم لەلا بی هەست بەنائومێدی ناکەم. سەبر دەکەم تا لە گرێکانت ڕزگار دەبی و ئەوسا نۆرەی من دێت. ئەوەی ئەوڕۆکە من نیگەران دەکا ئەوەیە کە دڵنیام لە خۆشەویستیت و دڵنیام بۆ لام دەگەڕێیتەوە. بۆیە خۆشەویستی پیاوان خۆشەویستییەکی سەختە و دڵ دەتەزێنێ. پیاوان بەوە ناسراون کە ئامادەن لە پێناوی قسەیەکی خۆیاندا بەنرخترین شت لە دەست بدەن و وازی لێ بهێنن.



جان: (دەموچاوی دەنێو هەردوو لەپی دەنێ و بۆی پێدەکەنێ) ئەوەی دەیڵێی ڕاستە ماریا گیان، بەڵام تکایە لێم تێ بگە... وەک تۆ خەیاڵ دەکەی ئەوەندە لە خەتەردا نیم، من ئەوەی دەمەوێ دەیکەم و دڵنیام، دوای ئەمەش تۆ ئەوشۆ دەمنێریتە لای خوشک و دایکەکەم و شتەکەش هێندە جێی گومان نییە.

ماریا: (لێی جیا دەبێتەوە) چاکە بەدوعا هیوادارم خۆشەویستیم بتپارێزێ.

(بەرەو دەرگا دەچێ، دەوەستێ دەستی پاڕانەوە بەرز دەکاتەوە) بەڵام بڕوانە من چەند کلۆڵم، تۆ دەکەویتە شوێن ملهوڕیی خۆت و من حەواڵەی دوورگەی چاوەڕوانی دەکەیت.

(کەمێ گومان دەکات ئەوجا دەڕوات)

## دیمەنی پێنجەم

(جان دادەنیشێت، خزمەتکارە پیرەکە دێتە ژوورەوە و دەرگا بەوازی دەهێڵێتەوە تا مارتا بێتە ژووری ئەوجا خۆی دەڕوات)

جان: ڕۆژ باش. ژوورێکم دەوێ.

مارتا: دەزانم. وا بۆتی ئامادە دەکەن، دەبێ بەر لەوە نێوت لە دەفتەری ئوتێلەکە قەید بکەم (دەچێ دەفتەرەکە دێنێ و دەگەڕێتەوە)

جان: خزمەتکارێکی سەیرتان هەیە.

مارتا: تۆ یەکەم کەسیت کە گلەیی لێ دەکەیت، زۆر بەچاکی کارەکانی ئەنجام دەدات.

جان: ئا، ئەمە گلەیی نەبوو. بەڵکو سەرنجێک بوو و بەس. لە مرۆڤی ئاسایی ناچێت. لاڵە؟

مارتا: تەواو نە...

جان: یانی قسان دەکات؟

مارتا: زۆر کەم، تەنیا لە کاتی زۆر پێویستدا.

جان: بەهەرحاڵ لەوە ناچێ ئەوەی پێی دەوترێ بیژنەوێ.

مارتا: توزێ گوێی گرانە ئێستاش ناو و نازناوەکەتم پێ بڵێ.

جان: هاسک، کارل.

مارتا: کارل و بەس؟

جان: بەڵێ.

مارتا: بەروار و شوێنی لە دایکبوونت؟

جان: ٣٨ ساڵ.

مارتا: ئەی لە کوێ لە دایک بوویت؟

جان: لە بوهم.

مارتا: پیشەت؟

جان: نیمە.

مارتا: دیارە زۆر دەوڵەمەندیت یان زۆر هەژاریت، بۆیە دەتوانی بەبێ کار بژیت.

جان: (پێدەکەنێ) زۆر هەژار نیم و لەبەر گەلێ هۆ وا خۆشحاڵم.

مارتا: (بەلەهجەیەکی جیاتر) پێم وایە چیکیت؟

جان: زۆر تەواوە.

مارتا: شوێنی دانیشتنی هەمیشەییت؟

جان: بوهم.

مارتا: لەوێوە هاتوویت؟

جان: نەء لە باشوورەوە دێم... (مارتا وەک بلێیی تێ ناگات) لە دەریاوە.

مارتا: دەزانم. (دوای تۆزێ) زۆر دەچی بۆ ئەوێ؟

جان: تا ڕادەیەک.

مارتا: (کەمێ بیردەکاتەوە ئەوجا لەسەری دەڕوات) مەبەستتان لەم سەفەرە چییە...؟

جان: نازانم، بەگەلێ شتەوە بەندە.

مارتا: دەتەوێ لێرە بمێنیتەوە.

جان: نازانم، ئەمەش بەهەندێ شتەوە بەندە کە لێرەدا دەیاندۆزمەوە.

مارتا: ئەمە گرنگ نییە، کەس چاوەڕوانت دەکات؟

جان: نەخێر.

مارتا: ناسنامەت هەیە؟

جان: بەڵێ دەتوانم نیشانتی بدەم.

مارتا: زەحمەت مەکێشە. هێندە بەسە کە بنووسم پاسەپۆرتە یان ناسنامە.

جان: (بەدوودڵی) پاسەپۆرتە هانێ، (مارتا دەیگرێ بەدەستەوە. بەڵام دیارە کە بیر لە شتێکی دی دەکاتەوە. خزمەتکارەکە لە دەرگاکەوە دەردەکەوێ)

مارتا: نا. بانگم نەکردوویت (خزمەتکارەکە دەچێتە دەرێ. مارتا پاسەپۆرتەکە دەداتەوە بەجان... مارتا بیری بڵاوە) باشە کە بگەڕێیتەوە لە نزیکی دەریادا دەژیت؟

جان: بەڵێ،

(مارتا هەڵدەستێ. دەفتەرەکەی ڕێک دەخاتەوە... دەیکاتەوە، دەست بەنووسین دەکات و لێ دەبێتەوە و دەفتەرەکە لە بەردەم خۆی دادەنێ)

مارتا: (لە پڕ و بەمۆنییەوە) ئاه، بیرم چوو؟ خێزانت هەیە؟

جان: هەمبوو، بەڵام ماوەیەکە جێم هێشتووە.



مارتا: مەبەستم ئەمە نەبوو... ویستم بپرسم. ئایا ژنت هێناوە؟

جان: بۆ ئەم پرسیارەم لێ دەکەیت؟ قەت ڕێک نەکەوتووە لە هیچ ئوتێلێ ئەم پرسیارەم لێ بکرێ.

مارتا: پۆلیس ئەمەیان لێ دەوێین.

جان: پرسیارێکی سەیرە، بەڵێ ژنم هێناوە. دەبوو ئەڵقەی پەنجەت دیبام.

مارتا: نەمبینی. بۆ ئەوە دانەنیشتووم سەیری پەنجەی تۆ بکەم. من دانیشتووم وەرەقەکەت پڕ بکەمەوە دەتوانی ئەدرەسی ژنەکەتم بدەیتێ؟

جان: لە وڵاتی خۆیەتی.

مارتا: تەواو (دەفتەرەکەی دادەخاتەوە) تا ژوورەکەت ئامادە دەبێ حەز دەکەی شتێک بخۆیتەوە؟

جان: نەخێر لێرەدا چاوەڕوان دەکەم هیوادارم سەغڵەتت نەکەم.

مارتا: بۆ سەغڵەتم دەکەیت، ئەم هۆڵە تایبەتە بەپێشوازیی میوانان.

جان: بەڵێ، بەڵام لەوانەیە تاقە میوانێ لە کۆمەڵە میوانێ ناخۆشتر بێ.

مارتا: (بەدەم ڕێکخستنی دەفتەرەکەیەوە) بۆچی؟ خۆ تۆ دانانیشیت حەکایەتت بۆ بگێڕمەوە؟ دەبێ ئەوە بزانیت من نامەوێ ببم بەگاڵتەچیی هیچ کەسێک، خەڵکی ئێرە دەمێکە ئێمە دەناسن و ئەمە دەزانن. تۆش بەم زووانە بۆت دەردەکەوێ کە ئوتێلێکی ئارام و بێدەنگت هەڵبژاردووە. خەڵکی زۆر کەم ڕوو لێرە دەکەن...

جان: کەوابێ کارەکەت چ قازانجێکی نییە.

مارتا: ئێمە لێرەدا دەرامەتی زۆرمان لەدەست داوە، بەڵام ئارامیمان دەست کەوتووە کە هەموو شتێ دێنێ. جگە لەمەش لەوانەیە میوانێکی ڕێکوپێک لە دەیانی بێ سوود چاکتر بێ. بۆیە ئێمە بەدوای میوانی چاک و سوودبەخشدا دەگەڕێین.

جان: بەڵام... (دوودڵە) ژیان بەم حاڵەی ئێوە ڕەنگە ناخۆش بێ؟ هەست بەتەنیایی و گۆشەگیری ناکەن؟

مارتا: (تووڕە بووە) وەڵامی ئەمەت نادەمەوە. چونکە وا دیارە شوولێ لێ هەڵدەکێشیت؟ ئەوەش بزانە کە تۆ هاتوویتەتە ئێرە تەنیا مافی میوانت هەیە و بەس. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەمتەرخەمی لە خزمەتکردنت دەکەین. تا بتوانین خزمەتت دەکەین. بەلامانەوەش سەیر دەبێ گەر لەم بارەیەوە گلەییەکت هەبێ. بۆیە لە مافی خۆت زیاتر وەرناگری، تۆ بۆت نییە خەمی تەنیایی ئێمە بخۆیت و پرسیاری زیاد بکەیت. جا تکایە لە سنووری مافی خۆت دەرمەچۆ.

جان: ببوورە مەبەستم ئەوە نەبوو تووڕەت بکەم. تەنیا ویستم بتدوێنم چونکە وام هەست کرد هێندەش بەیەکدی بێگانە نین وەک تۆ دەیبینی.

مارتا: وا دیارە ئەوەی وتم دەبێ دووبارەی بکەمەوە. مەسەلە ئەوە نییە تووڕەم بکەیت یان نا. مادام دەتەوێ جۆرێکی تایبەت بیت لەگەڵ مندا کە هەق نییە وا بی، دەبێ شتەکانت بۆ ڕوون بکەمەوە، باوەڕ مەکە من تووڕە نەبووم. لە بەرژەوەندیی هەردوولامانە، هی تۆ و هی منیش کە

دوور بین لە یەکدی. خۆ ئەگەر هەر سووریشی لەسەر ڕەفتاری خۆت کە ڕەفتاری میوان نییە. ئەوا زۆر ئاساییە جێت نەکەینەوە، بەڵام وەک بزانم ئەوە دەزانیت کە دوو ئافرەت ژوورێکی کرێ بەتۆ دەدەن ناچار نین لەمە زیاترت لەگەڵ بکەن و بتهێننە ناو ژیانی خۆیانەوە... ئەگەر ئەمە ڕەچاو بکەیت ئەوا هەموو شتێ ئاسایی دەبێ و ئاوەڕۆی خۆی وەردەگرێ.

جان: زۆر ڕاستە، دان بەوەدا دەنێم کە ڕەفتارەکەم لە جێی خۆیدا نەبوو.

مارتا: ئێستاش هیچ نەبووە. تۆ یەکەم کەس نیت ئەم پرسیارانەی کردبێ، بەڵام من هەمیشە هەڵوێستی خۆم ڕوون دەکردەوە و شتەکە دەبڕایەوە.

جان: هەر وایە، تۆ هەڵوێستی خۆت ڕوون کردەوە. پێم وایە من ئێستا دەبێ بێدەنگ ببم.

مارتا: هەرگیز، قسە بکە، بەڵام وەک میوانێ.

جان: میوان چۆن قسان دەکات؟

مارتا: زۆربەی میوانەکان دەربارەی هەموو شتێ قسانمان بۆ دەکەن. وەک سیاسەت، سەفەرکردن و شتی تریش، بەڵام باسی نە من نە دایکم ناکەن. کە لە ڕاستیدا دەبێ وا بێ. هەندێ جار هەندێکیان باسی ژیانی تایبەتی خۆیانمان بۆ دەکەن دیارە ئەمە شتێکە تایبەت بەخۆیانەوە. بێگومان گوێگرتن لە میوان خۆی لە خۆیدا ئەرکی ئێمەیە... چونکە پارەیان لێ وەردەگرین... بەڵام کە پارەیان لێ وەردەگرین مانای وا نییە وەڵامی هەموو پرسیارێکیان بدەینەوە. گەرچی دایکم هەندێ جار لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە وەڵامی هەندێ پرسیار دەداتەوە، بەڵام من هەرگیز ئەمە ناکەم. ئەگەر تۆ ئەم مەرجە ڕەچاو بکەیت ئەوا گشت شتێک ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێ و وا بزانە هیچ نەبووە و ئەوساکە گوێت لێ دەگرین. لەوەش خۆشتر نییە وەختێ بنیادەم باسی خۆی دەکات، یەکێ هەبێ گوێ لە قسەکانی بگرێ.

جان: دەترسم، عادەتی ئەوەم نەبێ باسی خۆم بکەم. جگە لەوەش چ پێویست ناکا باسی خۆم بکەم. بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم لێرە مامەوە ئەوا ڕەنگە هێندێ شتم دەربارە بزانیت. خۆ ئەگەر زۆر مامەوە ئەوا بێ ئەوەی باسی خۆم بکەم شتم دەربارە دەزانیت و دەمناسیت.

مارتا: هیوادارم لە قسەکانم تووڕە نەبووبی، بەهەرحاڵ هەقی تووڕەبوونت نییە. من هەمیشە قسەم لە ڕوو بووە و ئەمەش چاکترە. چاکتر وایە لەو سنوورەدا ڕات بگرم کە دەبێتە تێکچوونی نێوانمان. پێم وایە ڕەفتارەکەم چ خەوشێکی تێدا نییە چونکە بەر لە ئەمڕۆ نە تۆ منت ناسیوە و نە منیش تۆم ناسیوە و هیچ پێوەندییەک بەیەکمانەوە نابەستێت. بەئومێدی ئەوەش نیم -بەداخەوە کە ئەمە دەڵێم- بەئومێدی ئەوەش نیم پێوەندیمان لەوە پتەوتر بێ.

جان: چ قەیدییە. منیش دەتبەخشم. لە ڕاستیشدا دۆستایەتی و پێوەندی هەروا زوو بەزوو چێ نابێ، دەبێ بنیادەم بۆی تێ بکۆشێت. ئێستاش گەر بەڕای تۆ هەموو شتێکی نێوانمان ڕوون بووەتەوە، من بەوە خۆشحاڵم. (دایک دێتە ژوورەوە)



## دیمەنی شەشەم

دایک: ئێوارەت باش کاکە. ژوورەکەت ئامادەیە.

جان: زۆر سوپاست دەکەم خانم. (دایک دادەنیشێت)

دایک: (بە مارتا) پرسنامەکەت «استمارە» پڕ کردەوە؟

مارتا: بەڵێ پڕم کردەوە.

دایک: دەتوانم ببیبینم؟ بمانبەخشە کاکە چونکە پۆلیسی ئێرە بەزەبرن. ئاه! سەیرکە کچەکەم بیری چووە ئەم خانەیە پڕ بکاتەوە. بەئیش بۆ ئێرە هاتوویت؟ یان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی یان هەروا بەسیاحەت؟

جان: با بڵێین بەسیاحەت.

دایک: بێگومان بۆ سەردانی دێر هاتوویت. زۆر باسی دێرەکەی ئێمە دەکەن.

جان: بەڵێ لە ڕاستیدا زۆریان بۆ باس کردووم. بۆیە هاتووم جارێکی دیش ئەم وڵاتە ببینم. بیرەوەری و یاد، کاری زۆرم لەم وڵاتەدا هەیە.

دایک: لەوەوپێش لێرە ژیاویت؟

جان: نەخێر، بەڵام جارێک بەرێکەوت بەئێرەدا تێ پەڕیوم و لەوساوە هەر لە بیرم ماوە.

دایک: لەگەڵ ئەوەشدا شارەکەی ئێمە شارێکی چکۆلەی ئاساییە.

جان: ڕاستە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من خۆشم دەوێ و لەوساوە کە گەیبیومەتە ئێرە وا هەست دەکەم کە لە ماڵی خۆمدام.

دایک: نیازت وایە زۆر بمێنیتەوە؟

جان: نازانم. ڕەنگە ئەم وەڵامەت بەلاوە سەیر بێ، بەڵام لە ڕاستیدا نازانم... ئینسان بۆ ئەوەی لە جێیەک بمێنێتەوە دەبێ دۆست و برادەری لەو جێیە هەبێ، خەڵکانێ کە خۆشی بوێن، ئەگینا هەموو شوێنەکان وەک یەکن. جا لەبەر ئەوەی نازانم ئایا لێرەدا پێشوازیم لێ دەکرێ یان نا، ناتوانم پرۆژەکانی خۆم دیاری بکەم.

دایک: ئەم قسەیەت کەمێک ئاڵۆزە.

جان: دەزانم، بەڵام ناتوانم لەوە چاکتر باسی خۆم بکەم.

دایک: بەهەرحاڵ پێم وایە زوو لێرە تێر بوویت.

جان: نەخێر، من خاوەنی دڵێکی ئەمەکدارم زوو یادگار بۆ خۆم دروست دەکەم، ئەگەر مۆڵەتم بۆ بڕەخسێ.

مارتا: بەڵام دڵ لێرەدا جێی نییە.

جان: (بێ ئەوەی لەوە بچێ گوێی لێ بووبێ بەدایک دەڵێ) لەوە دەچێ گەلێ دەردەسەریت بەسەر هاتبێ و نائومێدی کردبێت؟ وادیارە دەمێکە لەم ئوتێلەدا کار دەکەیت؟

دایک: دەمێکە، ساڵەهای ساڵە... هێندە لە مێژە خۆشم نازانم لە کەیەوەیە... ئەمەش کچمە، بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە هەر لەگەڵمدا بووە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە دەزانم کچمە ئەگینا تا ئێستا ئەویشم لە بیر دەچوو.

مارتا: ڕاستە دایکە، بەڵام هەق نییە ئەمانەی بۆ باس بکەیت.

دایک: بۆچی؟

جان: (بەپەلە) لێی گەڕێ. زۆر بەچاکی لە هەستەکانت تێ دەگەم خانم، ئەمە هەستێکە لە ئاخروئۆخری تەمەنێکی پڕ لە دەرد و ڕەنجدا یەخانگیری ئینسان دەبێ... لەوانەیە ئەگەر تۆش وەک هەر ئافرەتێ پشتت بەیارمەتی دەرێ ئەستووربایە ڕەنگە گەر پیاوت هەباو یارمەتیی دابایت هەموو ئەمانە بگۆڕانایە؟

دایک: پیاوم هەبوو... بەڵام ئەو کاتانە ئیش ئەوەندە زۆر و زەحمەت بوو، بەهەردووکمان بەمن و بەمێردەکەم پێ ڕانەدەگەیشتین. تەنانەت ماوەی ئەوەمان نەبوو کە بیر لەیەک بکەینەوە... پێم وایە پێش ئەوەی کە بمرێ لە بیرم بردبووەوە.

جان: لەمەش حاڵی دەبم... بەڵام... (پاش تۆزێ دوودڵی)... لەوانەیە گەر کوڕێکت هەبایە و دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردبان. لە بیرت نەکردایە؟

مارتا: دایکە کارمان زۆرە.

دایک: کوڕ! ئاه من زۆر پیرم! پیرێژنان تەنانەت ئەوەشیان بیر نامێنێ کە کوڕەکانیان خۆش بوێ... دڵ لەگەڵ ڕۆژگاردا دەسوێ کاکە گیان.

جان: ڕاستە، بەڵام من دەزانم هەرگیز ئەو فەرامۆش ناکات.

مارتا: (لە نێوانیاندا دەوەستێ) گەر کوڕێکیش بێ بۆ ئێرە هەر بەو چاوەوە سەیر دەکرێ کە سەیری میوانێکی ڕەوتەنی پێ دەکرێ و هەر هەمان ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ. تەنیا خۆشەویستی دەبینێ و بەس ئەو خۆشەویستییەی کە لە سنووری میوانداربییەکی ئاسایی تێ ناپەڕێ. هەر کەسێ هاتبێتە ئێرە ڕێزی گیراوە. هەمووشیان ڕازی بوون و کرێی ژووری خۆیان داوە و کلیلەکەمان داونەتێ و باسی دڵی خۆیان نەکردووە (کەمێ بێدەنگی) ئەم ڕەفتارەش کارەکەی ئێمە ئاسان دەکات.

دایک: واز لەوە بێنە.

جان: (بەدەم بیرکردنەوەوە) باشە زۆر لێرە دەمانەوە؟.

مارتا: هەندێکیان زۆر زۆر. ئەوەی لەسەرمان بووە بۆمان کردوون... دەوڵەمەندەکانیان هەر دوای یەکەم شەو ڕۆیشتوون. هەرچەند ئێمە چ خراپەیەکمان لۆ نەبوون.

جان: من زۆر دەوڵەمەندم، گەر پێتان خۆش بێ لام وایە تا ماوەیەک دەمێنمەوە. ئا بیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم کە پێشەکی کرێی ژوورەکەتان دەدەمێ.



دایک: ئاه، ئێمە هەرگیز داوای ئەمەمان نەکردووە.

مارتا: ئەگەر دەوڵەمەندی دەتوانی وا بکەیت، بەڵام تکایە لەوەی پتر باسی دڵی خۆت مەکە، چونکە ئێمە ناتوانین لەو ڕووەوە هیچت بۆ بکەین قسەکانت هێندە ماندووی کردم دەمویست داوای لێبووردنت لێ بکەم تەشریف بەرن و بڕۆن. ئێستا کلیلەکەت وەربگرە و بچۆ لە ژوورەکەتدا پشوو بدە. وەلێ ئەمەش بزانە تۆ لە ماڵێکدایت دەرمانی دڵی تێدا نییە، ساڵانی دوورو درێژ بەسەر ئەم شوێنە بچووکەی ئەورووپای ناوەڕاستدا تێپەڕیوە، هەموو فێنکییەکی ئەم ماڵەی هەڵمژیوە. هەموو هەستێکی دۆستایەتیی کوشتووە.

ئەم ڕاستییەت بۆ دووپات دەکەمەوە. تۆ لێرەدا بەهیچ جۆرێ شتێ نابینی کە لە خۆشەویستییەوە نزیک بێ. هەر بەئەندازەی میوانێک ڕەفتارت لەگەڵدا دەکرێ. نە سۆز و نەهەستت پێ نابەخشین. کەواتە کلیلەت وەربگرە و ئەم قسەیەی منت بیر نەچێ. تۆ میوانێکی ڕەوتەنیت و لەلای ئێمە لات داوە. کە جێمان کردوویتەتەوە و پێشوازیمان لێ کردوویت لەبەر ئەوەیە کە پارە دەدەیت و بۆ بەرژەوەندیی خۆمان جێمان کردوویتەوە. (جان کلیلەکە وەردەگرێ. کە مارتا دەردەچێ جان سەیری دەکات).

دایک: گوێ بەقسەکانی مەدە، بەڵام هەندێ شت هەن مارتا تەحەمولیان ناکات. (دەیەوێ هەستێ. جان دەچێتە پێشەوە کە یارمەتیی بدات) قەیدی نییە کوڕم، هێندەش پیر نیم سەیری دەستەکانم بکە، هێشتا بەهێزن، دەتوانن قاچی زەلامێ بەرهەق بکەن. (بێدەنگییەکی کەم. جان دەڕوانێتە کلیلەکان) قسەکانم خستیانیتە بیر کردنەوەوە؟

جان: نەء ببەخشە، باش گوێم لێ نەگرتبوویت، بەڵام پێم بڵێ. بۆ ئێستاکێ بە(کوڕم) بانگت کردم؟

دایک: ئاه، خەیاڵم بڵاوە، ئەمەم لە ڕووی ڕابینینەوە نەوت، شتێ بوو بەزمانمدا هات.

جان: (دوای تۆزێ) دەتوانم بچم بۆ ژوورەکەم؟

دایک: فەرموو کاکە خزمەتکارەکە لە ڕاڕەوەکە چاوەنۆڕتە (جان سەیری دەکات و دەیەوێ قسان بکات) چ شتێکی ترت پێویستە؟

جان: (بەدوودڵی) نەخێر خانم... بەڵام سوپاس بۆ ئەو پێشوازییەت.

## دیمەنی حەوتەم

(دایک بەتەنیایە. دادەنیشێتەوە، دەستەکانی دەخاتە سەر مێزەکە و لێیان ڕادەمێنێ)

دایک: شتێکی سەیرم کرد. بۆ باسی دەستەکانم بۆ کرد؟ خۆ ئەگەر سەیری کردبان لەوانەیە ئەوەی لە قسەکانی مارتادا هەستی پێ نەکرد، بەدەستی مندا هەستی پێ بکردایە. بەڵام بۆچی ئەم کابرایە هێندە سوورە لەسەر مردن و من لە کوشتن دوور دەکەومەوە؟ چەندم حەز دەکرد بڕۆیشتبا و من توانیبام ئەم شەویش بەئاسوودەیی ڕابکشێم و بخەوم. پیر بووم! تاقەتی ئەوەم نەماوە جارێکی دی بەم دەستانە قاچی زەلامێ لە ئەژنۆوە بگرم و هەست بەگینگڵی لەشی بکەم، تا دەیگەیێنینە

ڕووبارەکە. ناتوانم تورِی بدەمە ئاوەکەوە، بازووەکانم هێزیان تێدا نەماوە. پیر بووم... بەڵام ئەمە هەر دەبێ ببێ! خۆی سوورە لەسەر مردن. نێچیرێکی نایابە و ئاسوودەی دەکەم. ئەم خەوەی پێ دەبەخشم کە تامەزرۆیم، بەم جۆرە... (لەپڕ مارتا دێتە ژوورەوە)...

## دیمەنی هەشتەم

مارتا: دیسان کەوتیتە خەون دیتن، لە کاتێکدا دەزانیت ئەم هەموو کارەمان هەیە.

دایک: بیرم لەم پیاوە دەکردەوە. یان بەشێوەیەکی دی بیرم لە خۆم دەکردەوە.

مارتا: باشتر وایە بیر لە سبەینێ بکەینەوە. جگە لەمەش سەیر کردنی ئەم کابرایە کە ئەم هەموو خەیالاتەت لە لا دروست بکات، بەچی دەچێت؟ تۆ خۆت وتت کوشتنی کەسێ کە نەیناسیت زۆر ئاسانترە لە کوشتنی کەسێ کە بیناسیت.

دایک: ئەمە قسەی باوکتە مارتا، منیش هێشتا بیرمە، بەڵام من دەمەوێ دڵنیا بم کە ئەمە دوا جارە ناچار بین ژیر بین... سەیرە! باوکت ئەم قسەیەی دەکرد بۆ ئەوەی ترسی پۆلیس لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام تۆ بۆ ئەوە بەکاری دێنی تاڕاچەنینی ویژدان لە ناخمدا بمرێنی... ئەو ڕاچەنینەی هەندێ جار لە ناخمدا بڵاچە دەدات.

مارتا: ئەوەی تۆ نێوی ڕاچەنینی ویژدانی لێ دەنێی، ئارەزوویەکی تری خەوتنە، وەنەوزەکانت بخە سبەینێ، دوای ئەوە چۆنت دەوێ وا بکە.

دایک: دەزانم هەق بەتۆیە، بەڵام بۆچی ڕێکەوت نێچیری ئەوتۆمان بۆ دەنێرێ کە هەرگیز لەگەڵماندا ناگونجێ؟

مارتا: چ ڕێکەوتێ لە گۆڕێدا نییە... بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕێبوارە زۆر گێژوویژە و دڵپاک دیارە... بەڵام وریا بە، هەرگیز ئەوە بەچاک نازانم جەلاد گیروگرفتەکانی بۆ نێچیر باس بکات، هەر ماقووڵیش نییە ئەوە بکات. ئەمە خەمبارم دەکا، بۆیە کە دەست پێ دەکەین و داخی خۆم بەسەر گەوجێتیی ئەم جۆرە پیاوەدا دەڕێژم هەست بەجۆرە ئاسوودەییەک دەکەم.

دایک: ئەم کارەش چاک نییە. جاران نە توورەیی و نە بەزەییمان تێکەڵ بەکارەکانمان نەدەکرد، بەڵام ئەوشۆ من شەکەتم و تۆ توورە. ئاخۆ ناچارین لە سایەی زرووفێکی ئاوهادا ئەنجامی بدەین و پەیمانەکەی خۆمان لە بیر بەرینەوە و چاوپۆشی لە گشت ماقووڵێ بکەین لە پێناوی هەندێ پارەدا؟

مارتا: نەک لە پێناوی هەندێ پارەدا بەڵکو لە پێناوی خانوویەکی ڕێکوپێکی قەراغ دەریادا و لە پێناوی فەرامۆشکردنی ئەم شارە نەگریسەدا. ڕەنگە لە ژیان بێزار بوو بێ. بەڵام منیش بێزارم لەوەی لەم شوێنە تەنگەدا بمرم، ڕەنگە لە یەک مانگی دی پتر هەڵ نەکەم. هەردووکمان لەم ئوتێلە وەڕس بووین. تۆ کە پیبیر بوویت تەنیا ئەوەت مەبەستە چاو لێک بنەیت و ئەم شوێنەت بیر بچێ، بەڵام من هێشتا کە هەندێ ئارەزووی گەنجیم هەیە یان هەست بەهەندێ کەڵکەڵەی بیست ساڵانە



دەکەم دەمەوێ بەجۆرێ کار بکەم کە ئەم ڕەنجدان و ماندووبوونە بۆ هەمیشە بەجێ بهێڵم. دەبێ تۆ لەم بارەیەوە کۆمەکم پێ بکەیت... تۆیەک کە منت هێنایە دنیا و ژیانەوە ئەویش لە وڵاتێکدا کە لە هەور و تەمومژ زیاتر هیچی تر ناناسێت، نەک لە وڵاتێکی تەژی تیشک و هەتاو.

دایک: مارتا هەندێ جار خۆزیا دەخوازم تۆش وەک براکەت فەرامۆشم بکەیت. نەک بەم شێوەی تاوانبارکردنە بمدوێنی.

مارتا: بەڵام تۆ خۆت چاک دەزانی مەبەستم ئەوە نییە داخت بدەمێ. (بێدەنگییەکی کەم ئەمجا بەتوندی) تۆ نەبای چیم دەکرد؟ گەر لە تۆ دوور بام چم بەسەر دەهات؟ من دڵنیات دەکەم نەمدەتوانی هەرگیز فەرامۆشت بکەم. خۆ ئەگەر ئەم ژیانە سەختەی تێی کەوتبووین هەندێ جار مۆڵەتم نادات وەک پێویست ڕێزت لێ بنەم. ئەوا داوای لێبووردنت لێ دەکەم.

دایک: تۆ کیژێکی چاکیت مارتا، یەکێکی لەو کیژانەی کە گشت دایکێ شانازیی پێوە دەکات. ئەو بەدحاڵییەی لە نێوانماندایە، هۆی پیریی منە، چونکە تەمەنی زۆر مایەی بەدحاڵیی نێوان جەوان و کاڵانە، بەڵام دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم کە ویستم پێت بڵێم (ئەوشۆ نا).

مارتا: چی! چاوەڕێی سبەی بکەین؟ تۆ خۆت دەزانی کە تا ئێستا هەرگیز ڕەفتاری وات نەکردووە. دەشزانی کە نابێ بواری بدەین خەڵکی ببینێ و پێوەندییان لەگەڵدا پەیدا بکات. نەخێر دەبێ تا زووە و مادام کەوتووەتە بەردەستمان، دەست پێ بکەین.

دایک: لەوانەیە، نازانم... بەڵام ئەگەر ئەوشۆ وازی لێ بێنین تەنیا ئەوشۆ هەست بەئاسوودەیی دەکەین و بەسەربەستی هەناسە دەدەین، لەزەت لەو ئاشتییە دەبینین کە دەڵێن لە ناوجەرگەی خراوترین تاواندایە. لەوانەیە ڕزگاربوونمانی تێدا بێ.

مارتا: ڕزگاربوونمان؟ چ بێهوودەیە ئەوەی کە دەیڵێی؟ من بەئاواتەوە بووم، ئاواتت تاقانە ئاواتت ئەوە بێ دوای ئەوەی لەم کارەی ئەمشەو دەبینەوە بەئەندازەی پێویست بنووی.

دایک: من ئەو ئاوات و ئومێدی نووستنە نێو دەنێم ڕزگاربوون.

مارتا: زۆر چاکە. دە من سوێندت بۆ دەخۆم کە ڕزگاریمان لە دەستی خۆماندایە. دایکە، دایە: پێویستە بەیەکجاری دوودڵی وەلاوە بنەین. ئەمەش یان ئەوشۆ دەکرێ یان هەرگیز نایەتە دی.

(پەردە)

**پەردەی دووەم**

## دیمەنی یەکەم

ژووری نوستن لە ئوتێلەکەدا. تاریکیی شەو وردە وردە ژوورەکە داگیر دەکات، جان لەبەر پەنجەرەکەدا وێستاوە و سەرسامانە دەڕوانێتە دەرێ.

جان: ماریا هەقی بوو. ئێوارە و ئەم ساتە زۆر دژوارە. (دوای کەمێ بێدەنگی) ئێستا بەتەنیا لە ژوورێکی دی دا بەدڵی تەنگ، بیر لە چی دەکاتەوە، چی نیازە؟ لەسەر کورسییەک دانیشتووە،

ناگری، بەڵام دڵی لە سەهۆڵ ساردترە. شەو هێرش دێنێ... لەگەڵ شەودا ئەستێرەی هیوا لە بەرۆکی ئاسمانی شادی دەدا... بەڵام لێرە... (چاو بەژوورەکەدا دەگێڕێ) بۆ هەست بەم هەموو نیگەرانییە دەکەم؟ پێویست بەوە ناکات. دەبێ کارەکەم تەواو بکەم. ئەگەر پیاو دەستی دایە کارێکەوە تا تەواوی نەکات ئاسوودە نابێ. لەم ژوورەدا هەموو شتێ یەک لایی دەکەینەوە. (بەتوندی لە دەرگا دەدرێ. مارتا دێتە ژوورەوە).

مارتا: هیوادارم نەبووبم بەمایەی سەغڵەتیت، دەمەوێ خاولییەکانت بۆ بگۆڕم.

جان: ئاه، وا بزانم کراوە.

مارتا: نەخێر، ئەو پیرەمێردەی کارمان لە لا دەکات خەیاڵی بڵاوە و هەندێ جار ئەم شتانە لە بیر دەکات.

جان: بەهەرحاڵ گرینگ نییە... حەزم دەکرد پێت بڵێم تۆ سەغڵەتم ناکەیت، بەڵام زات ناکەم.

مارتا: لەبەر چی؟

جان: چونکە تۆ ڕێگای ئەوەت نەدام ئەوە بڵێم... لە... لە قەرارەکەماندا.

مارتا: دەبینی؟ تۆ وەک خەڵکی وەڵام نادەیتەوە، تەنانەت کاتێ کە دەتەوێ شتەکان ڕوون بکەیتەوە...

جان: (بەزەردەخەنەوە) بەداخەوەم، خۆم تاقی دەکەمەوە. سەرلەنوێ هەوڵ دەدەم. بەڵام تکایە مۆڵەتم بدە.

مارتا: (بەدەم کارکردنەوە) بەڵێ سەرلەنوێ هەوڵ بدە (جان وەردەچەرخێ لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە دەرێ، پشتی لە مارتایە. مارتا لێی ورد دەبێتەوە. بەدەم کارکردنەوە درێژە بەقسەکانی دەدات) ببەخشە قوربان ژوورەکە ئەوەندە چاک نییە کە دڵت بیگرێ.

جان: بەڵام پاک و خاوێنە. ئەمەش نرخی خۆی هەیە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچوو بم لەمێژ نییە کە بۆیەتان کردووەتەوە؟

مارتا: ڕاستە، بەڕای تۆ چۆنە؟

جان: خراپ نییە.

مارتا: لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لە میوانەکان گلەییان لە نەبوونی ئاوە. ناهەقیشیان نییە. دەبوو گڵۆپێک بەسەر قەرەوێڵەکەوە هەبێ. ماوەیەکە نیازمانە بۆی دابنێین. چونکە ئەوانەی لەسەر ئەوە ڕاهاتوون بەدەم ڕاکشانەوە شتێک بخوێننەوە لایان ناخۆشە هەستن و گڵۆپی ژوورەکە وەکوژێنن.

جان: (ئاوڕی لێ دەداتەوە) ڕاستە، بەڵام من بیرم لەمە نەکرد بووەوە، بەڵام ئەمە شتێکی ئەوەندەش گرنگ نییە کە پیاو پێی سەغڵەت بێ.

مارتا: پیاوەتیی خۆتە، سوپاسی هەستت دەکەم کە کەموکوڕی ئوتێلەکەمان ئاسایی وەردەگری و گوێی نادەیتێ، وا دیارە تۆ بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوە کە ناسیومن شتەکانت زۆر ئاسایی وەرگرتووە.

جان: هەرچەند قەرارمان لە نێواندایە، بەڵام مۆڵەتم بدە با بەپێچەوانەی قەرارەکەمانەوە بڵێم کە تۆ ئادەمییەکی سەیری، قەت ڕێ نەکەوتووە تووشی خاوەن ئوتێلێ بوو بم کە کەموکوڕیی ئوتێلەکەی



خۆی بڵێ... وا دیارە تۆ دەتەوێ قەناعەتم پێ بکەیت کە ئێرە بەجێ بێڵم.

مارتا: هەرگیز بیرم لەمە نەکردووەتەوە. (کتوپڕ بڕیاری خۆی دا) بەڵام لە ڕاستییدا دایکم و من حەزمان بەهاتنت نەکرد.

جان: هەستم بەمە کرد، بەڵام سەرم لە هۆیەکەی دەرناچێت. ناشێت وا گومان بکەن کە پارەی کرێکەم بۆ نادرێ. وا بزانم ڕواڵەتیشم لەوە ناچێت نزیکبوونەوە لێم، زیان بەخش بێت.

مارتا: نەخێر. مەسەلە ئەمە نییە؟ گەر ڕاستت دەوێ ڕواڵەتت نەک هەر لە هی پیاوخراپ ناچێت... بەڵکو پاکی و بێ گوناحیت لێ دەبارێ، بەڵام مەبەستی ئێمە شتێکی دیبە. ماوەیەکە دەمانەوێ لێرە بار بکەین و ئوتێلەکەمان دابخەین... دیارە ئەم کارە بۆ ئێمە ئاسانە و هیچی تێ ناچێت. چونکە میوانمان زۆر کەمە بەڵام نەگەیشتووینەتە بڕیارێکی تەواو، هاتنی تۆ وەک ئاگرکردنەوەیەک بوو دەربارەی ئەم ڕاستییە بۆ ئێمە کە بەئەندازەی پێویست چاوەڕوانمان کردووە و کاتی بارکردنمان هاتووە.

جان: ئایا بەوەدا بزانم کە دەتانەوێ بڕۆم؟

مارتا: ئێمە وەک پێم وتیت ناتوانین بڕیاری بنجبڕ لەسەر ئەوە بدەین. بەتایبەتی من ناتوانم بگەمە بڕیارێک. هەموو شتێ وەستاوەتە سەر من، بەڵام هێشتا نەگەییومەتە هیچ بڕیارێک.

جان: بەڵام تکایە لە بیرت نەچێ کە من نامەوێ ببم بەبار بەسەر ئێوەوە... لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ بڵێم یەک دوو ڕۆژێ لێرە دەمێنمەوە. هەندێ کاروبارم هەیە دەمەوێ بەر لە ڕۆیشتن جێبەجێی بکەم، کە هاتم بۆ ئێرە لە دڵی خۆمدا وتم لێرە ئاسوودەیی و دڵنیایی پێویست وەدەست دێنم.

مارتا: سوپاس بۆ ئەو متمانەیەی کە بەئێمەت هەیە، دڵنیات دەکەم گەر دەتەوێ وەمێنی، بمێنەوە (بێدەنگییەکی کەم، بەدوودڵی بەرەو دەرگە دەچێ. بەڵام دەوەستێ) دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوویت؟

جان: بەڵێ، گەر پێویست بکات.

مارتا: دەبێ وڵاتێکی خۆش بێ، وا نییە؟

جان: (لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێ) بەڵێ وڵاتێکی زۆر جوانە.

مارتا: دەڵێن قەراغ و کۆرنیشی چۆڵ و ئارامی زۆرە؟

جان: ڕاستە، هیچ شتێکی لێ نییە، کە ئینسانت بیر بخاتەوە. هەندێ جار بەیانیانی زوو شوێن پێی باڵندە بەسەر لمەکانەوە دەبینی. ئەمە تاقە نیشانەیەکی ژیانە لەوێ، کەچی ئێواران...

مارتا: ئێواران چی قوربان؟

جان: کەنار و کۆرنیشەکان قەرەباڵغ دەبن، بەڵێ وڵاتێکی خۆشە، جوانە.

مارتا: (شێوەی قسەکردنی دەگۆڕێ) گەلێ جار بیرم لێ کردۆتەوە میوانەکانیش زۆریان باسی ئەوێ بۆ کردووم، ئەوەندەی بۆم لوا بێ دەربارەیم خوێندووەتەوە. زۆر جار وەک ئەوڕۆ لە میانی بەهاری

تاڵی ئێرەوە، بەدەریا و گوڵ و گوڵستانی ئەوێوە خەونم بینیوە. (دوای تۆزێ بەکێوییەتیەکەوە) ئەوەی کە لە خەیاڵمدا دروست بووە وای لێ کردووم ئەمانەی دەوروبەرم نەبینم و بێزارم دەکات (جان سەیری دەکات بەئارامی و سەلاری لە بەردەمی دادەنیشێت).

جان: حاڵی دەبم. بەهاری ئەوێ مرۆڤ ڕادەکێشت، گوڵ بەهەزاران دەپشکوێ و لقوپۆپ بەسەر دیوارەکاندا دەهاوێژێ، ئەگەر یەک سەعات لەسەر ئەو تەپۆڵکانەی دەوری شارەکەی ئێمە گەشت بکەیت، هەموو جلوبەرگەکەت دەبێ بەشیلەی گوڵەوە. (مارتاش دادەنیشێت).

مارتا: کە خۆشە! ئەوەی ئێمە لێرە پێی دەڵێین بەهار، گوڵێک و دوو خونچەیە. ئەویش لە باخی دێرەکەدا دەڕوێ (بەرقەوە) ئەوە بەسە بۆ بزواندنی دڵی پیاوان لەم بەشەی عالەمدا. دڵیان وەک ئەو گوڵانە وایە، بایەکی تۆزێ توند هەڵی دەوەرێنێ بەهارەکەیشیان لە گوێرەی خۆیانە.

جان: تۆ تۆزێ زاڵمانە حوکم دەدەیت. گەرچی لێرە بەهارتان نییە، بەڵام پاییز هەیە.

مارتا: جا پاییز چییە؟

جان: بەهاری دووەمە، لە پاییزدا هەموو گەڵاکان وەک گوڵن (دەڕوانێتە مارتا) ڕەنگە ئەمە هەمان شت بێ لەگەڵ هەندێ دڵدا، لەوانەیە شکۆفە بکات و پێ بگات گەر یارمەتیی بدەیت و لە یارمەتیدانی کۆڵ نەدەیت.

مارتا: من ئیدی تاقەتم چووە و ناتوانم لەم ئەوروپا خەمبارەدا بژیم، پاییزی لە بەهار دەچێ، بەهاریش زۆر زۆر وشکە. نەخێر چونکە من لەگەڵ ئەو وڵاتەی دی دام، بیری لێ دەکەمەوە و بەخەیاڵ بۆ ئەو دەژیم. ئەو وڵاتەی هاوینی وەک گڕی بریسکەدار هێرش دێنێ، زستانی ئەوەندە تەڕ و پڕ بارانە شارەکان نقوم دەکا (بێدەنگی، جان لێی ڕادەمێنێ. مارتا هەست بەمە دەکات. هەڵدەستێ و پاڵ بەکورسییەکەوە دەنێ) بۆ سەیرم دەکەیت؟

جان: ببوورە، وامزانی دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کەم قەرارەکەمان فەرامۆش کرد دەتوانم ئەوە بکەم، بەڕای من بۆ یەکەمجار– گەر بشێت بڵێم – بەشێوەیەکی هەندێ ئینسانی لەگەڵم دوایت.

مارتا: (بەتوندی) بێ گومان بەهەڵەدا چوویت و وا نییە، گەر واش بێ هەقی ئەوەت نییە بەمە خۆشحاڵ بی، ئەوەی تۆ نێوی دەنێی ئینسانی چاکترین شتێ نییە لە مندا. ئەوەی کە ئینسانییە لە مندا ئەوەیە کە حەزی لێ دەکەم و دەمەوێ بۆ وەدیهێنانی حەز و ویستەکانم هەموو کۆسپێکی سەر ڕێگام تەخت دەکەم.

جان: (بەزەردەخەنەوە) پێم وایە من لەم حەز و تووڕەییە تێ دەگەم، پێم وایە لێشی ناترسم، چونکە من نابمە کۆسپ لە ڕێگای ئارەزووەکانی تۆدا. چ بەرژەوەندییەکیشم لەوەدا نییە کە ڕێ لە حەز و ئارەزووەکانی تۆ بگرم.

مارتا: هەڵبەتە... بەڵکو هەقی ئەوەشت نییە ڕاستییەکەی بزانیت.

جان: بەڵام بۆچی؟

مارتا: چونکە ئەمە ماقوڵییەتە، چونکە نامەوێ ئاگاداری پرۆژەکانم بی.



جان: گەر تێ بگەم. یانی دیسان گەڕاینەوە سەر قەرارەکەمان؟

مارتا: بەڵێ، کە فەرامۆشمانیش کرد هەڵە بوو، ئەوە ئەنجامەکەیەتی کە بەچاوی خۆت دەیبینی. سوپاست دەکەم کە باسی وڵاتەکەی خۆتت بۆ کردم داوای لێبوردنت لێ دەکەم گەر لە کاتم گرتبیت. (بەرەو دەرگا دەچێ) وێڕای ئەوەش بەلای منەوە وەختەکەمان بەفیڕۆ نەدا، ئەم قسانە هەندێ ئاوات و ئارەزوویان لە لا جۆش دامەوە کە بەرەو دامرکانەوە دەچوون. خۆ ئەگەر بەڕاستی سووری لێرە بمێنیتەوە، ئەوا بێ ئەوەی پێ بزانی مانەوەت بۆ خۆت مسۆگەر کرد، چونکە کە من هاتمە ئەم ژوورەوە بڕیارم دابوو داوات لێ بکەم بڕۆیت، بەڵام وەک دەبینی ختووکەی هەستە ئینسانییەکانت دام، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئێستا داوات لێ دەکەم بمێنیتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیم بەرانبەر بەدەریا و هەتاو. (جان ماوەیەک بەبێدەنگی سەیری دەکا).

جان: (بەئەسپایی) تۆ بەشێوەیەکی سەیر دەئاخڤی، لەگەڵ ئەوەشدا گەر دایکت ڕازی بێ لەسەر مانەوەم دەمێنمەوە.

مارتا: ئەوەی من ئارەزووی دەکەم و دەمەوێ، دایکم نایەوێ و ئارەزووی ناکات. دیارە ئاساییشە. ئەو بیر لە دەریا و قەراغ وکۆرنیش–ی چۆڵ و ئارام ناکاتەوە تا مانەوەت لێرە پەسەند بکات، بەڵام وێڕای ئەوەش دایکم دڵی من ناشکێنێ، بۆیە وا بزانە شتەکە بڕاوەتەوە.

جان: کەواتە هیوادارم بەهەڵەدا نەچوو بم، یەکێکتان دەیەوێ لە پێناوی پارەدا بمێنمەوە و ئەویدیتان مانەوە و نەمانەوەی بەلاوە گرنگ نییە؟

مارتا: باشە میوان لەوە زیاتر چیی دەوێ؟ هەڵبەتە قسەکەشت دۆغرییە (دەرگا دەکاتەوە).

جان: شادم بەوەی گەیشتینە ئەم سەرەنجامە. لەگەڵ ئەوەشدا تکایە تووڕە مەبە گەر بڵێم هەموو شتێ لێرەدا غەریبە. کەسەکان، چۆنێتیی قسەکردنیان، بەڕاستی ئەم ماڵە غەریبە.

مارتا: لەوانەیە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ غەریبی و سەیری ڕەفتاری خۆت لێرەدا. (دەردەچێ)

## دیمەنی دووەم

جان: (سەیری دەرگا دەکات) ڕەنگە ڕاست بکات، نازانم (بەرەو چرپاکە دەچێ و دادەنیشێت) بەڵام ڕەفتاری ئەم کیژە ئارەزووی ئەوەی لە ناخمدا پرواند هەر ئێستا بکەومە ڕێ و بگەڕێمەوە بۆ لای ماریا و باوەشی شادییە هاوبەشەکەمان. بەڕاستی گەوجانە ڕەفتارم کرد. ئاخر من لێرەدا چی دەکەم؟ بۆچی هاتم؟ بەڵام نا، بەڵام بەبێ هۆ نەهاتووم. من ئەرکم لە ئەستۆیە، ئەرک بەرانبەر بەدایک و خوشکم. دەمێ بوو پشتگوێم خستبوون من تاقانەیانم، هەر من دەتوانم شتێکیان بۆ بکەم و تۆڵەی ئەو خەم ساردییەم بکەمەوە. ماقووڵ نییە لە حاڵەتی وەهادا کتوپڕ بڵێم (من کوڕەکەتم دایکە) دەبێ وای لێ بکەم خۆشی بوێم. (هەڵدەستێ) بەڵێ دەبێ هەر لەم ژوورەیدا شتەکان یەک لایی بکەمەوە. بەڵام بەڕاستی ژوورێکی کەساس و سارد و شێواوە، سەری لێ دەرناکەم. هەموو شتێ گۆڕاوە، وەک ژووری هەموو ئەو ئوتێلە ئاساییانەیە کە ڕێبوارێ بۆ شەوێ

یان چەند شەوێ ڕێی تێ دەکەوێ. ئەمەش دایک و خۆشکەکەمن. پێم وایە بەئەندازەی پێویست تێکەڵیان بوومەوە. بەڕای من ئێستا یەک پرسیار ماوە کە دەبێ بیدۆزمەوە. لەوانەیە ئەوەش لێرەدا بدۆزمەوە (لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرێ دەکات) هەور بەری ئاسمانی گرتووە. لە زۆربەی ژووری ئوتێلەکاندا گوزەراندنی بولێڵ و دەمەوئێواریێ بۆ پیاوی تەنیا سەخت و دژوارە. ئێستاش خەمی دێرینم وەک زامێ قەتماغەی بەستبێ و بچووکترین ئازار بهێنێتەوە سوێ، بووە بەمیوان. ئەوا دیسان ئەو هەستە ئاڵۆزە لە دڵمدا سەری هەڵدایەوە. هەستی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ ئەو هەستەی لە کاتی تەنیایی و دەست بەتاڵیدا چەکەرە دەکا. ئەوەتا لە ناخمدا دەبزوێ و ئارام ناگرێ، دەزانم چییە، ترس ترسی تەنیایی هەمیشەیی. ترسێ کە وەڵامی نییە، کێ لە ژووری ئوتێلێکدا وەڵامم دەداتەوە؟ (دەچێ بەلای زەنگەکەوە، دەسڵەمێتەوە، ئەوجا لە زەنگ دەدات، تۆزێ بێدەنگی. ئەوجا دەنگی پێ دەبیسترێ، لە دەرگا دەدرێ، دەرگا دەکرێتەوە. لە بەردەرگادا کابرای خزمەتکاری پیر دەبینرێ، بێ ورتە و بێ جووڵە دەوەستێ).

جان: هیچ. بمبەخشە. زەنگەکەم تاقی کردەوە کە بزانم ئەگەر زەنگ لێ بدەم کەس بەدەنگمەوە دێ یان نا. (پیرەمێردەکە مۆڕەیەکی لێ دەکات ئەوجا دەرگا پێوە دەدا، دەنگی هەنگاوەکانی دوور دەکەوێتەوە).

## دیمەنی سێیەم

جان: زەنگەکە کار دەکات، بەڵام ئەم کابرایە قسان ناکات. ناشێ ئەمە وەڵام بزانێ. (دەڕوانێتە ئاسمان) تاریکی خەریکە زەوی دەپێچێتەوە. چی بکەم؟ کامیان ڕاستە، ماریا یان خەونەکانم؟ (دووجار لە دەرگا دەدرێ، مارتای خوشکی بەسینییەکەوە دێتە ژوورەوە).

## دیمەنی چوارەم

جان: ئەوە چییە؟

مارتا: ئەوچایەیە کە داوات کرد بوو.

جان: بەڵام من داوای هیچم نەکرد بوو.

مارتا: ئاه؟ کەواتە مامەپیرە خراپ حاڵی بووە، زۆربەی شتەکان بەپێچەوانەوە تێ دەگات، بەڵام پێم وایە مادام چایەکە هاتووە، حەزی لێ دەکەیت (سینییەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ. جان حەرەکەیەکی نامەفهووم دەکات) گوێ مەدەرێ نایخەینە سەر حیسابەکەت.

جان: ئاه! لەبەر ئەمە نییە کەواتە باشە بۆم بێنە چاکیی خۆتە.

مارتا: ببوورە... ئێمە ئەوەی دەیکەین بۆ بەرژەوەندیی خۆمانە.

جان: بەڵام لە ڕاستیدا من هیچ قازانج و بەرژەوەندییەک لەمەدا نابینم کە چایم بۆ بێنی و نەیخەیتە سەر حیسابەکە.



مارتا: بەڵام هەڵەیت، لەوانەیە سەبارەت بەپیاڵە چایەک میوانێ لە ئوتێلەکەماندا گل بدەینەوە. (دەچێتە دەرێ).

## دیمەنی پێنجەم

(جان پیاڵەکە هەڵدەگرێ، سەیرێکی دەکات، دووبارە دایدەنێتەوە)

جان: ئەمەیە پێشوازیی گەڕانەوەی کوڕ، پەرداخێ بیرە، بەڵام بەپارە، پیاڵە چایەک ئەویش بۆ هێشتنەوەی میوان. بەڵام دیسان هەر من خەتابارم کە ناتوانم هەنگاوی دروست بنێم، وشەی گونجاو بدۆزمەوە. هەرچەند ئەم کیژە ڕووبەڕووم دەبێتەوە و بەم شێوەیە قسانم لەگەڵ دەکات هەرچی دەکەم و دەکۆشم وشەی لەبار و گونجاوم بۆ نایەت و نایەت. ئەو بەئاسانی بۆی دێت، چونکە دەوری ئەو لە هی من ئاسانترە، وشەی بەرپەرچدانەوە و لێک دابڕان ئاسانترە لە وشەی نەوازش و سەرلەنوێ پێوەندیکردن. (پیاڵە چایەکە هەڵ دەگرێ، سەیرێکی دەکات و بەدەنگێکی نزمی شێوا و درێژە بەقسەکانی دەدات) خوایە یارمەتیم بدە تا وشەی لەبار و گونجاوم بۆ بێ، یان کارێ بکە واز لەم کارە بێهوودەیە بێنم و بگەڕێمەوە باوەشی خۆشەویستی ماریا. (پیاڵەکە بۆ دەمی دەبات) ئەمەیە پێشوازیی گەرموگوڕ، بەلای کەمەوە دەبێ لە بەرچاوم بێ و بەگوێرەی خۆی بایەخی بدەمێ، هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانم بەردەوام بم لە بینینی دەورەکەم و ئێرە بەجێ بهێڵم. (دەیخواتەوە، بەتوندی لە دەرگا دەدرێ) کێیە؟ (دەرگا دەکرێتەوە و دایک دێتە ژوورەوە).

## دیمەنی شەشەم

دایک: ببوورە قوربان، کیژەکەم پێی وتم چای بۆ هێناویت.

جان: ئەوەتا.

دایک: خواردتەوە؟

جان: بەڵێ، بۆ؟

دایک: ببوورە،هاتم پیاڵە و سینییەکە بەرمەوە.

جان: (بەزەردەخەنەوە) بەداخەوەم وا دیارە ئەم پیاڵە چایە بووە مایەی نیگەرانی و جەنجاڵی.

دایک: مەسەلەکە ئەمە نییە، چایەکە بۆ تۆ نەبوو.

جان: ئاوها، دەڵێم من داوام نەکرد بوو!

دایک: (بەشەکەتی) بەڵێ بۆ تۆ نەبوو بۆیە ئەگەر... بەهەرحاڵ خواردتەوە یان نا گرنگ نییە.

جان: (بەسەرسامی) زۆر بەداخەوەم، کیژەکەت سوور بوو لەسەر جێهێشتنی و منیش نەمزانی...

دایک: منیش بەداخەوەم، بەڵام تکایە تەوازۆ مەیەنەوە... هەڵەیەک بوو و ڕوویدا.

(پیاڵەکە دەخاتە سەر سینییەکە و بەرەو دەرگا دەکەوێتە ڕێ)

جان: خانم!

دایک: بەڵێ؟

جان: دیسانەوە داوای لێبووردن دەکەم، ئێستا گەییمە قەناعەت و لەوانەیە ئەوشۆ دوای نانخواردن بڕۆم... هەڵبەت کرێی ژوورەکەش دەدەم... (دایک بەسەرسامی تێی دەڕوانێ) دەزانم سەرت لەم بڕیارەی من سوڕ دەمێنێ. بەڵام قەت وا خەیاڵ نەکەی کە تۆ بەرپرسیاری ئەمەیت. من جگە لە ڕێز، ڕێز و خۆشەویستی چ شتێکی دیم بەرانبەر بەتۆ نییە، بەڵام با ئاشکرا پێت بڵێم لێرەدا هەست بەئاسوودەیی ناکەم، حەز دەکەم لەوە پتر لێرە نەمێنمەوە.

دایک: (بەئاسپایی) گرنگ نییە، تەواو ئازادیت، بەڵام لەوانەیە لە ئێستاوە تا کاتی شێوکردن بیرت بگۆڕی، هەندێ جار مرۆڤ شوێن هەستێکی کوتوپڕی خۆی دەکەوێ، بەڵام زۆر نابا دەگاتە بڕیارێ کە لەگەڵ زرووفە تازەکەدا دەگونجێ.

جان: باوەڕ ناکەم خانم، بەڵام تکایە وا نەزانیت من لە تۆ ڕەنجا بم بەپێچەوانەوە من زۆر منەتباری تۆم کە وەک پێویست خولکت کردم، هەستم کرد زۆر لەگەڵمدا باش بوویت.

دایک: ئەوە شتێکی ئاسایی بوو قوربان، لەوانەیە خۆشت باش بزانی کە من چ شتێکم لەگەڵ تۆدا نییە تا دوژمنایەتیت بکەم.

جان: (بەسۆزێکی تاساوەوە) لە ڕاستیدا کە من ئەمەت پێ دەڵێم بۆ ئەوەیە بەخۆشی لە یەکدی جودا بینەوە، لەوانەشە جارێکی تر بێمەوە. ڕەنگە دڵنیاش بم لەوەی دێمەوە، بێ گومان بەیەکدی بینینەوەمان شاد دەبین، بەڵام ئێستا هەست دەکەم من هەڵەم کرد، چ شتێ لە گۆڕێدا نییە کە مایەی مانەوەم بێ لێرە. بۆ ئەوەی هیچت لە دڵدا نەمێنێ – ڕەنگە سەریشت لەم قسەیە سوڕ بمێنێ – هەست دەکەم ئێرە ماڵی من نییە، غەریبم تێیدا.

(دایکی هەر بەو دەقەوە سەیری دەکات)

دایک: تێ دەگەم، بەڵام مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە ئەم هەستە دەکات، پێم وایە تۆ لە دۆزینەوەی ئەمەدا دواکەوتوویت؟

جان: ڕاستە، بەڵام وەک دەبینی تۆزێ ورم. من بۆ کارێکی بەپەلە بۆ ئەوروپا هاتم. پێم وایە ئەوەی کە ئێستا هەستی پێ دەکەم جگە لە هیوابڕانی ئینسانێ زیاتر چیدی نییە، ئینسانێ بۆ شوێنێ بگەڕێتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تێیدا ژیا بێ... پێم وایە ئەم حاڵەتەم ڕەچاو دەکەیت.

دایک: ڕەچاوی دەکەم. هیوادارم کارەکانت جێبەجێ ببێ. پێم وایە لە لایەن ئێمەوە چ درێغییەکت بەرانبەر نەکرا بێ.

جان: ڕاستە، من هەرگیز گلەیی لە ئێوە ناکەم. یەکەمجار تووشی ئێوە بووم بۆیە پێم وابوو ڕێکەوتی هەندێ گیروگرفت بووم... هەستم بەمە کرد، بەڵام من خەتابارم، من هێشتا هەر نەشارەزام و بەچارەی ئێوە و شارەکە ڕانەهاتووم.

دایک: ئیتر ئەمە دنیایە. هەرکە ئینسان بەهەڵە دەستی پێ کرد ئیدی هەر بەهەڵەدا دەڕوات، بڕوام پێ



بکە ئەمە منیشی ناڕەحەت کرد، بەڵام بەخۆم دەڵێم، نەمتوانی هیچ شتێ بکەم، ئیتر گرنگ نییە.

جان: بەڕاستی سوپاسی هەستت دەکەم کە بەشداری خەمەکانت کردم و هەوڵت دا لێم تێ بگەی، نازانم بەچ شێوەیەک سوپاسی ئەو هەڵوێستەت بکەم بەرانبەر بەمن (بۆ لایەوە دەچێ) لە ڕاستیدا من...

دایک: ئاه، ئەوەی تۆ نێوی دەنەیت هەڵوێست شتێکی زۆر ئاساییە و ئەرکی سەرشانمە دڵی میوانەکانم ڕابگرم.

جان: (بەنائومێدییەوە) هەقتە. (بێدەنگییەکی کورت) بەهەرحاڵ دەبێ داوای لێبووردنت لێ بکەم ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ زەرەرەکەت بۆ دەبژێرم (دەست بەنێوچەوانی خۆیدا دێنێ. زۆر ماندوو دیارە. بەسستی قسان دەکات) تۆ هیلاک بوویت و ئەزیەتت کێشاوە، بۆیە چاکتر وایە...

دایک: ئەوەی کردوومە شتێکی ئاساییە و لە هەموو بۆنەیەکی وەهادا کردوومە، هیچ جۆرە زیانێکمان لێ نەکەوتووە تا بۆمانی ببژێری. ئێمە بەداخەوەین بۆ ڕۆیشتنت، دیارە کە بەئارەزووی خۆتیشە. ئێمە بۆ ئەوە بەداخەوە نین کە خراپەیەکمان لەگەڵ کرد بیت.

جان: (پاڵ دەدا بەمێزەکەوە) ئاه! گرنگ ئەوەیە بەبێ زیزبوون لە یەکدی جوودا دەبینەوە. زۆر شادم بەوەی جێت دەهێڵم و شوێنەوارێکی چاکم لە دڵا جێ هێشتوویت. من هەرگیز ئەم ماڵەی تۆ لە یاد ناکەم. هیوادارم کە جارێکی دی هاتمەوە بۆ ئێرە لە بارێکی دەروونیی ئەوتۆدا بم، خۆشت بوێم. (دایک بەورتە بەرەو دەرگا دەچێ) خانم (دایک دەگەڕێتەوە جان زۆر بەزەحمەت قسان دەکا، بەڵام زۆر ئاسانتر لەو کاتەی دەستی بەقسان کرد، قسەکەی تەواو دەکات) ویستم (دەوەستێ)... داوای لێبووردنت لێ بکەم. سەفەرەکە ماندووی کردووم (لەسەر جێگاکە دادەنیشێت) ویستم بەلای کەمەوە سوپاست بکەم بۆ ئەو چایەی داتمێ، بۆ ئەو پێشوازییەی لێت کردم. حەز دەکەم ئەوەش بزانی کە ئەم ماڵە بەجێ دێڵم وەکو میوانێکی نامۆ و بێگانە جێی ناهێڵم.

دایک: ببوورە قوربان، ئێمە شتێکی ئەوتۆمان نەکردووە شایانی سوپاس بێ، بۆ مەسەلەی چایەکەش تکایە گومانی خەراپ مەکە، چونکە بۆ تۆ نەبوو... بەڵام ئینسان لەسەر شتێ کە بەهەڵە ئەنجامی داوە، سوپاس بکرێ ناخۆشە. (دەچێتە دەرێ)

## دیمەنی حەوتەم

(کە ئەو دەڕوات، جان سەیری دەکات، دەیەوێ بجوولێ، بەڵام ناتوانێ، ئانیشکی لەسەر بالیفەکە دادەدا، لەوە دەچێ لە دەست و پێ بکەوێ).

جان: بەڵێ مەسەلەکە ئاسانە، دەبێ بەئاسانی و ڕاستەوخۆ چارەسەری بکەم. سبەینێ لەگەڵ ماریادا دەگەڕێمەوە و پێی دەڵێم (من کوڕەکەتم) بەم شێوەیە کەس نییە بەرهەڵستی ئەوەم لێ بکات کە

شادی بکەم! ماریا ڕاستی دەکرد... ئێستا زانیم. (هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و پشت بەسەرینەکەوە دەدا) ئاه، ئەم شەوە نامۆیە نامۆ... هەموو شتێ دوورە و نایگەمێ. (بەتەواوی لەسەر جێگاکەی ڕاکشاوە، بەئاستەم نووزەی دێ) بەڵێ یان نا؟ (تۆزێ دەجوولێ، دەخەوێ. ژوورەکە زۆر تاریکە. بێدەنگییەکی درێژ. دەرگا دەکرێتەوە، هەردوو ئافرەتەکە دێنە ژوورەوە، مارتا چرایەکی بەدەستەوەیە).

## دیمەنی هەشتەم

مارتا: (چراکە هەڵدەبڕێ، جەستەی کابرا نووستووەکە دەردەکەوێ. بەچپە دەڵێ) زۆر چاکە. هەموو شتێ بەدڵی خۆمانە!

دایک: (بە دەنگێکی نزم کە وردە وردە بەرزتر دەبێ) نا مارتا. من حەز ناکەم بەم شێوەیە... تۆ ئەم کارەت پێ کردم. تۆ دەستت پێ کرد و منت بەشدار کرد تا نەتوانم ژێوان ببمەوە. من حەز لەم ڕەفتارەت ناکەم کە منی پێ کۆت و زنجیر دەکەیت.

مارتا: ئەم ڕەفتارەی من هەموو شتەکان ئاسان دەکات، ئەگەر ڕێیەکی باشتر شک دەبەی بیڵێ با پێڕەوی لێ بکەین، بەڵام تۆ تا ئێستا لەسەر بڕیارێ نەگیرساویتەوە، بۆیە بەئەرکی سەرشانی خۆمم زانی یارمەتیت بدەم و یەکەم هەنگاوت پێ بنەم.

دایک: دەزانم مەسەلەکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە – ئەم بێ یان یەکێکی دی – ئەمڕۆ بێ یان ڕۆژێکی دی – ئەوشۆ بێ یان شەوێکی دی– هەر دەبێ ئەم مەسەلەیە تەواو ببێ. وێڕای ئەوەش حەز بەتەواوکردنی ناکەم.

مارتا: بەسە، بیر لە سبەینێ بکەوە، خێراتر کار بکە. بەتەواوبوونی ئەم شەو ئازادیی ئێمە دەست پێ دەکات. (دوگمەی پاڵتۆکەی جان دەکاتەوە، جزدانەکەی دەردێنێ و پارەکەی دەژمێرێ).

دایک: چۆن خەوێکی لێ کەوتووە مارتا!

مارتا: وەک هەموو ئەوانیدی نووستووە... دەی با بڕۆین.

دایک: کەمێ ڕاوەستە. شتێکی سەیر نییە پیاو بەنووستوویی ئەوەندە غەریب بێ؟

مارتا: ئەمە پشوویەکە، تووشی دەبن بەر لەوەی ببنەوە بەدڕندە و مەیموون.

دایک: (بەڕامانەوە) نەخێر پیاوان ئەوەندەش شت نین وەک خۆیان هەست دەکەن. کە دەخەون ئیدی سیمایان لە هەموو گوزارشتێ ڕووت دەبێتەوە نە سۆز، نە تووڕەیی، بەڵام تۆ تێم ناگەیت مارتا.

مارتا: بەڵێ، لێت تێ ناگەم، ئەوەندە دەزانم وەختی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین.

دایک: (بەچەشنە تەوسێکی بێزارییەوە) جا پەلەمان چییە؟ بەپێچەوانەوە، گرنگترین بەشی کارەکەمان ئەنجام داوە. دەتوانین پشوو بدەین. کارەکە خۆی گرنگ نییە، بەڵکو سەرەتا و دەستپێکردنە. مادام دەستت پێ کرد و بەشی یەکەمت ئەنجام دا و هاتیتەوە سەرەخۆ، ئیدی بۆ خۆت سەغڵەت دەکەیت؟ ئایا مەسەلەکە ئەم هەموو هیلاکبوونە دێنێ؟



مارتا: هیچ شتێ، هیچ ناهێنێ، بەڵام چاک وایە بەردەوام ببین و بەتەواوی لێ ببینەوە و چ پرسیارێ نەمێنێ لە خۆمانی بکەین.

دایک: (بەئارامی) با دانیشین مارتا.

مارتا: لێرە؟ لە نزیکی ئەودا؟

دایک: بەڵێ، بۆ نە؟ نووستووە، بێداریش نابێتەوە تا لێمان بپرسێ کە لێرە چی دەکەین. خۆ خەڵکی و عالەمیش لەپشتی ئەم دەرگا داخراوەوە هیچ بوونێکیان نییە. کەواتە بۆ پێکەوە سوود لەم کاتە ئارامە نەبینین؟

مارتا: تۆ گاڵتە دەکەیت و ئێستا نۆرەی منە کە حەز لەم کارە نەکەم.

دایک: تۆ هەڵەیت بەهیچ جۆرێ ئارەزووی گاڵتەکردنم نییە، بەڵکو دەمەوێ خۆم هێور بکەمەوە، کەچی تۆ خۆت هیلاک دەکەیت. با دابنیشین... (بەتوندی پێدەکەنێ)... تۆ سەیری ئەم پیاوە بکە. بەنووستوویی زۆر بێ گوناحترە وەک لە کاتی بێداری و قسەکردن. بۆ خۆی دەستی لە دنیا شۆرد. لە ئێستا بەدواوە ئاسوودە و بێ خەم دەبێ. لە خەوێکی جەنجاڵی پڕ لە خەونی ڕەنگاوڕەنگەوە دەگوازێتەوە بۆ خەوێکی بێ خەون. لەمەودوا هەست بەو خەم و پەژارە و ئازارانە ناکا کە ئێمە هەستی پێ دەکەین.

مارتا: بێ گوناحی و پاکی خەوی خۆی هەیە، خەوێ کە پڕ بەپێستی بێ گوناحییە. من قینم لەم پیاوە نەبوو، بۆیە خۆشحاڵم کە بەبێ دەرد و ئازار دەمرێ، بەڵام حەز ناکەم هەر بەدیارییەوە دانیشم و سەیری بکەم. بەپێویستی نازانم سەیری پیاوێ بکەین کە دوای تۆزێکی دی دەیبەین.

دایک: (سەر دەلەقێنێ و بەدەنگێکی نزم دەڵێ) لە کاتی خۆیدا دەیبەین پەلەمان چییە؟ خۆ ئەگەر سەیریشی بکەین ئەو چ زیانێ ناکات، هێشتا نەمردووە. خەوتن، مردن نییە. بەڵێ مارتا. تەماشای بکە. لە ساتێکدا دەژی چ دەسەڵاتێکی بەسەر چارەنووسی خۆیدا نییە. هیوا و ئاواتەکانی ژیانی کەوتۆتە دەست کەسانی دی. با ئەم دەستانە بەبێ دەنگی وەک بەرەبەیان، بێ ئەوەی بزانێ چووەتە قۆناغێکی تازەی ژیانەوە، بەڵام ئەگەر بەرەو ئەو بجووڵێ وەک قوڵاپ لە قاچەکانی گیر ببێ، ئەوسا هەتا هەتایە لە گۆڕێکی تەنیادا ڕادەکشێت.

مارتا: (لەپڕ هەڵدەستێ) دایکە تۆ ئەوەت بیر چووە کە هەموو شەوێک کۆتایی دێت و ئێمەش کاری زۆرمان بەدەستەوەیە. دەبێ کاغەزەکانی گیرفانی بپشکنین و خۆشی ببەینە ژوورەکەی خوارەوە. دەبێ چراکان خامۆش بکەین و بەئەندازەی پێویست چاودێری دەرگا بکەین.

دایک: بەڵێ کاری زۆرمان لە بەردەمە. هەر ئەمەشە جاوازییەکەی نێوان ئێمە و ئەو. ئەو بۆ خۆی ئیسراحەتی کرد، لە باری قورسی ژیان ڕزگار بوو، ئیدی خەم لە هیچ ناخوات، بیر ناکاتەوە، خۆی ماندوو ناکات. خاچی ژیانی لە ملی خۆی داکەند و ئاسوودە بوو، کەچی منی پیر و شەکەت هەست دەکەم شادیم لەم کارەدایە. ئا لێرەدایە.

مارتا: کاتی ئەوەمان نییە باسی شادی بکەین و شادی لە کوێ و لە چی دایە. چاودێری دەرگاکە

دەکەین... خۆ ئەگەر لە هەموو شتێکیش دڵنیا ببین. هێشتا هەر کاری زۆرمان لە بەردەمدایە، دەبێ بچین بۆ قەراخی دەریاکە. بەجوانی قەراغەکە بگەڕێین نەوەک سەرخۆشێکی نووستوو بمانبینێ. ئەوجا بەپەلە هەڵی دەگرین بۆ ئەوێ – دەزانی ئەم کارە چ هەوڵێکی دەوێ؟ ناچارین قۆناغ بەقۆناغ بیبەین، کە گەیاندمانە قەراغەکە، دەبێ تا بۆمان دەکرێ و دەتوانین فڕێی بدەینە قووڵایی دەریاکەوە، با جارێکی دیش ئەوەت پێ بڵێم کە شەو هەمیشەیی نییە.

دایک: بەڵێ زۆرمان لە بەردەمە، هەرچەند بیر دەکەمەوە تەنیا بیرکردنەوە ماندووم دەکات. بەڕاستی شەکەت بووم. ناتوانم بەردەوام بم توانای بەردەوامبوونم نییە، بەڵام ئەم پیاوە ملی داوەتە خەت، گومان ناکات، چێژ لە خەوی خۆی وەردەگرێ. ئەگەر هەڵی بسێنین سەرلەنوێ ژیان دەست پێ دەکاتەوە. ئەوەی لەودا بۆم دەرکەوتووە وەک پیاوانی دی هەرگیز دانامرکێتەوە، بۆیە هەست دەکەم کە دەبێ بۆ ئەوێی بگوازینەوەو بەقووڵایی دەریا و تووڕەیی شەپۆلی بسپێرین (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ)، بەڵام مایەی داخە کە ڕزگارکردنی پیاوێ لە شتە قوڕ و تڕوهاتەکان ئەم گشت ئەرک و ئەزیەتەی بوێ تا بەئارامی و ئاشتیی بسپێرین.

مارتا: دایکە، وا بزانم وڕێنە دەکەیت؟ جارێکی دیش دووپاتی دەکەمەوە کە هێشتا زۆرمان لە بەردەمە، تەنانەت ئەگەر فرێمان دایە دەریاکەشەوە دەبێ شوێنەواری لەسەر کەناری دەریاکە بسڕینەوە. شوێن پێکانی خۆمان نەهێڵین. کات بەسەر دەچێ ئەگەر پەلە نەکەین فریا ناکەوین. بۆ دەتەوێ لە پاڵ ئەم کابرایەدا ڕاکشێیت. سەیری بکەیت گەرچی چاوت ئەوەندە کزە کە بەتەواوی نایبینی. وێڕای ئەوەش سووری لەسەر ئەم کارە بێ سوودەت.

دایک: مارتا! ئەرێ زانیت، دەیویست ئەوشۆ بڕوات؟

مارتا: نەء، نەمزانی، بەڵام بشمزانیبایە هەر ئەم ڕەفتارەم دەکرد، چونکە بڕیارێ بوو دابووم.

دایک: هەر تۆزێ لەمەوبەر ئەوەی پێ وتم نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە.

مارتا: ئاه! کەواتە قسەت لەگەڵیدا کرد؟

دایک: کە وتت چایەکت بۆ بردووە، چووم بۆ لای دەمویست نەیەڵم بیخواتەوە. ئەگەر زووتر بچوومایە فریا دەکەوتم، بەڵام چایەکەی خوارد بووەوە، ئیدی منیش شتەکانم بەڕەوتی ئاسایی خۆیان سپارد، بەتایبەتی کە خواردبوویەوە ئیدی هیچ شتێ گرنگ نەبوو.

مارتا: کە هێشتا هەر لەسەر هەمان هەستی خۆتی. من بەڕاستی نازانم لەوەی پتر ماتڵ ببین هەستە یارمەتیم بدە و لەم کارە سەختە ڕزگارم بکە.

دایک: (هەڵدەستێ) ئامادەم، دەبێ یارمەتیت بدەم و یارمەتیشت دەدەم، بەڵام تۆزێ مۆڵەتم بدە، ئاخر من پیرم و تاقەتی تۆم نییە، ناتوانم وەک تۆ گورجوگۆڵ بم. تۆ لە بەیانییەوە تا ئێستا وچانێکت نەداوە، بەڵام من ناتوانم وا بم. تەنانەت ئەم پیاوەش نەیتوانی وەک تۆ بێ و شان بەشانی تۆ بڕوات. بڕیاری دابوو بڕوات، بەڵام هێشتا بڕیارەکەی بەتەواوی نەدابوو، تۆ چایەکەت فریای خست.



مارتا: بەڵام با ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو وای لێ کردم وا زوو بەزوو بڕیاری خۆم بدەم. ئەوەندە باسی ئەو وڵاتەی بۆ کردم کە لەمێژە تامەزرۆیم، ئەوەندە ختووکەی سۆزی دام و تامی تامی دامەوە دڵم لە ئاستی ڕەق بوو. ئەمەیە پاداشتی پاکی و بێ گوناحی.

دایک: لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بەوە کردبوو کە شتێکمان لەژێر سەردایە مارتا. پێی وتم هەست دەکات ئەم ماڵە ماڵی خۆی نییە... بێگانەیە تێیدا.

مارتا: (بەبێ توانایی و بێ سەبرییەوە) هەڵبەت ماڵی ئەو نییە. ماڵی هیچ کەسێک نییە. کەس لەم ماڵەدا هەرگیز هەست بەئاسوودەیی و دڵنیایی ناکا. خۆ ئەگەر زووتر ئەمەی دەرک کرد با ئەوا خۆشی و ئێمەشی لەگەڵ خۆیدا قوتار دەکرد، ئەوەی لە کۆڵ دەکردینەوە کە پێی بسەلمێنین ئەم ژوورە بۆ نووستنە و ئەم عالەمە بۆ مەرگە، خێراکە دایکە تۆ بی ئەو خوایەی هەندێ جار هانای بۆ دەبەیت خێراکە با کارەکەمان تەواو بکەین. (دایک هەنگاوێ لە چرپایەکە نزیک دەبێتەوە)

دایک: چاکە مارتا با دەست پێ بکەین، بەڵام هەست دەکەم هەرگیز بەیان نادات.

(پەردە)

**پەردەی سێیەم**

## دیمەنی یەکەم

(هۆڵی ئوتێلێکە. دایک، مارتا خزمەتکارە پیرەکە، لەسەر شانۆن. پیرەمێردەکە هۆڵەکە دەماڵێ و پاک دەکاتەوە. مارتا لەپشت مێزەکەوە قژی ڕێک دەخات و بۆ پشتەوەی هەڵدەداتەوە. دایک بەرەو دەرگا دەچێت)

مارتا: ئەوا بەیانی دا و ئەم شەوە کۆتایی هات.

دایک: بەڵێ سبەینێ هەست بەڕەزامەندیی ئەنجامی کارەکەمان دەکەم، بەڵام ئێستا تەنیا هەست بەشەکەتی دەکەم کە شەوێکی سەخت و دژوار بوو؟

مارتا: بەڵام من ئەوا بۆ چەند ساڵێ دەچێ بۆ یەکەمین جارە هەست بەئازادی دەکەم. هەرگیز بەم ئاسانییە پیاوم نەکوشتووە، خەریکە گوێم لە هاژەی شەپۆڵەکانی دەریا دەبێ. هەست دەکەم خەریکە لە خۆشییان بگریم.

دایک: چاکە مارتا، زۆر چاکە، بەڵام من هێندە هەست بەپیری خۆم دەکەم کە هەرگیز ناتوانم بەشداری شادیی تۆ بکەم، بەڵام ڕەنگە بۆ سبەینێ چاک ببم.

مارتا: بەڵێ هەموو شتێ چاک دەبێ، بەڵام تکات لێ دەکەم بەس سکاڵا و گلەیی بکە، مۆڵەتم بدە چێژ لە شادییەکەم وەربگرم. ئەم بەیانییە وا هەست دەکەم کە بوومەتەوە بەکچۆڵەکەی جاران. هەست دەکەم خوێنم جماوە. حەز دەکەم ڕابکەم و گۆرانی بچڕم. ئاه! بەڵام پێم بڵێ (دەوەستێ)

دایک: چی بوو مارتا؟ لێت تێ ناگەم.

مارتا: دوێنێ... (دەوەستێ ئەوجا بەگەرمی) پێم بڵێ ئەرێ هێشتا جوانم؟

دایک: بەڵێ ئەم بەیانییە جوانی. تاوان خۆشە، هەندێ کەس جوان دەکات.

مارتا: تاوانی چی! چیدی گوێ بەتاوان نادەین! من سەرلەنوێ لە دایک بوومەتەوە. دەمەوێ بچم بۆ ئەو شارەی تێیدا شاد دەبم.

دایک: دەی. من دەمەوێ ئیسراحەت بکەم. زۆر شادم کە دەتبینم بەدەم ژیانەوە پێدەکەنی. ئەمە تۆڵەی هەموو ئەو شەوانەیە کە ئێشکمان تێدا دەگرت و دەمانویست ئەو شەوانە تۆ شاد بکەن و بەئاواتت بگەیەن. ئەنجام ئەورۆ بەئاواتت بگەیەنن. ئەنجام ئەورۆ بەیانی ئیسراحەتم کرد. تەنیا هەست بەوە دەکەم کە شەو زۆر بەسەختی تێ دەپەڕی.

مارتا: چ قەیدییە! لە تۆڵەی ئەوەدا ئەورۆ ڕۆژێکی گەورەیە. ئەهای پیرەمێرد ئاگادار بەکاغەز و شتی ئەو ڕێبوارەمان لێ نەکەوتبێ. برۆ کۆیان بکەوە و تاقیبێ بکە. (دایک دەچێتە دەرێ. پیرەمێردەکە دەچێتە ژێر مێزێک و پاسەپۆرتی کوڕەکە دەردێنێ، دەیکاتەوە، سەیرێکی دەکا و هەر بەکراوەیی دەیهێنێ و دەیداتە دەست مارتا).

مارتا: من چ کارێکم پێی نییە. لە لایەکەوە دای بنێ. هەموویان پێکەوە دەسووتێنین. (پیرەمێردەکە بەهەمان شێوە پاسەپۆرتەکەی بەدەستەوەیە، مارتا لێی وەردەگرێ).

مارتا: ئەمە چییە؟ (پیرەمێردەکە دەچێتە دەرێ مارتا ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی چ کاردانەوەیەک نیشان بدا. دەخوێنێتەوە بەدەنگێکی بەڕواڵەت ئارام بانگ دەکات) دایکە!

دایک: (سەرلەنوێ) دیسان چیت دەوێ؟

مارتا: وەرە (دایک دێتە ژوورەوە. مارتا پاسەپۆرتەکەی دەداتە دەست).

دایک: (بەدەنگێکی ئاسایی و بێ هەڵچوون) بەڵێ دەمزانی ڕۆژێ دێ و بەسەر خۆماندا دەشکێتەوە و کۆتاییمان پێ دێنێ. کۆتایی بەهەموو شتێ دێنێ. مارتا وازم لێ بێنە. بەشی خۆم ژیام. لە کوڕەکەم پتر ژیام. نەم ناسییەوە و کوشتم. ئێستاش دەتوانم بچم بۆ لای و لە قووڵایی دەریادا پێی بگەمەوە... لە قووڵایی دەریادا کە ئێستا گژوگیا ڕوویان داپۆشیوە.

مارتا: دایکە ناشێ بڕۆیت و بەتەنیا جێم بهێڵی؟

دایک: مارتا گیان تۆ چاکترین کچ بووی بۆ من. بەداخەوەم کە جێت دەهێڵم، ئەگەر وشەی داخ واتایەکی هەبێ! من دەبێ ئەوە بڵێم تۆ بەشێوەی تایبەتی خۆت باشترین کچ بووی بۆ من. هەمیشە وەک پێویست ڕێزت گرتووم. بەڵام ئیدی وەڕس بووم. دڵە پیرەکەم ئەو دڵەی کە گوێ بەهیچ نادات. ئەمرۆکە واتای مەستی و برژانی زانی، لەوە پتر هەڵناکەم. بەڵێ نەمناسییەوە. کوڕەکەی خۆمم نەناسییەوە، کە دایکێ نەتوانێ کوڕی خۆی بناسێتەوە مانای ئەوەیە وەک دایکێ دەوری تەواو بووە. ئیدی من لەسەر زەویدا دەورم نەما.

مارتا: نا مادام کیژێکی هەبێ و ئاواتەکانی نەهاتبنە دی و شادی و بەختەوەریی کچەکە بەدایکییەوە بەند بێ، کە گوێم لەم قەوانە تازەیەت دەبێ ئەی ئەو کەسەی فێرت کردم گوێ بەهیچ نەدەم، خەریکە دڵم شەق دەبات، خۆزگاکانم تەرتەووەرتە دەبن.



دایک: (بەهەمان دەنگ) ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە لەم عالەمەی ئێمەدا نکوڵی لە هەموو شتێ بکەین، بەڵام هەندێ شت هەن نکوڵییان لێ ناکرێ. لەم سەر زەمینەی کە ئێمە تێیدا دەژین ناتوانین متمانە بەهیچ شتێ بکەین. وێڕای ئەوەش هێندێ شتی تێیدایە کە هەیە و نکوڵی لێ ناکرێ. (بەگەرمی) ئێستاش خۆشەویستی دایک بۆ کوڕەکەی حەقیقەتی ڕاستەقینەی منە.

مارتا: کەواتە دڵت جێی خۆشەویستی کچی تێدا نەماوە.

دایک: مارتا نامەوێ دڵت بشکێنم. بەڵام خۆشەویستی کچ وەک هی کوڕ نییە. خۆشەویستی کچ لە دڵی دایکدا کەمترە لە هی کوڕ. من ئێستا ناتوانم بەبێ خۆشەویستی کوڕەکەم بژیم.

مارتا: خۆشەویستییەکی جوانە، ئەو کوڕەی بیست ساڵ فەرامۆشی کردبوویت!

دایک: بەڵێ خۆشەویستییەکی جوان بوو بیست دانە ساڵ بەبێ دەنگی خۆی ڕاگرت و ئاقیبەت بۆ لای دایکی گەڕایەوە. لەوە دەچوو ئەو ئەمی فەرامۆش کرد بێ و ئەمیش ئەوی فەرامۆش کرد بێ. چ دەڵێی بیڵێ بەڵام خۆشەویستییەکەی جوان بوو، بەڵێ من ئەمەی تێدا دەبینم. خۆشەویستییەکی جوان بوو. تەنیا جوانییەکەیم بەسە مادام ناتوانم بەبێ ئەو بژیم. (هەڵدەستێ).

مارتا: مەحاڵە. ئەم قسەیەی تۆ زادەی هەڵچوون نەبێ، زادەی بیرنەکردنەوە نەبێ لە کچەکەت.

دایک: نەخێر بیرم لە تۆ نەکردووتەوە. لە پێناوی تۆدا هەڵنەچووم. چونکە من شایستەی هەموو سزایەکم ئەوا بەسزای خۆشم گەیشتم. مارتا بێ گومان ئەمە ئەنجامی هەموو بکوژێکە: پووچەڵبوونی ناخ، قاتوقڕی بێ هیچ جۆرە ئایندەیەک. بۆیە کۆمەڵگا لێیان ڕزگار دەبێ چونکە بەکەڵکی هیچ شتێ نایەن.

مارتا: (بەرەو دایکی دەچێ و بەتوندی) تۆ لەمەوپێش قسەی وات نەدەکرد... تۆ بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە هەمیشە پاڵپشتی منت دەکرد. بەدەستێکی پۆڵایین قاچی ئەوانەت دەگرت کە دەمان کوشتن. ئەوسا بیرت لە ئازادی یان دۆزەخ نەدەکردەوە. درێژەت دەدایێ. ئێستا نازانم کوڕەکەت چ شتێکی لە تۆدا گۆڕیوە؟

دایک: ڕاستە، درێژەم بەکاری خۆم دەدا، بەڵام تەنیا بەحوکمی ڕاهاتن بوو، هەڵبەت ئەو ڕاهاتنەش چ جیاوازییەکی لەگەڵ مەرگدا نییە، ئەگەر تووشی ئەزموونێکی دڵتەزێن نەبام هەرگیز نەدەگۆڕام. کوڕەکەم ئەوەی لە مندا گۆڕی. (مارتا حەرەکەیەک دەکات وەک ئەوەی بیەوێ قسان بکا) دەزانم قسەکانم ماقووڵ نین، چونکە تاوانبار هەست بەئازار ناکات. بەڵام ئەوەی من هەستی پێ دەکەم وەک ئازاری ئەو دایکانە نییە کە جگەریان دەسووتێ و شیوەن بۆ کوڕەکانیان دەکەن. من نە هاوار دەکەم و نە دەگریم. ئازارەکەم ئازاری هەستکردنە بەخۆشەویستی ئەو خۆشەویستییەی لە نوێ لە دڵمدا دەژێتەوە. هەرچەند ئازارێکی سەختە، دەشزانم ماقووڵ نییە (بەدەنگێکی تازە) بەڵام عالەم خۆی لە خۆیدا ماقووڵ نییە، هەقی خۆمە جارێ ناماقووڵیی عالەم بدەم، دوای ئەوەی هەموویم تاقی کردەوە لە ڕۆژی دروستبوونییەوە تا ڕووخان و نەمانی هەر وا هاتووە. (بەرەو دەرگا دەکەوێتە ڕێ. مارتا پێشی دەکەوێ و ڕێی لێ دەگرێ).

مارتا: نە دایکە، نابێ بەجێم بهێڵی بیرت نەچێ من ئەو کەسەم کە لەگەڵتدا مامەوە، ئەو جێی هێشتیت و فەرامۆشی کردیت، من عومرێکی تەواو لەگەڵتدا بووم کەچی ئەو بەبێ دەنگی بەفەرامۆشی سپاردیت. پێویستە حیسابێ بۆ ئەمە بکەیت و بەرەو لای من بێی نەک بەرەو لای ئەو بچیت.

دایک: (بەناسکی) ڕاستە مارتا، بەڵام من ئەوم کوشت! (مارتا ئاوڕێ دەداتەوە، لەوە دەچێ سەیری دەرگا بکات).

مارتا: (دوای تۆزێ بێدەنگی بەهەڵچوونەوە) ئەوەی لە ژیاندا پێویست بوو بەو درابوو. وێڕای ئەوەش ڕۆیشت و وڵاتی خۆی بەجێ هێشت، وڵاتانی تری ناسی، دەریای بڕی، لەگەڵ ئەو کەسانەدا ژیا و تێکەڵ بوو کە هەست بەئازادی دەکەن و تێیدا دەژین... بەڵام من لێرەدا مامەوە و دڵی خۆم دەرخواردی سێبەر دا، بێ کەس و ژیانێکی بێ مانا لە گۆڕێکی ناو جەرگەی ئەوروپادا زیندەبەچاڵ کرام، بوو بەعەزرەتی دڵم پیاوێ تاقە پیاوێ ماچم بکات، کەسێ بەڕووتی نەیبینیم، تەنانەت تۆش دایە سوێندت بۆ دەخۆم دایە دەبێ تۆڵەی ئەو هەموو دەرد و ڕەنجەم بکەمەوە، بەڵام تۆ ئەوەتا دەبینی خەریکە ئاواتەکەم دێنمە دی و بەئارەزووەکانم دەگەم هەرگیز نابێ بەبیانووی ئەوەی پیاوێ کوژراوە بەجێم بهێڵی، لێم تێ بگە دایکە ئەوەش بزانە هەر کەسێ بەخۆشی بژی، گوێ بەمەرگ نادات. دەتوانین هەردووکمان فەرامۆشی بکەین. من برایەک لە بیر بکەم و تۆش کوڕێک لە بیر بەریتەوە. ئەوەی ڕووی دا گرنگ نەبوو، ئەو بەکامی دڵی خۆی ژیا. هەموو خۆشییەکی ژیانی چەشت، بەڵام من تا ئێستا ئۆخەیم نەکردووە و تامی ژیانم نەزانیوە کەچی ئەوەتا تۆ لێمی تێک دەدەیت ئایا ڕەوایە لە خۆشەویستی تۆ بێ بەش ببم؟ هەقی ئەوەی هەیە بەرەو ناخی دەریا، ناخی تاریک و بەستەڵەکی دەریات ببا؟ (بەبێ دەنگی دەڕواننە یەکدی. مارتا چاو دادەخات و زۆر بەنزمی قسان دەکات) من تەماحکار نیم، داوای زۆر ناکەم، تەنیا کەمێ ژیانم دەوێ، دایکە هەندێ وشە هەن ناتوانم بەکاریان بێنم، خۆیان بەدەستەوە نادەن. بەڵام... ئەگەر سەرلەنوێ من و تۆ دەست پێ بکەینەوە لات وا نییە ڕۆژگارمان شیرینتر ببێ؟

دایک: تۆ ناسی بووتەوە؟

مارتا: نەخێر نەمناسییەوە. کەمترین ڕواڵەت و شێوەیەیم لە بیر نەما بوو ئیدی شتەکە ڕوویدا و بڕایەوە، تۆ خۆت لەمەوپێش وتت: ئەم عالەمە ماقووڵ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو ئەو پرسیارەت کردبا، چونکە من ئێستا دڵنیام کە ئەگەر بشم ناسیبا هیچ شتێ نەدەگۆڕا.

دایک: ماقووڵ نییە، هیچ ئینسانێ نییە تەنیا هەر شەڕ بێ، بگرە گەورەترین تاوانبار هەندێ جار دڵی تەڕی سۆز دەبێ و قێز لە چەک دەکاتەوە.

مارتا: منیش ئەو جار و ساتانە دەناسم، بەڵام سەر بۆ برایەکی نەناس دانانەوێنم.

دایک: کەواتە سەر بۆ کێ دادەنەوێنی؟

مارتا: (سەر دادەنەوێنێ) بۆ تۆ دایکە گیان (بێدەنگییەکی کەم).

دایک: (بەئەسپایی) بەڵام تازە درەنگە مارتا. ئیدی هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێ. (تۆزێ ئاوڕ



دەداتەوە) بەڵام بۆ قسەی نەکرد؟ بۆ بێدەنگ بوو؟ بێدەنگی کوشندەیە، بەڵام خۆ قسەکردنیش هەر کوشندەیە. ئەو تۆزە قسەیەی کرد مەرگەکەی خێراتر و نزیکتر کردەوە (ئاوڕ لە کچەکەی دەداتەوە) ئەوە دەگریت مارتا؟ بەڵام تۆ نازانی گریان چۆن دەبێ، لە بیرتە کە لە ئامێزم دەگرتیت و ماچم دەکردیت؟

مارتا: نەخێر دایکە.

دایک: هەقتە، چونکە لەمێژە، منیش هەر زوو ئەوەم لە بیر چووەوە کە چۆن دایک کیژەکەی لە ئامێز دەگرێ، بەڵام من دەستبەرداری خۆشەویستیت نەبووم (بەنەرمی مارتا دەخاتە لاوە مارتاش وردە وردە ڕێگای دەدات) ئێستا هەست بەوە دەکەم براکەت ئەم خۆشەویستییەی لە ناخمدا بێدار کردووە، براکەتم کوشت. دەبێ ئەم خۆشەویستییەش بکوژم. بیکوژم و خۆشمی لەگەڵدا بکوژم. (ڕێگا لە بەردەمیدا وازەو دەتوانێ تێ بپەڕێ).

مارتا: (دەموچاوی دەخاتە نێو هەردوو لەپی) بەڵام ئێستا چ شتێ لە خەم و پەژارەی کچەکەت بەهێزترە؟

دایک: ڕەنگە شەکەتی و... تینوێتی و... (دەچێتە دەرێ بێ ئەوەی کچەکەی ڕێی لێ بگرێ).

## دیمەنی دووەم

(ماریا بەرەو دەرگا ڕادەکات، بەتوندی پێوەی دەدات و لەسەرخۆ کلیلی دەدات و دەست بەهاوار دەکات)

مارتا: نەخێر، من چیم داوە بەسەر براکەمەوە؟ هیچ کەچی بووم بەبێگانەی ماڵی خۆم. شوێنێ نییە سەری تێدا بنێمەوە، دایکیشم وازی لێ هێنام. ئای لەم ستەمە! چەند زۆر لە بێ گوناحان دەکەن! ئەو بەهەموو خواستێکی خۆی گەیی، کەچی من هیچم نەبینیوە. بەتەنیا جێیان هێشتم دوور لەو دەریایەی کە ئەوەندە شەیدایم. ئاه کە بەغیلی بەو دەبەم بەدرێژایی تەمەنم چاوەڕێی ئەو شەپۆڵە بووم کە هەڵم بگرێ بۆ دوور، بۆ ئەو شوێنەی دڵم دەیەوێ بەڵام وا نایەت و نایەت. لێرەدا دەمێنمەوە. ئەمە چارەنووسمە و بەخت و نێوچەوان... کەچی ئەو هەموو وڵات و میللەتانە، ئەم هەموو دەشت و کێوانەی بەری بای دەریا دەگرن، چواردەوریان داوم (بەدەنگی نزمتر) هەندێ شوێن هەن هەرچەند لە دەریاوە دوورن، بەڵام بای ئێواران هەندێ جار بۆنی گیای دەریای بەسەردا دێنێ. کەنارە شێدارەکان وەبیری مرۆڤ دێنێتەوە، بەڵام بای دەریا ناگاتە ئێرە. هەرگیز هەرگیز بەئاوات و خۆزگەکانم ناگەم، گوێ دەنێم بەزەوییەوە کەچی گوێم لە دەست لەملانی کێوی بەفر و شەپۆلی دەریا نابێ، من دوورم زۆر دوورم لە هەموو ئەو شتانەوە کە خۆشم دەوێن. من قینم لێیەتی،قینم لەوە، چونکە بەمرازی دڵی خۆی گەیی! بەڵام من هیچ پەنایەکم نییە جگە لەم شارە خەمناکەی کە ئاسمانەکەی بێ کوتاییە. کە برسیم دەبێ تەنیا هەرزن شک دەبەم، کە تێرم بکات، خوێنیش تینوێتیم دەشکێنێ، ئەو خوێنەی دەیڕێژم. ئا ئەمەیە نرخی خۆشەویستیی دایکان! بەڵام من کەس خۆشی ناوێم، دایکم خۆشی ناوێم. دەی سا خۆزگە دەمرێ، با بڕوا و جێم بێڵێ، با بەتەنیا لەگەڵ تووڕەیی خۆمدا، لەگەڵ تووڕەیی ڕەوامدا بەجێم بێڵێ! چاوی

پاڕانەوە نابڕمە خوا! لە سەرەمەرگدا تۆبە و داوای بەخشین ناکەم لەوێ مرۆڤ دەتوانێ ڕابکات و بەئازادی هەناسە بدات و بەدەنی بەبەدەنی پیاوێکەوە بچەسپێنێ و چۆن ڕێک کەوت خۆی بداتە دەم شەپۆڵەوە لەوێدا لەو وڵاتەی کە دەریا چوار دەوری گرتووە دەسەڵاتی خوا نامێنێ بەڵام لێرەدا چۆن و بەهەر لایەکدا دەڕوانی دەبێ چاو دابخەیت، هەموو شتێ هەر پۆلیسە و ئازادی دەخنکێنێ من قینم لەم عالەمە تەنگەبەرەیە. کە هەناسەمان لەبەر دەبڕێ و ناچارمان دەکات هەمیشە دەستە و دوعا لەبەر خوا بپاڕێینەوە نیگاکانمان بەسواڵکردن ڕابهێنین. کەس لایەنگریم ناکات دە منیش یاخی دەبم لەو ستەمەی لێم کراوە، چۆک دانادەم هەڵیان خەڵەتاندم، من لە شوێن بێ بەش و لە دایک بێ بەریم. هیچم بۆ نەماوەتەوە جگە لە تاوانەکانم کەواتە دەبێ ئەم عالەمە بەجێ بهێڵم و بەهیچ ڕازی نەبم. (لە دەرگا دەدرێ).

## دیمەنی سێیەم

مارتا: کێیە؟

ماریا: ڕێبوارم، میوانم.

مارتا: ئیدی میوان ڕاناگرین.

ماریا: بەڵام مێردەکەم لێرەیە و بۆ لای ئەو هاتووم (دێتە ژوورەوە).

مارتا: (سەیر دەکات) مێردەکەت کێیە؟

ماریا: دوێنێ هاتبوو بۆ ئێرە، قەرار بوو ئەمڕۆ بەیانییەکەی سەرم لێ بدات. کەچی نازانم بۆ سەری لێ نەدام.

مارتا: بەڵام ئەو وتی ژنەکەی لە هەندەرانە.

ماریا: هۆی تایبەتی بۆ ئەو قسەیەی هەبووە، بەڵام بەڵێنمان دابوو کە ئەم بەیانییە یەکدی ببینین.

مارتا: (هێشتا هەر سەیری دەکات) بەڕاستی کارێکی دژوارە، مێردەکەت لێرە نەماوە.

ماریا: ئەوە دەڵێی چی؟ مەگەر لێرە ژووری بەکرێ نەگرتبوو؟

مارتا: بەڵێ، بەڵام هەر شەوێ ڕۆیی.

ماریا: باوەڕ ناکەم، چونکە دەزانم بۆچی پابەندی ئەم ماڵە بوو. بەڵام قسەکانی تۆ دەمترسێنێت، پێم بڵێ مەبەستت چییە؟

مارتا: هیچ مەبەستێکم نییە، ئەوەندە هەیە مێردەکەت لێرە نەماوە.

ماریا: بەڵام بەبێ من ناڕوات. من لێت تێ ناگەم. باشە پێی وتیت بەیەکجاری دەڕوات یان دەگەڕێتەوە؟

مارتا: بەیەکجاری ڕۆیی.

ماریا: گوێ بگرە، من لە دوێنێوە تا ئێستا لەم وڵاتە بێگانەیەدا بەدەم چاوەڕوانی ئەوەوە دەتلێمەوە و سەبرم لێ بڕاوە، ئێستاش بڕیارم داوە تا مێردەکەم نەبینم یان شوێنەکەی نەزانم لێرە ناڕۆم.

مارتا: من چوزانم؟ ئەمە پێوەندی بەخۆت و مێردەکەتەوە هەیە و هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە.



ماریا: تۆ هەڵەیت پێوەندی بەتۆشەوە هەیە، زۆریش پێوەندیی بەتۆوە هەیە. نازانم مێردەکەم بەم قسانەی ئێستای من ڕازییە، یان نا، بەڵام من لەم گاڵتەبازاڕ و یارییە بێ هوودانە بێزار بووم. بۆیە بەئاشکرا پێت دەڵێم ئەو پیاوەی دوێنێ هاتبووە ئێرە، براکەت بوو ئەو برایەی چەندین ساڵە نەتبینیوە و گوێت لە قسەی نەبووە.

مارتا: دەزانم.

ماریا: (بەتووڕەیی) کەواتە چی ڕوویداوە؟ کە لە یەکدی ئاشکرابوون ئەی بۆ براکەت لێرە نەماوە؟ پێشوازیتان لێ نەکرد؟ تۆ و دایکت بەهاتنەوەی شاد نەبوون؟

مارتا: براکەم لێرە نەماوە، چونکە مردووە (ماریا لە سەرسامیدا هاوار دەکا تۆزێ بێدەنگ دەبێ، بەقینەوە چاو دەبڕێتە مارتا. ئەوجا بەپێکەنینەوە بەرەو مارتا دەچێ).

ماریا: گاڵتە دەکەیت وا نییە؟ جان هەموو جارێ بۆی دەگێڕامەوە کە چۆن تۆ بەمنداڵی حەزت دەکرد خەڵکی بترسێنی. ئێمە وەک خوشک واین من و تۆ و...

مارتا: دەستم پێوە نەدەی لە جێی خۆت بووەستە هیچ شتێ من و تۆ کۆ ناکاتەوە. (بێدەنگی) شۆخییش ناکەم، مێردەکەت دوێنێ شەو مرد و تۆش دەبێ بڕۆیت و هیچ کارێکت بەئێرە نییە.

ماریا: ئەوە شێت بوویت؟ بنیادەم کە یەکێک چاوەڕوانی بێ هەروا بەئاسانی نامرێ. ئەمە شتێکی زۆر کتوپڕە و ناتوانم باوەڕت پێ بکەم. کارێکی وا بکە کە بیبینم ئەوجا لەوانەیە باوەڕ بکەم.

مارتا: مەحاڵە، چونکە ئەو ئێستا لە ناخی دەریادایە... (ماریا دەستی بۆ دەبات) دەستم تێوە نەدەی! نەیەیتە پێشەوە. نەیەیتە پێشەوە. ئەو لە قووڵایی دەریادایە، دوێنێ شەو من و دایکم فڕێماندایە دەریاوە، دوای ئەوەی خەواندمان هیچ ئازارێکی نەکێشا، بەڵام مرد، مرد. من و دایکم کوشتمان.

ماریا: (دەکشێتەوە) هەڵبەت من شێت بووم وشەی ئەوتۆ دەژنەوم کەس لەسەر ڕووی زەمین نەیوتوون. دەمزانی لەم وڵاتەدا خێر و خۆشی نابینم، بەڵام ئامادە نیم بەشداریی ئەم شێتییەتان بکەم، وشەکانت ناخی دڵم دەسمێ. تۆ باسی کەسێکی دی دەکەیت نەک باسی ئەو پیاوەی هاوسەری ژیانی من بوو. خەونە خەیاڵە؟

مارتا: من نامەوێ قەناعەتت پێ بکەم، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە ناچاریت بەزووترین کات دانی پێدا بنەیت.

ماریا: (بیردەکاتەوە) ئاخر بۆ، بۆ ئەم کارەتان کرد؟

مارتا: بەچ هەقێکەوە ئەم پرسیارەم لێ دەکەیت.

ماریا: (بەفریادەوە) بەناوی خۆشەویستیمەوە بەهەقی عەشقمەوە.

مارتا: ئەم وشەیە مانای چییە؟

ماریا: مانای. مانای ئەو هەموو شتەیە کە ئێستا جەرگ و دڵم ئەنجن ئەنجن دەکات. واتای ئەوەیە کە

پەنجەکانم بۆ کوشتن تیژ دەکات، واتای هەموو شادییەکی لە دەست چوومە، واتای ئەو دەردەیە کە بەمنت نۆشاند، بەڵێ ئەی شێتی بەدخوو گەر لە هەوەڵەوە کۆنترۆڵی خۆم نەکردبا ئێستا مانای ئەم وشەیەم فێر دەکردیت وگۆناکانتم بەنینۆک هەڵدەدڕی.

مارتا: تۆ بەزمانێ قسان دەکەیت کە من تێت ناگەم من لە واتای وشەی وەک خۆشەویستی و شادی و خەم تێ ناگەم ئەم وشانە لە لای من چ واتایەکیان نییە.

ماریا: (هەوڵ دەدا بەئارامی بدوێ) گوێ بگرە مارتا- نێوت مارتایە وا نییە؟ با واز لەم شۆخییە بێنین، با واز لەم وشە بێ سوودانە بێنین بەر لەوەی دەست لە خۆم بشۆم بەئاشکرا شتەکەم پێ بڵێ.

مارتا: لەوە ئاشکراتر نابێ. دوێنێ شەو مێردەکەتمان کوشت تا پارەکەی وەدەست بێنین، وەک ئەمەمان لەگەڵ میوان و ڕێبواری تریشدا کردووە.

ماریا: کەواتە دایک و خوشکەکەی دوو بکوژن؟

مارتا: بەڵام، ئەمە کارێکە پێوەندیی بەخۆیانەوە هەیە.

ماریا: (دەیەوێ ئارام دیار بێ) باشە زانیت براتە؟

مارتا: گەر بیرت بکردایەتەوە دەتزانی بەد-حاڵیبوونێک لە کارەکەدا بووە، خۆ ئەگەر کەمترین ئەزموونت لەگەڵ عالەمدا هەبووایە سەرت سوڕ نەدەما.

ماریا: (دەگەڕێتەوە لای مێزەکە، دەستی بەسەر سینگییەوەیە و بەدەنگێکی نزمی خەمبار) ئاه! خوایە! دەمزانی ئەم گاڵتەبازاڕە بەم کارەساتە کۆتایی دێ، هەردووکمان من و ئەو بەو سزایە دەگەین، چونکە ڕازی بووین پەیڕەوی بکەین تەنانەت ئاسمان و هەوای ئەم وڵاتە بۆنی سامناکی و خوێنی لێ دەهات. (لە بەرمێزەکەدا دەوەستێ، بێ ئەوەی سەیری مارتا بکات بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی) دەیویست خۆیتان پێ بناسێنێ... شادیتان پێ ببەخشێ، بەڵام وشەی گونجاوی بۆ نەدەدۆزرایەوە، هەوڵی دەدا وشەیەک بدۆزێتەوە کە جەمسەری مەسەلەکەی پێ بکاتەوە، کەچی کوشتتان (دەگری) ئێوە وەک دوو کەسی بێ هەست و کوێر، چاوتان لە ئاستی ئەو کوڕە ئەمەکدارەتان کوێر بوو. هەرگیز زەلامی دڵپاک و ئەمەکداری وەک ئەو زەلامەی کە دوێنێ شەو کوشتتان دەست ناکەوێ. ئەو دەبوو بەمایەی شانازیتان وەک چۆن مایەی شانازیی من بوو. بەڵام ئەفسووس ئێوە دوژمنی بوون. ئەگینا چۆن دەتوانی بەم ئاسانییە باسی شتێ بکەیت کە مایەی شێت بوونە؟

مارتا: بەخۆڕایی خۆت مەکە بەقازی، چونکە تۆ هەموو شتێ نازانی. ئێستا دایکیشم لە پاڵ کوڕەکەیدا ڕاکشاوە و بەبەربەستەکەوە چەسپاون و شەپۆڵ چینە لە دەموچاو و جەستەیان دەکات. دوای تۆزێکی دی خەڵکی لاشەکانیان دەدۆزنەوە و پێکەوە لە هەمان شوێندا بەخاکیان دەسپێرن. بەڵام وێڕای ئەوەش شتێ نامبزوێنێ تا بگریم، بیرکردنەوەی من دەربارەی دڵی مرۆڤ تەواو جیاوازە، لە ڕاستیدا کە فرمێسکەکانت دەبینم دڵم تێک هەڵدێ.

ماریا: (دەگەڕێتەوە و بەتووڕەیی) ئەمە ئەشکی شادییە کە بۆ هەمیشە لە دەستم چوو فرمێسکی



خۆشبەختی حەرام بوومە.

مارتا: خەیاڵ نەکەی بەم قسانە کارم تێ بکەیت لە ڕاستیدا بێ بایەخن، چونکە زۆرم لەم بابەتە قسانە ژنەوتووە. منیش لە لایەن خۆمەوە بڕیارم داوە کە بمرم، بەڵام نامەوێ خۆم تێکەڵ بەوان بکەم. چ پێویستم بەوان نییە ئەوان بەمیهر و خۆشەویستیی تازە و بەناز و نەوازشی تاریکیان دەسپێرم نە من و نە تۆ بەشدارییان ناکەین ئەوان هەمیشە بەرانبەر بەئێمە بێ وەفابوون. هەرگیز دڵسوزی ئێمە نەبوون. من هیچ پێویستییەکەم بەوان نییە، ژووری نووستنەکەم ماوە و کۆڵەکەکەشی مەحکەم و قایمە.

ماریا: من کە لە سۆنگەی تۆوە مێردەکەم لە دەست چوو، بەچی دەچێ بمری یان دنیا خراپ ببێ؟ من بەهۆی تۆوە دەبێ لە شەوی تاریکی تەنیاییدا بژیم و بەدەم ئازاری یادگارەوە بتلێمەوە. (مارتا لەپشتییەوە دەوەستێ و قسانی لەگەڵ دەکات).

مارتا: موبالەغە مەکە! تۆ مێردەکەت لە دەست چوو، منیش دایکم. کەواتە هەردووکمان وەک یەکین لەگەڵ جیاوازییەکدا، تۆ بۆ یەکجار مێردەکەت لە دەست چوو، دوای ئەوەی چەند ساڵێ لە باوەشی خۆشەویستیدا ژیایت و لێت نەتۆرا و جێی نەهێشتیت، بەڵام من دووجاران دایکم لە دەست چوو یەکەمجار تۆرا و جێی هێشتم. دووەم جار مرد... بۆیە من لە تۆ بەدبەختترم.

ماریا: ڕاستە. ئەگەر نەمزانیبا دوێنێ شەو بەتەنیا لە ژوورەکەیدا چاوەڕوانیی چی دەکات، لە کاتێکدا ئێوە تەگبیری کوشتنیتان دەکرد، ڕەنگە دڵم دابایەتەوە و لە خەمەکانم بەشدارم کردبایت.

مارتا: (بەدەنگێکی نائومێدانە) گوناحی مێردەکەت لە ئەستۆی مندا نییە، چونکە منیش وەک ئەو ئازارم چەشت. منیش وام هەست دەکرد وەک ئەو داڵدەیەکم هەیە و تاوان من و دایکم بۆ هەتا هەتایە بەیەکەوە دەبەستێ. ئاخر من جگە لەو ئافرەتەی یارمەتی دام لە کوشتنیدا دەمتوانی پشت بەکێ ببەستم؟ بەڵام من بەهەڵەدا چوو بووم. چونکە تاوانیش تەنیایی دەگەیەنێ، ئەگەرچی هەزاران کەسیش لەگەڵتدا بەشدار بن. بۆیە بەتەنیا دەمرم، چونکە بەتەنیا ژیام و بەتەنیا پیاوانم کوشت. (ماریا ئاوڕی لێ دەداتەوە، فرمێسک بەگۆنایا دێتە خوارەوە، بەڵام مارتا دەکشێتەوە و سەرلەنوێ دەنگی گڕ دەبێ) دەستم تێوە نەدەیت، پێم وتیت دەستم تێوە نەدەی، چونکە ئەگەر بەر لە مەرگ دەستی مرۆڤێکم بۆ درێژ بکرێ و هەست بەگەرمایی بکەم، خوێنم دێتە کوڵ و بێزارتر دەبم (ماریا هەڵدەستێتە سەرپێ. هەردووکیان بەرانبەر بەیەک و زۆر لە نزیکی یەکەوە دەوەستن).

ماریا: مەترسە. لێت دەگەڕێم بەئارەزووی خۆت بمریت، چونکە هەست دەکەم ئازارێکی کوشندە تێم ئاڵاوە و بەرچاوی تاریک کردووم و ئەوەی لە دەوروبەرمدایە نایبینم... تۆ و دایکت جگە لە دوو سیمای ئاڵۆز زیاتر نایەنە بەرچاوم کە لە کارەساتێکی بێ بڕانەوەدا تووشیان بووم تێپەڕین. من ڕقم لێت نییە مارتا هەروەها بەزەییشم پێتدا نایەتەوە، توانای خۆشەویستی و ڕقم نەماوە (لەپڕ دەموچاوی لەنێو هەردوو لەپیدا دەشارێتەوە) لە ڕاستییدا کاتی ئەوەم نییە ئازار بچێژم یان

هەڵچم و تووڕە ببم. کارەساتەکەم لە خۆم گەورەتر بوو.

مارتا: (کە چەند هەنگاوێ بەرەو دەرگاکە چوو بوو... دەگەڕێتەوە بۆ کن ماریا)، بەڵام ئەوەندەش گەورە نەبوو چونکە بەلای کەمەوە بواری فرمێسکی بۆ هێشتوویتەوە. بەر لەوەی بۆ هەمیشە تۆ بەجێ بێڵم هەست دەکەم کارێکی دیم پێت هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئومێدبڕت بکەم.

ماریا: (بەوپەڕی ترسەوە سەیری دەکات) ئاه! وازم لێ بێنە، برۆ و وازم لێ بێنە!

مارتا: ئەوجا وازت لێ دێنم تۆ بەرێی خۆت و من بەرێی خۆم. کە ڕقم لە خۆشەویستی و فرمێسکەکەتە. بەڵام بەر لەوەی بەرەو مردن برۆم پێویستە لەو واهیمەیە ڕزگارت بکەم کە تۆ ڕاست دەکەیت و خۆشەویستی بێهوودە نییە، ئەوەی ڕووی دا ئەنجامی پاشەگەردانییەکی فراوانە... دەمەوێ بەوە قەناعەت بکەیت هەر ئەمەش سیستەمی حەقیقییە...

ماریا: چ سیستەمێ؟

مارتا: ئەوسیستەمەی کەس نەیزانیوە.

ماریا: (بەسەرسامی) چم لە سیستەم داوە یان چم لەوە داوە کەسێ دەیزانێ یان نایزانێ. من دڵم پارچە پارچە بووە و بۆ کەس لێ نادات، جگە لەو پیاوەی تۆ کوشتت.

مارتا: (بەتوندی) بێدەنگ بە نامەوێ هیچی دەربارە بژنەوم، چونکە ڕقم لێیەتی. ئەو ئیدی هیچی تۆ نییە... ئەو چووە ئەو شوێنەی کە هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نییە گەوجە! بەمەرامی خۆی گەیی. هەموو هەر بەهەقی خۆمان گەیین، بەڵام ئەوە بزانە نە ئەو و نە ئێمە نە لە ژیاندا و نە لە مەرگدا هیچ ئاشتی و ئاسوودەییەک بەچاو نابینین (پێکەنینێکی تەوسئامێز) ئاشتی و ئاسوودەیی لەوێدا، لەژێر ئەو خاکە تاریکونووتەکەدا نییە. جا تا کۆچ دەکەین. بابیین بەژەمە خواردنێک و بدرێین بەگیانداران، ئەوێ باشترین نیشتمانە.

ماریا: (بەدەم ئەشک ڕشتنەوە) ئاه ناتوانم، لەوە زیاتر هەڵناکەم؟ ناتوانم گوێم لێت بێ کە بەو شێوەیە قسان بکەیت... ئەویش نەیدەتوانی هەڵ بکات لە دەریا بەرییەوە بۆ ئەوەی نیشتمانێکی نوێ وەدۆزێ.

مارتا: (کە بەرەو دەرگا چوو بوو، بەڵام لەپڕ دەگەڕێتەوە)... سزای گەوجێتیی خۆی وەرگرت. بەم زووانە تۆیش سزای خۆت وەردەگریت. (بەپێکەنینەوە) هەڵیان خەڵەتاندین، پێت دەڵێم هەڵیان خەڵەتاندین! نازانم مەبەست لەم کەڵکەڵانەی ختووکەمان دەدەن چییە، ئەنجامی ئەو ئارەزووانەی ڕۆحمان ئازار دەدات چییە؟ بۆ لە پێناوی دەریا یان خۆشەویستیدا هاوار دەکەین و خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین؟ سوودی ئەمانە چییە؟ بەڵام مێردەکەت ئێستا وەڵامەکەی دەزانێ: ئەم دنیایە خانەیەکی ترسناکە و لە کۆتاییدا هەموومان بەتەک یەک و تێیدا دەنێژرێین،(بەقینەوە) ڕۆژێ دێ تۆش پەی بەوە دەبەیت کە من پەیم پێ بردووە. ئەوساکە شتێ نابێ نێوی بیرەوەری و یادگاری شیرین بێ، چونکە هەست بەسەختترین نەفی دەکەیت... هەوڵ بدە ئەوە بزانی کە خەمەکانی تۆ لە بەرانبەر ئەو زوڵمەدا کە لە مرۆڤ کراوە هیچ نییە. ئێستاش بەر لەوەی برۆم با



ئەم ئامۆژگارییەت بکەم، چونکە مێردەکەتم کوشت قەرزاربارتم.لە خوا بپاڕێوە دڵت بکا بەبەرد. ئەوە ئەو شادییەیە کە بۆ خۆی هەڵی بژاردووە. ئەوە شادیی ڕاستەقینەیە. تۆش وەک ئەو بکە. گوێت لە ئاستی هەموو هاوارێک کەڕ بکە. دەبا بەزووترین کات دڵت ببێ بەبەرد، خۆ ئەگەر ناوێری خۆت بخەیتە جیهانی ئەم ئاشتییە سەختە کوێرەوە، وەرە و پێوەندی بەئێمەوە بکە و چارەنووسی خۆت بخە پاڵ چارەنووسی ئێمەوە، بەدوعا خوشکێ! بەچاوی خۆت بینیت کە شتەکە هەر زۆر ئاسانە. تۆ خۆت سەرپشکی لە نێوان هەڵبژاردنی شادی بەردیندا و ئەو نوێنە خەزەی لەسەری چاوەڕوانت دەکات (دەچێتە دەرێ ماریا کە بەسەرسامی گوێی دەگرت لەتر دەدات، دەست بۆ بەردەمی خۆی درێژ دەکات).

ماریا: (بەدەنگی بەرز هاوار دەکات) ئاه خوایە! من ناتوانم لەم بیابانە چۆڵەدا بژیم! لە تۆ زیاتر کەسم نییە، منیش ڕوو لە تۆ دەکەم و قسەم لەگەڵ تۆیە (دەکەوێتە سەر ئەژنۆ) خۆم بەتۆ دەسپێرم، ڕەحمم پێ بکە. ئاورێکم لێ بدەوە! خوایە ڕەحمم پێ بکە! خوایە ڕەحم بەو کەسانە بکە کە یەکیان خۆشویست و لە یەکدی جودا بوونەوە (دەرگا دەکرێتەوە، خزمەتکارە پیرەکە دێتە ژوورەوە، لە بەردەرگاکەدا دەوەستێ).

## دیمەنی چوارەم

پیرەمێرد: (بە دەنگێکی ئاشکرا و مەحکەم) ئەم هەرا هەرایە چییە؟ منت بانگ کرد؟

ماریا: (سەیری دەکات) ئاه؟ نازانم؟ بەڵام یارمەتیم بدە، چونکە پێویستم بەیارمەتی هەیە، بەزەییت پێمدا بێتەوە، دەبڵێ یارمەتیت دەدەم!

پیرەمێرد: (بەهەمان دەنگ) نە ء!.

(پەردە)

١٩٨٣/٣

# دادپەروەران

**کاراکتەرەکان:**

دورا دولوف

خاگراند دۆک «الدوقە الکبیرە»

ئیڤان کالیاییف

ستیپان فیدوروف

بوریا ئاننکوف

شوراتوف

فوکا

کێشکچی

## پەردەی یەکەم

(بنکەی گشتیی تیرۆریستەکان. بەیانییە.)

(پەردە بەبێدەنگی لادەبرێ. دورا و ئاننکوف بێ جووڵە لەسەر شانۆ وەستاون. زەنگی دەرگا جارێک لێ دەدرێ. دورا پێ دەچێ بیەوێ قسان بکات. ئاننکوف بەئیشارەتێک بێدەنگی دەکات. زەنگەکە دوو کەڕەت لەسەر یەک لێ دەدرێتەوە.)

ئاننکوف: ئەوە. خۆیەتی.

(دەچێتە دەرێ. دورا. خامۆش و بێ جووڵە چاوەڕوانە. ئاننکوف لەگەڵ (ستیپان)دا دەگەڕێتەوە. دڵسۆزانە دەستی خستبووە سەرشانی.)

ئاننکوف: ئەوە. ئەمەش ستیپان.

دورا: (بەرەوپیری ستیپان دەچێت و دەستی دەگرێت.) خێرهاتی ستیپان!.



دورا: (سەیری دەکات) سێ ساڵە.

ستیپان: بەڵێ. سێ ساڵە گیراوم. سێ ساڵی خشت. لەوکاتەدا گیرام کە بۆ نک ئەنگۆ دەهاتم.

دورا: ئێمە چاوەڕێت بووین. وەخت دەبووری و دڵی من پتر دەگوشرا وامان لێ هات نەدەوێراین سەیری یەکدی بکەین.

ئاننکوف: دەبێ جارێکی دی شوێنەکەمان بگۆڕین.

ستیپان: دەزانم.

دورا: دەنگوباسی وێندەر ستیپان؟.

ستیپان: کوێندەر؟.

دورا: زیندان؟.

ستیپان: هەلی هەڵاتنم بۆ هەڵ کەوت.

ئاننکوف: بەڵێ کە زانیمان خۆت گەیاندۆتە سویسرا خۆشحاڵ بووین.

ستیپان: بوریا ، سویسراش زندانێکی دیکە بوو.

ئاننکوف: چۆن؟ خۆ هەر نەبێ ئەوان ئازادن.

ستیپان: ئازادی زندانێکی بەدرێژترە کە لەسەر زەویدا بەشەری ملکەچ کردووە. من ئازاد بووم، کەچی هەمیشە بیرم لای ڕوسیا و کۆیلەکانی بوو.

(بێدەنگییەکی کورت)

ئاننکوف: ستیپان. شادم کە حزب تۆی بۆ ئێرە هێناوە.

ستیپان: زەروری بوو. خەریک بوو دیقم دەکرد. هەرچۆنێ بێ دەبێ کار بکرێ. کار (دەڕوانێتە ئاننکوف) دەیکوژم. وانە؟.

ئاننکوف: دڵنیام.

ستیپان: ئەم جەلادە دەکوژم. بوریا تۆ فەرماندەیت و ئەز سەربازی گوێڕایەڵ.

ئاننکوف: ستیپان، پێویست بەوتن ناکات. ئێمە هەموو براین.

ستیپان: بەڵام زەبت و ڕەبت پێویستە. لە بەندیخانەدا ئەمەم بۆ دەرکەوت حزبی سۆسیال شۆڕشگێڕ، پێویستی بەزەبت و ڕەبت هەیە. کە زەبت و ڕەبتمان هەبێ، ئەوا گراند دۆک (الدوق الکبیر) دەکوژین و دکتاتۆریەت لەنێو دەبەین.

دورا: «بەرەو ئەو دەچێ» دانیشە ستیپان. وا دیارە ئەم سەفەرە دوورودرێژە ماندووی کردوویت.

ستیپان: من و ماندووبوون؟ بوریا هەموو شتێک ئامادەیە؟!.

ئاننکوف: (دەنگی دەگۆڕێ) بەڵێ یەک مانگی خشتە کە دوو کەس ڕێگەی هاتوچۆی گراند دۆک تاقی دەکەنەوە. دوراش هەموو کەرەسەیەکی پێویستی ئامادە کردووە.

ستیپان: ئەدی بەیاننامە و بلاڤۆک؟.

ئاننکوف: بەڵێ. هەمموو خەڵکی ڕوسیا بۆیان دەردەکەوێ کە گراند دۆک، بۆیە لە لایەن کۆمیتەی ئیختیالاتی حزبی سوشیال شۆڕشگێڕەوە کوژراوە تا هەتاوی ئازادی میللەتی ڕووس، زووتر هەڵبێ. دەربارەی پاشایەتیش بۆیان دەردەکەوێ کە ئێمە سورین لەسەر درێژە پێدانی ئەم جۆرە سزایە تا ئەو ڕۆژەی ولاتی خۆمان دەبێتەوە بەهی میللەتی خۆمان. بەڵێ ستیپان هەمموو شتێک ئامادەیە. کاتی دەستبەکاربوون وا نزیک دەبێتەوە.

ستیپان: باشە ئەرکی من چییە؟.

ئاننکوف: یارمەتی دورا دەدەی. «شویتەرز» کە تۆ هاتوویە جێی لەگەڵ دورادا کاری دەکرد.

ستیپان: ئەو کوژراوە؟.

ئاننکوف: بەڵێ.

ستیپان: چۆن کوژرا؟.

دورا: ڕێکەوتێک ڕوویدا.

(ستیپان، دەڕوانێتە دورا. دوا نیگای دەدزێتەوە).

ستیپان: پاشان؟

ئاننکوف: بابزانین. تۆ دەبێ ئامادە بیت و ئەگەر پێویستی کرد جێی ئێمە بگریتەوە و پێوەندی بەکۆمیتەی گشتییەوە بکەی.

ستیپان: هاوڕێکانمان کێهەن؟.

ئاننکوف: «ڤینوف»ت لە سویسرا دیتووە، هەرچەندە منداڵکارە، لێ متمانەم پێی هەیە. یانک-یش ناناسی.

ستیپان: یانک؟

ئاننکوف: کالیاییف ئێمە شاعیریشی پێ دەڵێین.

ستیپان: ئەمە ناوی بابایەکی تیرۆریست نییە.

ئاننکوف: «بەپێکەنینەوە» یانک بەپێچەوانەی تۆوە بیر دەکاتەوە.

ئەو دەڵێ شیعریش شۆڕشێکە.

ستیپان: تەنیا نارنجۆک شۆڕشە. «بێدەنگی» دورا پێت وایە بتوانم یارمەتیت بدەم؟.

دورا: بەڵێ. لێ دەبێ وریابی کە زامنی نارنجۆکەکە نەشکێ.

ستیپان: ئەدی ئەگەر بشکێ؟.

دورا: هەر ئەوە بووە هۆی مردنی شویتەرز «هەڵوەستەیەک» بۆ بزە دەتگرێ؟.

ستیپان: من بزە دەمگرێ؟.

دورا: بەڵێ.

ستیپان: هەندێک جار بەدەستی خۆم نییە. (بێدەنگی. وا دێتە بەرچاو کە ستیپان تێبفکری) دورا یەک



نارنجۆک بەسە بۆ دانانکردنی ئەم خانووە؟.

دورا: یەکێک نا، لێ زەرەرێکی گەلەک زۆر دەدا.

ستیپان: چەند دانە بەسە بۆ دانانکردنی مۆسکۆ؟.

ئاننکوف: ئەوە شێت بووی! دەتەوێ بڵێی چی؟.

ستیپان: هیچ!.

(زەنگ. جارێک لێ دەدرێ. ئەوان گوێ هەڵدەخەن و چاوەنۆرن).

زەنگەکە دووجاران لێدەدرێ. ئاننکوف دەچێتە دالانەکە و لەگەڵ ڤینوفدا دەگەڕێتەوە.).

ڤینوف: ستیپان!

ستیپان: ڕۆژباش (تەوقە دەکەن. ڤینوف تەوقە لەگەڵ دورا دەکا و ماچی دەکات.)

ئاننکوف: ئالکسی. کارەکانت باش ڕۆیشتون؟.

ڤینوف: بەڵێ.

ئاننکوف: مەودای نێوان کۆشک و شانۆکەت تاقیکردۆتەوە؟.

ڤینوف: دەتوانم نەخشەکەیان بۆ بکێشم (دەست پێ دەکات) پێچەکان، کۆڵانە باریکەکان. کوێرەکۆڵانەکان گالیسکەکە بەژێر پەنجەرەکەی ئێمەدا ڕەت دەبێ.

ئاننکوف: ئەدی ئەم دوو خاچە چ دەگەیەنن؟.

ڤینوف: ئەمەیان ئەو مەیدانە بچووکەیە کە ئەسپەکان لەوێدا خاو دەبنەوە. ئەوەش بەردەمی شانۆکەیە کە لەوێدا دەوەستن. بەباوەڕی من ئەمانە باشترین شوێنن.

ئاننکوف: دروستە. کوا وێمدە.

ستیپان: ئەدی مەسەلەی خەفیە و پیاوانی دەوڵەت؟.

ڤینوف: (نارەحەتە) زۆرن.

ستیپان: نارەحەتت دەکەن؟

ڤینوف: ناتوانم بڵێم کاتێ لەوناوە بن، ئاسوودەم.

ئاننکوف: کەس حەزیان پێ ناکات. بیری لێ مەکەوە.

ڤینوف: من ناترسم، لێ لەگەڵ درۆکردندا ڕانەهاتووم.

ستیپان: هەمموو کەسێک درۆ دەکات. ئەوەی کە پێویستە درۆکردنی چاکترە.

ڤینوف: کارێکی ئاسان نییە. ئەوسای کە خوێندکار بووم هاوەڵەکانم لێم دوور دەکەوتنەوە. چونکە نەمدەتوانی قسەی دڵم ڕابگرم و هەرچیم بەبیردا دەهات دەمدرکاند. ئاخری لەزانستگەش دەریان کردم.

ستیپان: بۆ؟

ڤینوف: لە دەرسی دیرۆکدا مامۆستا لێی پرسیم پترۆسی گەورە چۆن سان پترۆسبۆرگی دروستکرد.

ستیپان: پرسیارێکی چاکە.
ڤینوف: منیش وەڵامم دایەوە کە بەخوێن و زەبری قامچی. ئیدی دەمودەست دەریانکردم.
ستیپان: پاشان...؟
ڤینوف: بۆم دەرکەوت کە تەنیا ئاشکراکردنی بێدادی کافی نییە مرۆڤ دەبێ بەهەمەوو بوونییەوە دژی بجەنگێ تا لە ڕەگ و ڕیشەی دەربێنێ. نووکە بەختەوەرم.
ستیپان: وێڕای ئەوەش هەر درۆیان دەکەی؟.
ڤینوف: لەم هەلومەرجەی ئێستادا بەڵێ. بەڵام هەرکە نارنجۆکە هەڵبدەم چیدی درۆ ناکەم. (لە زەنگ دەدرێ. دووجار لەسەریەک. جارێکی دیکەش. دورا هەڵدەستێ.)
ئاننکوف: یانک-ە
ستیپان: ئەمە هەمان نیشانە نییە.
ئاننکوف: یانک وەهای پێ خۆش بووە بیگۆڕێ. ئەمە نیشانەی تایبەتیی ئەوە. (ستیپان شان هەڵدەتەکێنێ. دەنگی ئاخاوتنی دورا لە دالانەکەوە دێ. دورا و کالیاییف قۆڵ لە قۆڵی یەکدیدا وەژوور دەکەون. کالیاییف پێدەکەنێ.)
دورا: یانک. ئەمەش ستیپانە کە هاتۆتە شوێنی شویتەرز.
کالیاییف: بەخێرهاتی برادەر.
ستیپان: مەمنوونم (دورا و کالیاییف ڕووبەرووی ئەوانی دی دادەنیشن).
یانک: تۆ دڵنیای کە گالیسکەکە دەناسییەوە؟.
کالیاییف: بەڵێ. دووجاران بەچاکی دیتم. هەرکە دەرکەوت لەناو هەزار گالیسکەدا ناسیمەوە. هەموو نیشانەکانیم نووسیوە. بۆ وێنە شووشەی یەکێک لە لایتەکانی چەپی ڕووشاوە.
ڤینوف: ئەدی خەفیەکان؟
کالیاییف: زۆرن. بووین بەدۆستی گیانی بەگیانی. جگەرەیان بۆ دەکڕیم (پێدەکەنێ).
ئاننکوف: پاڤڵ ئەم زانیارییانەی تەئید کردووە؟.
کالیاییف: لەم هەفتەیەدا گراند دوک دەچێ بۆ شانۆ، پاڤڵ دەسبەجێ ژوورەکە دیاری دەکا و پاشان نامەیەک دەدا بەدەرگاوانەکە (دەگەڕێتەوە بۆ لای دورا و پێدەکەنێ) بەخت پشتی تێکردین دورا.
دورا: (سەیری دەکات) بزانم ئەورۆ کەرەستەی دەست فرۆشییەکەت خستۆتە لاوە. ئێستا بووی بەپیاوێکی دی بەڵام ئەم فەروەیە فەرامۆش نەکەی.
کالیاییف: (پێدەکەنێ) ڕاستە. تۆ نازانی من چەند بەو شتەوە مەغرور بووم (بەستیپان و ئاننکوف) دوو مانگی خشت تەماشای وردە فرۆشانم دەکرد. پتر لە مانگێکیش لە ژوورێکی بچووکدا پرۆڤەی هەڵسوکەوتیانم دەکرد. هاومەدرەسەکانم قەت شکیان لێ نەدەکردم. دەیانوت (چ



کابرایەکی خۆشە تەنانەت ئەسپەکانی تزارش دەکڕێ) ئیدی ئەوانیش هەوڵیان دەدا لاسام بکەنەوە.
دورا: دیارە تۆش پێدەکەنیت.
کالیاییف: خۆت چاک دەزانی من ناتوانم دەستبەرداری پێکەنین ببم. ئەم جل گۆڕینە. ئەم ژیانە تازەیە بەتەواوی سەرقاڵیان کرد بووم.
دورا: من جل گۆڕینم پێ ناخۆشە (کراسەکەی نیشان دەدا) سەیری چیم لەبەر کردووە. کۆنە جلی ئەکتەرێکی ژن. هەق بوو بوریا جلێکی دیکەم بۆ هەڵبژێرێ. ئەکتەر. من زۆر لەمە سادەترم.
کالیاییف: (پێدەکەنێ) تۆ بەم کراسەوە زۆر جوانی.
دورا: جوان؟ ئەگەر وا بێ پێم خۆشە. بەڵام نابێ بیر لەم شتانە بکرێتەوە.
کالیاییف: بۆ؟ دورا چاوەکانت خەمینن. دەبێ شادبن. مەغروور مەبن.
جوانی هەیە. شادییە! (لەوساوە سەودای ئەشقی تۆم کەوتۆتە گیان)
دورا: (بە زەردەخەنەوە) دڵم دەرەقسێ چەشنی شەپۆلی هاوینی جاویدان
کالیاییف: ئا دورا! ئەم شیعرانەت لە بیرن؟ پێدەکەنێ، چەند شادم...
ستیپان: (قسەکەی دەبڕێ) کات بەفیڕۆ دەدەین... بچینە خوارێ و دەرگاوانەکە ئاگادار بکەینەوە چاکتر نییە؟.
(کالیاییف، بەسەرسامییەوە سەیری دەکات)
ئاتکوف: بەڵێ. دورا دەچێتە خوارێ. نەخشەکەت لە یاد نەچێ.
پاشان ڤینوف لە کۆکردنەوەی شتەکانی ناو ئەم ژوورەدا یاریدەت دەدات.
ستیپان: دەمەوێ من نارنجۆکەکە باوێژم.
ئاننکوف: نا ستیپان. کەسی خۆی بۆ دانراوە.
ستیپان: تکا دەکەم. دەزانی ئەم کارە بۆ من چ گرینگە؟.
ئاننکوف: دەستوور. دەستوورە. (بێدەنگی) منیش هەمان وەزعی تۆم هەیە.
من لێرە دەوەستم و چاوەڕوان دەکەم. ڕاستە زۆر زەحمەتە لێ دەبێ زەبت و ڕەبت ڕەچاو بکرێ.
ستیپان: کێ نارنجۆکەکە دەهاوێ؟.
کالیاییف: من. ڤینوف-ش دووەمیان دەهاوێ؟.
ستیپان: تۆ...؟
کالیاییف: پێت سەیرە؟ یانی باوەڕت بەمن نییە؟.
ستیپان: تەجرەبەی دەوێ.
کالیاییف: تۆ خۆت چاک دەزانی کە تەنیا یەکجار دەهاوێژرێ و پاشان...
کەس تا ئێستا دووجاران نارنجۆکی نەهاوێشتووە.

ستیپان: دەستێکی بەهێزی دەوێ.

کالیاییف: «دەستی نیشان دەدا» تەماشای بکە! پێت وایە بلەرزێ.

«ستیپان، ڕوو وەردەگێڕێ».

کالیاییف: هەرگیز نالەرزێ! چۆن! ئەو داگیرکەرەم لە بەردەمدا بێ و دوودڵی بکەم؟. چما چییە؟. خۆ ئەگەر دەستیشم بلەرزێ ئەوا وەسیلەیەکی دیکەی دڵنیایی بەخشم هەیە بۆ کوشتنی گراند دۆک.

ئاننکوف: کامەیە؟.

کالیاییف: ئەوەیە کە خۆم بخەمە بەر پێی ئەسپەکان «ستیپان شان هەڵدەتەکێنێ و دەچێ لەدواوە دادەنیشێت.»

ئاننکوف: نا. ئەم کارەی ناوێ. دەبێ هەوڵ بدەی ڕابکەی. ڕێکخراو پێویستی بەتۆ هەیە. تۆ دەبێ خۆت بپارێزی.

کالیاییف: بەگوێت دەکەم بوریا! چ شانازییەکە. دەبێ چەند بەختەوەر بم.

ئۆە بێ گومان جێگەی ڕەزامەندی دەبم.

ئاننکوف: ستیپان، لەو کاتەدا کە یانک و ئالکس بۆسە بۆ گالیسکەکە دەنێنەوە تۆ لە کۆڵانەکەدا دەبیت. تۆ دەبێ بەردەوام لە بەرانبەر پەنجەرەکەی ئێمەوە ڕەت بی و ئێمە لە کاتی خۆیدا ئیشارەتت دەدەینێ، من و دورا. لێرەدا چاوەنۆڕ دەکەین. ئەگەر یەک تۆز بەختمان هەبێ ئەوا گراند دۆک دەکوژرێ.

کالیاییف: «تەواو هەڵچووە» بەڵێ دەیکوژین، چەند خۆشە ئەگەر سەر بکەوین. گراند دۆک هیچ نییە. دەبێ زۆر لەو مەزنتر بکوژرێ.

ئاننکوف: هەوەڵجار گراند دۆک.

کالیاییف: بوریا، وای دابنێ کە موەفەق نەبین. هەنگینێ دەبێ لاسایی ژاپۆنییەکان بکەینەوە؟.

ئاننکوف: نەء، بیر لە خۆکوشتن مەکەوە.

کالیاییف: ئەدی بیر لە چ بکەمەوە.

ئاننکوف: بیر لە تیرۆری تازە بکەوە.

ستیپان: «لەوسەری شانۆوە قسە دەکات». بۆ خۆکوژی دەبێ زۆرت خۆ خۆش بوێ. شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ناتوانێ خۆی خۆش بوێ.

کالیاییف: «بەپەلە دەگەڕێتەوە» شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە. بۆ تانەم لێ دەدەی. چم لێ کردووی؟.

ستیپان: من ئەوانەم خۆش ناوێن کە تەنێ لەبەر تەمەڵی و تەوەزەلی دێنە ناو شۆڕشەوە و لە ژین بێزاربوون.

کالیاییف: بۆ تانەم لێ دەدەی؟. کێ دەڵێ من لە ژین. بێزار بووم؟.

ستیپان: نازانم. تۆ نیشانەکان دەگۆڕی. حەز دەکەی لاسایی گەڕۆکەکان بکەیەوە. شیعر دەخوێنی.



دەتەوێ خۆت بخەیە بەر پێی ئەسپەکان و ئێستاش نۆرەی خۆکوژییە! «سەیری دەکا» من متمانەم بەتۆ نییە.

کالیاییف: «خۆی لە گورە نابات» تۆ من ناناسی برادەر. من ژینم خۆش دەوێ. وەڕز نابم، من بۆیە هاتوومە ناو شۆڕش چونکە ژیانم خۆشدەوێ.

ستیپان: من ژینم خۆشناوێ، لێ عەدالەتم خۆشدەوێ کە لە ژین باڵاترە.

کالیاییف: «بەترسی ئاشکراوە» هەرکەسە و بەپێی توانای خۆی عەدالەت بەکار دێنێ. دەبێ بەوە قایبل بی کە ئێمە وێڕای جیاوازیمان بتوانین یەکدیمان خۆش بوێ.

ستیپان: ناتوانن.

کالیاییف: «ڕادەپەڕێ و دەهری دەبێ» کەواتە تۆ چ دەکەی لەنێو ئێمەدا؟.

ستیپان: من هاتووم تا مرۆڤێک. بکوژم. بۆ ئەوە نەهاتووم کە خۆشم بوێ و کڕنوشی بۆ بەرم.

کالیاییف: «بەتوندی» تۆ بەتەنیا و لە خۆتەوە نایکوژیت. تۆ دگەڵ مە و بەناوی میللەتی ڕووسەوە دەیکوژی. هەر ئەمەشە پاکانەت بۆ دەکات.

ستیپان: «بەهەمان سیماوە» پێویستم بەپاکانە نییە. سێ ساڵ لەمەوبەر من لە زینداندا و لە شەوێکدا بۆ هەمیشە ڕێگەم دراوە و پاکانەم وەرگرتووە. چیتر حەوسەڵەی ئەوەم نییە کە...

ئاننکوف: بەسە... ئەوە شێت بوون؟. بیرتان بێتەوە کە ئێمە کێین؟ برا.

کۆمەڵە برایەک پێکەوە خڕبووینەتەوە تا داگیرکەران ئیعدام بکەین. وڵات ڕزگار بکەین. ئێمە پێکەوە دەیکوژین و کەس ناتوانێ لێکمان بکات. «بێدەنگی. دەڕوانێتە ئەوان» وەرە ستیپان با وەختی نیشانەکان دابنێین. «ستیپان وەدەردەکەوێت».

ئاننکوف: «بەکالیاییف» قەیدی نییە ستیپان پەستە. قسەی دگەڵ دەکەین.

کالیاییف: «ڕەنگی پەڕیوە» بوریا، ئاخر تانەی لێ دام. «دورا وەژوور دەکەوێ.»

دورا: «بەرەو کالیاییف دەچێ» چی بووە؟.

ئاننکوف: چ نەبووە...

دورا: «بە کالیاییف» چی بووە؟.

کالیاییف: دەم بۆڵەیەکمان بوو. ئەو منی خۆشناوێت.

دورا: «بەبێدەنگی دادەنیشێت. هەڵوەستەیەک» باوەڕ ناکەم کەسی خۆشبوێ. کە کارەکە تەواو بێ، ئەویش خۆشحاڵ دەبێ. خەم مەخۆ...

کالیاییف: خەم ناخۆم. من پێویستم بەوە نییە هەمووتان خۆشتان بوێم. من هەموو شتێکم کردۆتە قوربانی ڕێکخراو. ئیدی چۆن دەتوانم ئەوە قەبووڵ بکەم کە براکانم ڕووم لێ وەرگێڕن. هەندێ جار وای بۆ دەچم کە تێم ناگەن. ئەمە خەتای منە؟ بابایەکی ناشیم. دەزانم...

دورا: هەموویان خۆشیان دەوێی و تێت دەگەن، ستیپان شتێکی دییە.

کالیاییف: نا. دەزانم چ بیرێک دەکاتەوە. جاران شویتەرز دەیوت: «یانک زۆر لەوە سەیرترە کە بتوانێ ببێ بەشۆڕشگێڕ» دەمەوێ بۆتانی بسەلمێنم کە من سەیر و سەمەرە نیم. من تۆزێ شێتۆکە و زۆر بێ ئاوەز دەبینن. بەڵام منیش وەک ئەوان ئەم ئاوات و ئامانجانەم پێ قەبووڵەو منیش دەمەوێ وەک ئەوان خۆم بەخت بکەم. منیش دەتوانم هۆشیار و بێدەنگ بم. کارامە و مەنگ بم. تاقە جیاوازی من ئەمەیە کە ژیان بەلای منەوە پڕشنگدار و سەیر دەنوێنێ. من جوانی و بەختەوەریم خۆش دەوێن. هەر لەبەر ئەمەشە لە زوڵم و زۆر بێزارم.

نازانم چۆن بیڵێم. شۆڕش. هەڵبەتە. لێ شۆڕش لە پێناوی ژیاندا. بۆ ئەوەی نرخێک بەژیان بدات. تێدەگەی؟.

دورا: «ڕادەپەڕێ» بەڵێ. «بەئەسپایی. پاش تۆزێک بێدەنگی لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە خەریکین مەرگ دەکەینە دیاری.

کالیاییف: کێ. ئێمە؟ ئاه. دەتەوێ بڵێی، ئەمانە یەک شت نین.

ئاه. نەء! یەک شت نین. خۆ ئێمە بۆ ئەوە دەکوژین کە دنیایەک دروست بکەین چیدی و هەرگیز کەسی تێدا نەکوژرێ. ئێمە بۆ ئەوە پیاوکوژمان قەبووڵ کردووە تا سەر زەمین پڕ ببێ لە بێ گەردی و پاکی.

دورا: ئەدی ئەگەر وا نەبوو؟.

کالیاییف: بێدەنگ بە. خۆت دەزانی ئەمە مەحاڵە. هەنگینێ قسەکەی ستیپان دەردەچێ و دەبێ تف لە چارەی جوانی بکرێ.

دورا: من لەم ڕێکخراوەدا لە تۆ کۆنترم و دەزانم هیچ شتێک بەم سادەییە نییە. لێ تۆ باوەڕت هەیە... ئێمە زۆرمان حەوجە بەباوەڕە.

کالیاییف: باوەڕ؟ نەخێر. تەنیا یەک کەس باوەڕی هەبوو.

دورا: تۆ هێزی ڕۆحیت هەیە و لە ڕای ئامانجدا هەمووشتێک داغان بۆچی داوات کرد یەکەم نارنجۆک تۆ بیهاویت؟.

کالیاییف: دەکرێ لەپڕ و بێ چ پێشەکییەک باسی کاری کابرایەکی تیرۆریست بکرێ؟.

دورا: نەء.

کالیاییف: دەبێ لە ڕیزی یەکەمدا بێ.

دورا: «پێ دەچێ لە فکران ڕاچوبێ» بەڵێ ڕیزی یەکەم هەیە و دوا ساتیش هەیە و دەبێ بیری لێ بکرێتەوە، لەوێدا شەهامەت و جوامێرییەک هەیە، هەڵچوونێک هەیە کە ئێمە پێویستمان پێیەتی. کە تۆ پێویستت پێیەتی.

کالیاییف: پاش یەکساڵ. من بیر لە هیچ شتێکی دی ناکەمەوە. لە پێناوی ئەم ساتەدایە کە تا ئێستا ژیاوم. ئێستا دەزانم کە دەمەوێ هەر لە جێدا و لە پاڵ گراند دۆکدا منیش نەمێنم.



دەمەوێ دوا دڵۆپی خوێنم بڕێژم و لە چاوترووکانێکدا و لەناو مەشخەڵی تەقینەوەدا بسووتێم و چشتێک لەپاش خۆم بەجێ نەهێڵم. ئێستا حاڵی بووی بۆ داوام کرد من یەکەم نارنجۆک باوێم؟.

مردن لە ڕای باوەڕدا تاقە ڕێگەیە کە مرۆڤ دەتوانێ گەورەیی باوەڕەکەی خۆی پێ بسەلمێنێ. بەمە دەڵێن یاسا و پاکانە.

دورا: منیش ئەم جۆرە مردنە پەسند دەکەم.

کالیاییف: بەڵێ. ئەمە شادییەکە خۆزیای پێ دەخوازرێ. جار جارە کە دەگەڕێمەوە سەرکاری دەستفرۆشی یەکەم، بیرێک ئازارم دەدا، کردویانین بەپیاوکوژ. بەڵام لە هەمان کاتدا بیر دەکەمەوە کە من بەرەوپیری مردن دەچم و ئەوساکە دڵم دادەکەوێ و سوکنایی تێ دەگەڕێ. بەخۆت دەبینی کە پێدەکەنم و مینا زاڕۆکان خۆ سەرگەرم دەکەم.

دورا: یانک، ئەمانە بەئەندازەی یەک باشن، کوشتن و مردن لێ بەمەزەندەی من هێشتا بەختەوەرییەکی گەورەتر هەیە. (هەڵوەستەیەک، کالیاییف، سەیری دەکات، ئەو چاو دادەخات) پای قەنارە.

کالیاییف: (هەڵچووە) بیرم لێ کردەوە، مردن لە کاتی ڕەشکوژیدا هەندێ شت بەناتەواوی دەهێڵێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەبەدییەتێک لە نێوان ڕەشکوژی و قەنارەدا هەیە و ڕەنگە تاقە ئەبەدییەتێک بێ کە مرۆڤ بتوانێ بیناسێت.

دورا: «باسکی ئەو دەگرێ، بەدەنگێکی ڕژدەوە» ئەمە بیرێکە کە دەبێ یارمەتیت بدات. ئێمە باجێک دەدەین کە لە کێشی خۆمان زیاترە.

کالیاییف: مەبەستت چییە؟

دورا: ئێمە ناچارین بکوژین. وا نییە؟ ئێمە بەناچاری ژیانێک و مرۆڤێک دەکەینە قوربانی؟.

کالیاییف: بەڵێ، بەڵام چوون بەرەو ڕەشکوژی و پاشان قەنارە، دووجار گیان بەخشینە، ئەو باجەی ئێمە لەوە پترە کە پێویستە... بەڵێ ئەمە دووجار مردنە. مەمنوونم دورا. هیچ کەسێک ناتوانێ سەرزەنشتمان بکات. دڵنیام لە خۆم «بێدەنگی» لە کوێندەری دورا؟. بزانم هیچ ناڵێی؟.

دورا: هەنووکە دەمەوێ یارمەتیت بدەم. بەڵام...

کالیاییف: بەڵام چی؟.

دورا: نەء، من شێتم.

کالیاییف: باوەڕت بەمن نییە؟.

دورا: ئۆه. نا عەزیزم باوەڕم بەخۆم نییە. پاش مردنی شویتەرز جار جار، خەیاڵی عەجیب و غەریب لە کەللەم دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر من نییە زەحمەت و ئەزیەتی داهاتوو بەتۆ بڵێم.

کالیاییف: من شتە زەحمەتەکانم خۆش گەرەکن. ئەگەر منت لا پەسندە قسان بکە.

دورا: «دەڕوانێتە ئەو» نازانم تۆ کابرایەکی ڕەشیدیت و هەر ئەمەشە نیگەرانم دەکات. تۆ پێدەکەنی، خۆت هان دەدەی و بەتاسەی تەواوەوە بەرەو قوربانیگە دەڕۆی... بەڵام دەبێ بۆ چەند سەعاتێک

لەم خەونە بێیتە دەرێ و ڕووبەڕووی واقیع ببیەوە. ڕەنگە وا چاکتر بێ پێشتر باسی بکەین. تا جڵەوی لاوازی....

کالیاییف: من قەت هەست بەلاوازی ناکەم، هەرچی بەمێشکتدا دێت بیڵێ...

دورا: چاکە... ڕەشکوژی. قەناره. دووجاران مردن، هەموویان ئاسانن. دڵی تۆ جێی ئەمانەی تێدا دەبێتەوە، بەڵام ڕیزی پێشەوە. (بێدەنگ دەبێ، دەڕوانێتە کالیاییف و دوودڵ دێتە بەرچاو) لە ڕیزی یەکەمدا. لەوێدا بەچاوی خۆت دەیبینی...

کالیاییف: کێ دەبینم؟.

دورا: گراند دۆک.

کالیاییف: هەموو زەحمەتەکەی یەک لەحزەیە.

دورا: بۆ لەحزەیەک تەمەشای دەکەی. ئۆه یانک دەبێ بزانی و دەبێ دوور بین بی. مرۆڤێک هەرچییەک بێ هەر مرۆڤە.

دوور نییە چاوانی گراند دۆک میهرەبان بن. دەبینی گوێی دەخورێنێ یان بەشادییەوە پێدەکەنێ کێ دەزانێ لەوەیە گوێزانی ڕدێن تاشین دەموچاوی بڕی بێ. ئەوساکە لە لەحزەیەکی ئاوهادا سەیری تۆ دەکات.

کالیاییف: من ئەو ناکوژم. من زوڵم و زۆر دەکوژم.

دورا: هەڵبەتە دەبێ زوڵم و زۆر بکوژرێ. دەزانی من کە نارنجۆک دروست دەکەم و کاتێ کە زامنەکەی دەردەهێنرێ ئەعسابی مرۆڤ گرژ دەبێ کەچی لەوساتە دژوارەشدا، لە دڵدا هەست بەبەختەوەرییەکی سەیر دەکەم. بەڵام هێندە هەیە من گراند دۆک ناناسم. ئەگەر لەم لەحزەیەدا ئەو لێرە وەستابایە کارەکە زەحمەت دەبوو. تۆ دەڕۆی کە ئەو لە نزیکەوە ببینی. زۆر لە نزیکەوە...

کالیاییف: من ئەو نابینم...

دورا: بۆ؟ چاوت دەبەستی؟.

کالیاییف: نەء. بەڵام بەپشتیوانی خوا لەو لەحزە هەرە گرینگەدا ڕق و کینە چاوانم کوێر دەکات. (لە زەنگ دەدەن. یەک کەڕەت لێ دەدرێ. ئەوان بێدەنگ دەبن، ستیپان و ڤینوف وەژوور دەکەون لە دالانەکەوە دەنگ دێ. ئاننکوف وەژوور دەکەوێ)

ئاننکوف: ئەمەش دەرگاوانەکە. گراند دۆک، سبەی دەچێتە سەیری شانۆ (تەماشای ئەوان دەکات) دورا، پێویستە هەموو شتێک ئامادە بێ.

دورا: (بەدەنگی نزم) بەڵێ. (بە خاوییەوە دەردەکەوێ).

کالیاییف: (لەدواوە سەیری دورا دەکا. بەرەو ستیپان دەگەڕێتەوە. بەدەنگێکی سازگار) بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەیکوژم.

(پەردە دادەرێتەوە)



## پەردەی دووەم

(عەسری سبەینێیە. شوێن هەمان شوێنە)

(ئاننکوف لەپشت پەنجەرەکەوەیە. دورا نزیکی مێزەکەیە)

ئاننکوف: هەر لە شوێنی خۆیانن. ستیپان جگەرەکەی پێ کردووە.

دورا: کەی گراند دۆک ڕەت دەبێ؟

ئاننکوف: وەختێتی. گوێ بگرە. دەنگی گالیسکە نییە؟ نەء.

دورا: دانیشە. سەبرت بێ.

ئاننکوف: نارنجۆکەکان چییان لێ دێ؟.

دورا: دانیشە. تازە هیچ شتێک لەدەستی ئێمەدا نەماوە.

ئاننکوف: وایە. لێ من بەغیلی دەبەم کە...

دورا: ئێرە شوێنی تۆیە. تۆ ڕابەری.

ئاننکوف: ڕاستە من ڕابەرم. بەڵام یانک لە منیش زیاترە. ڕەنگیشە هەر ئەوە بێ کە...

دورا: مەترسییەکە بۆ هەموومانە. بۆ ئەوەی کە نارنجۆکەکە دەهاوێ و بۆ ئەوەش کە نایهاوێ.

ئاننکوف: ئا، وەک ئەنجام. بەڵام بۆ ئیستاکێ یانک و ئالکسی لە ڕیزی پێشەوەن. دەزانم کە نابێ لەگەڵ ئەواندا بم. کەچی جار جارێک لەم دەورەی خۆم ڕازی نیم. وێڕای هەموو شتێک زۆر ئاسانە کە مرۆڤ بزانێ خۆی نارنجۆکەکە ناهاوێ و هەست بەتوانا و دەسەڵاتیش بکات.

دورا: باشە کەی کارەکە تەواو دەبێ؟. کارەکە ئەمەیە کە تۆ تا کۆتایی کارەکە وەک پێویستە کار بکەی.

ئاننکوف: تۆ چەند هێدی و لەسەرخۆی!.

دورا: من؟ هێدی نیم و دەترسم. ئەوە سێ ساڵە لەگەڵ ئەنگۆم و دوو ساڵە نارنجۆک دروست دەکەم. هەرچییەکتان بەمن وتووە بێ چەندوچون ئەنجامم داوە و پێم وا نییە بەئاستەمیش کەمتەرخەمیم کرد بێ.

ئاننکوف: دروستە دورا.

دورا: باشە ئێستاش سێ ساڵە کە دەترسم، ئەو بابەتە ترسەی کە بەزەحمەت لە کاتی خەودا دەستبەرداری مرۆڤ دەبێ و بەیانیش بەتەواوی لە بەردەمماندا ئامادەیە. ئەوسا پێویست بوو لەگەڵیدا ڕابێم. فێر بووم کە لە تەنگانەترین و سامناکترین کاتدا هێدی و ئارام بم. ئەمە شتێک نییە مرۆڤ پێی مەغروور بێ.

ئاننکوف: بەپێچەوانەوە مەغروور بە. من دەسەڵاتم بەسەر هیچ شتێکدا نەبوو. دەزانی من بۆ ڕۆژانی ڕابردوو بەداخم. بۆ ژیانی پڕشنگدار. ژنان... بەڵێ من ژنانم خۆشدەویست. شەرابم خۆشدەویست.

دورا: منیش پێم وایە. هەر بۆیەش خۆشم دەوێی... دڵی تۆ نەمردووە ئەگەر هێشتاش عەودالی لەزەت بی

لەم بێدەنگییە ترسناکەی کە هەندێ جار جێی دەگرێتەوە باشترە.

ئاننکوف: ئەم قسانە چییە. تۆ سەبارەت بەهەموو گەل وا بیردەکەیەوە؟.

دورا: گوێ بگرە (دورا، بەپەلە لە جێی خۆی دەبزوێ. دەنگی گالیسکە دێ. پاشان بێدەنگی) ئا ئەوە نییە دڵم دەلەرزێ. خۆ دەبینی کە هێشتا هیچ شتێ فێر نەبووم.

ئاننکوف: (دەچێتە بەر پەنجەرەکە) بڕوانە ستیپان ئیشارەت دەدا، خۆیەتی (دەنگی گالیسکە لە دوورەوە دێ و سات بەسات نزیک دەبێتەوە، بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت دەبێ و دوور دەکەوێتەوە. بێدەنگییەکی دووردرێژ) هەمووی چەند لەحزەیەکی دیبیە و... (گوێ دەگرن) چەند دووردرێژە. (دورا ئیشارەتێک دەکات. بێدەنگییەکی درێژ خایەن. لە دوورەوە دەنگی ناقووس دێ). مەحاڵە. یانک نارنجۆکەکە دەهاوێ... دەبێ گالیسکەکە گەیشتبێتە بەر شانۆ. ئالکس چ دەکات؟ تەمەشا بکە! ستیپان خەریکە دەگەڕێتەوە و بەرەو شانۆکە غار دەدا.

دورا: (خۆی دەخات بەلای ئەودا) یانک گیراوە. بێ گومان گیراوە. دەبێ فریا بکەوین.

ئاننکوف: سەیر کە (گوێ هەڵدەخات) نا. تەواو بوو.

دورا: چ ڕوویداوە؟. یانک بێ ئەوەی دەست بکاتەوە گیراوە. دەزانم کە بەهەموو شتێک ئامادە بوو، لە بەندیخانە و دادگە باکی نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی گراند دۆک بکوژرێ نەک بەم شێوەیە.

ئاننکوف: (دەڕوانێتە دەرێ) ئەوە ڤینوفە. هێدی بە! (دورا دەچێ دەرگا بکاتەوە. ڤینوف بەسیمای شپرزەوە وەژوور دەکەوێ) ئەلکس خێراکە. قسان بکە!...

ڤینوف: هیچ شتێ نازانم. چاوەنۆڕی یەکەم نارنجۆک بووم. سەیرم کرد گالیسکەکە پێچی کردەوە هیچ شتێک ڕووی نەداوە. کاس بووم. وامزانی لەدوا لەحزەدا نەخشەکەت گۆڕیوە. گومانم کەوتە دڵەوە و پاشان تا ئێرە غارم دا.

ئاننکوف: ئەدی یانک؟.

ڤینوف: نەمبینی؟.

دورا: گیراوە.

ئاننکوف: (کە هەر دەڕوانێتە دەرێ) نەء، خەریکە بۆ ئێرە دێ.

(هەمان ؛دەموچاو. کالیاییف بەسیمای گریاناوییەوە وەژوور دەکەوێ).

کالیاییف: (بەشپرزەییەوە) برایان بمبوورن. نەمتوانی «دورا بەرەو لای ئەو دەچێ و دەستی دەگرێ».

دورا: هیچ نییە.

ئاننکوف: چ ڕوویداوە؟.

دورا: گوێ مەدەرێ. هەر لە تۆ ڕووی نەداوە. شویتەرز-ش هەوەڵجار نەیتوانی.

ئاننکوف: یانک ترسایت؟.

کالیاییف: (لە جێی خۆی دەجووڵێ) ترس. نا. تۆ هەقی ئەم قسەیەت نییە. (بەپێی نیشانەی بڕیاردراو



لە دەرگا دەدرێ، ئاننکوف ئیشارەتێکی ڤینۆف دەکا کە دەرگا بکاتەوە کالیاییف شپرزە و نیگەرانە. ستیپان وەژوور دەکەوێ.)

ئاننکوف: ها؟

ستیپان: گالیسکەکەی گراند دۆک چەند منداڵێکی تێدا بوو.

ڤینوف: منداڵ؟

ستیپان: بەڵێ کچ و کوڕی براکەی گراند دۆک.

ڤینوف: بەپێی هەواڵەکەی ئورلۆف، دەبووایە گراند دۆک بەتەنیا بێ.

ستیپان: خاگراندۆکیش لەگەڵ بوو. زۆر لە شاعیرەکەمان دەترسام. بەڵام باش بوو خەفیە و سیخوڕەکان هیچیان نەبینی. (ئاننکوف بەئەسپایی لەگەڵ ستیپاندا دەدوێ. کالیاییف دەڕوانێتە ستیپان و ئەوان دەڕواننە ئەم).

کالیاییف: (سەرگەردانە) قەت باوەڕم نەدەکرد، بەتایبەتی بۆ منداڵەکان. سەیری منداڵت کردووە، هەندێ جار نیگایان ئەوەندە تیژ و عینادە کە... قەت دەقیقەیەک پێشتر لەو شوێنە تەنگەبەر و گچکەیەدا، لەنێو ئەو تاریکییەوە بەختەوەر بووم. کە لە دوورەوە تیشکی گڵۆپەکانی گالیسکەکەم بینی هەستم کرد دڵم لە خۆشیدا کەوتە لێدان. کە دەنگی گالیسکەکە توندتر دەبوو. چ ئاشووبێک لە ناخمدا بەرپا بوو! پڕ بەدڵ حەزم دەکرد ڕاپەڕم.

وا بزانم دەستم بەپێکەنین کرد و وتم: («بەڵێ... بەڵێ»... تێ دەگەی؟ (نیگای لەسەر ستیپان دەگوازێتەوە. غەم دایدەگرێتەوە.» بەرەو ڕووی غارم دا. لەوکاتەدا چاوم بەمنداڵەکان کەوت. پێنەدەکەنین. ڕێک دانیشتبوون و دەیانڕوانییە شوێنێکی نادیار. چەند خەمگین بوون! لەنێو جلی ئالاووالادا ون بووبوون. دەستیان نابووە سەر ئەژنۆ... نیوەی لەشیان لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە دیار بوو. من خاگراندۆکم نەبینی. جگە لەوان چ شتێکی دیکەم نەبینی. ئەگەر تەماشایان کردبام ڕەنگ بوو هەر بۆ دامرکاندنەوەی ئەو نیگایانە نارنجۆکەکەم هەڵدایە (دەڕوانێتە ئەوانی دی. بێدەنگی. زۆر بەئەسپایی) نەمزانی چ بوو. دەستم سست بوو. لاقم دەلەرزین تا هاتمەوە سەرخۆ ئیدی زۆر درەنگ بوو بوو. (بێدەنگی. دەڕوانێتە زەوی) دورا، من خەونم دیتووە؟. وام دەهاتە خەیاڵ کە لەو لەحزەیەدا ناقووسەکان لێدەدەن.

دورا: نا، یانک. خەونت نەدیتووە (دەستی دەخاتە سەرباسکی. کالیاییف سەر هەڵدەبڕێ و ئەوانی دی دەبینێ کە لە دەوری خڕ بوونەتەوە. هەڵدەستێ.)

کالیاییف: براینە، سەیری من بکەن. بوریا سەیری من بکە. من مرۆڤێکی کەم نیم. من چاوەڕوانی ئەوان نەبووم. ئیدی هەموو شتێک بەخێرایی هات و تێپەڕی. ئەو دوو سیما جدییە. ئەو قورساییە ترسناکەی نێو دەستی من. دەبووایە نارنجۆکەکەم بەرەو ئەوان هەڵدایە. ڕێک بەمجۆرە. ئۆه... نا، نەمتوانی (تەمەشای یەک بەیەکیان دەکات) جاران کاتێ کە لە ئۆکرانیا شوفێر بووم وەک با دەڕۆیشتم و لە هیچ شتێک نەدەترسام. لە هیچ شتێکی دنیا نەدەترسام

جگە لە منداڵ بەژێرەوەکردن. سەریم دەهێنایە بەرچاوی خۆم کە چۆن بەخێرایی دەدا بەجادەکەدا. (بێدەنگ دەبێ) فریام کەون. یارمەتیم بدەن... (بێدەنگی) دەمویست خۆم بکوژم. بەڵام بۆیە گەڕامەوە چونکە هەستم دەکرد بەرانبەر بەئێوە خەتابارم و تەنیا ئێوە قازی و داوەری منن و بۆتان هەیە پێم بڵێن ئایا هەقم بووە یان خەتام کردووە. کەچی ئێوەش چ شتێک ناڵێن. (دورا، لێی نزیک دەبێتەوە تا دەگەنە یەکدی. کالیاییف دەڕوانێتە ئەوان. بەدەنگی خەمبار) تەنیا ئەم داوایەم لێتان هەیە. ئەگەر بڕیاری ئەوە دەدەن کە دەبێ منداڵەکان بکوژرێن، ئەوا بەتەنێ لە بەردەرگای شانۆکەدا چاوەڕوان دەکەم و هەرکە هاتنە دەرێ بەتەنێ نارنجۆکەکە دەگرمە گالیسکەکە، دڵنیام نیشانەکەم دەنگێوم. تەنیا بڕیار بدەن و هەقتان نەبێ. من ملکەچی فرمان و دەستووری ڕێکخراوم.

ستیپان: ڕێکخراو دەستووری پێدابووی گراند دۆک بکوژی.

کالیاییف: ڕاستە، لێ دەستووری نەدابوومێ منداڵەکان بکوژم.

ئاننکوف: یانک هەقیەتی. ئەم شتە پێشبینی نەکرا بوو.

ستیپان: دەبووایە کارەکەی ئەنجام دابا.

ئاننکوف: خەتای منە. دەبووایە هەموو شتێک پێشبینی بکرایە تا دووچاری دوودڵی نەبووایە، ئێستاش دەبێ بڕیاری ئەوە بدەین کە ئاخۆ چاوپۆشی لەم دەرفەتە لەبارە بکەین یان یانک ڕاسپێرین لەبەر شانۆکەدا چاوەڕوان بکات؟.

ڤینوف: نازانم، ڕەنگە منیش وەک یانک بکەم. بەڵام لە خۆم دڵنیام بێم (زۆر بەئەسپایی) دەستم دەلەرزێت.

ئاننکوف: ئەدی تۆ دورا!

دورا: (بەدڵنیاییەوە) من وەک یانک پاشەکشە دەکەم. چۆن خۆم شتێکم پێ نەکرێ، کەسانی دی بۆ هان بدەم؟.

ستیپان: حەساوی ئەوەت کردووە کە ئەم بڕیارە چ دەگەیەنێ؟. دوو مانگ ئەمسەر و ئەوسەرو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی. دوو مانگ بەفیڕۆ دەچێت. (ئیگور، لە پێناوی هیچدا گیرا. ڕیکوف بەخۆڕایی تێدا چوو و ئێستاش دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکرێتەوە؟ دیسان چەندین هەفتەی دوورودرێژ، شەونخوونی و کۆبوونەوە، دەرفەتێکی لەبار بڕەخسێ! هەمدیس چاوەڕوانی بێ کۆتایی؟.

ئەوە شێتبوون؟.

ئاننکوف: دوو ڕۆژی دی گراند دۆک دێتەوە بۆ شانۆ خۆت ئەمە چاک دەزانی.

ستیپان: دوو ڕۆژ بەهەموو خەتەرێکەوە.

کالیاییف: من دەڕۆم.



دورا: سەبر کە! (ستیپان) تۆ خۆت دەتوانی بەچاوی کراوەوە بڕۆیت و منداڵێک بکوژیت؟.

ستیپان: ئەگەر ڕێکخراو دەستوور بدات، ئا.

دورا: ئەدی بۆ چاوت دەنوقێنی؟.

ستیپان: من! من چاوم نووقاند؟.

دورا: بەڵێ.

ستیپان: بۆیە چاوم نووقاند تا وەزع و حاڵەکە چاکتر بێتە بەرچاوم و وەڵامی دروست بدەمەوە.

دورا: چاوت بکەوە و چاک بزانە ئەگەر ڕێکخراو بۆ تاقە لەحزەیەک بهاتایە سەر ئەو قەناعەتەی کە منداڵان بکوژێ، هەموو توانایەکی خۆی دەدۆڕاند.

ستیپان: من تاقەتی ئەم قسانەم نییە. ئەگەر ئێمە بۆ تاقە ڕۆژێک بڕیار بدەین کە منداڵان فەرامۆش بکەین ئەوا دەبین بەسەرگەورە و ئاغای دنیا و شۆڕش دەردەکەوێ.

دورا: لەو ڕۆژەدا هەموو مرۆڤایەتی نەفرەت لە شۆڕش دەکەن.

ستیپان: چ قەیدییە. ئەگەر ئێمە بەئەندازەی پێویست شۆڕشمان خۆش بوێ، پێویستە بیسەلمێنین بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا و لە خۆی و لە کۆیلەیەتی خۆی ڕزگاری بکەین.

دورا: ئەدی ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی شۆڕش ڕەفز بکەن؟ ئەگەر هەموو ئەو خەڵکەی کە خەباتیان لە پێناودا دەکەی نەیانەوێ منداڵەکانیان بکوژرێن، ئەوساش هەر پێویستە ئەم جەزرەبەیە لە جەماوەر بدرێ؟.

ستیپان: ئەگەر پێویست بکات. ئەوا تا ئەو کاتەی بێدار دەبنەوە ئەو کارەیان لەگەڵدا دەکەین، بەڵام تۆ خۆت هەڵە مەکە. منیش خەڵکم خۆش دەوێن.

دورا: ئەمە سیمای ئەشق و خۆشەویستی نییە.

ستیپان: کێ وا دەڵێ؟.

دورا: من... دورا!

ستیپان: تۆ ژنیت و ئەشق و خۆشەویستی لە چوارچێوەی سۆزدا دەبینی.

دورا: «بەتووڕەیی» ئەگەر خەیاڵاتم دەربارەی ئەشق نادروست بێ ئەوا دەربارەی شەرمەزاری تەواو دروستە.

ستیپان: من لە هەموو ژیانمدا تەنیا یەکجار شەرمەزاریم کێشاوە. ئەویش لە سۆنگەی هەڵەی کەسانی دییەوە. ئەوسا بوو کە شەلاقیان کردم، چونکە شەلاقیان لێدام، دەزانی شەلاق چییە؟. «فرا» کە لەتەنیشت منەوە بوو بەناوی شانازییەوە خۆی کوشت، بەڵام من مام و نەمردم. ئێستا بۆ شەرمەزار بم.

ئاننکوف: ستیپان، لێرەدا هەمووان تۆیان خۆش گەرەکە و ڕێزت دەگرن، بەڵام بیانووی تۆ هەرچییەک بن، من ناتوانم لێت گەڕێم کە هەموو کارێکت پێ پەسند و ڕەوا بێ. سەدان برامان لە پێناوی ئەوەدا

مردوون، تا هەموو کەسێک بزانێ کە هەموو کارێک پەسند و ڕەوا نییە.

ستیپان: هەر شتێک قازانجی ئامانجی ئێمەی تێدا بێ پەسند و ڕەوایە.

ئاننکوف: (بەتوڕەیی) ئایا ئەمە ڕەوا و پەسندە وەک «ئۆتۆ» پێشنیازی کرد بچینە ڕیزی دامودەزگای پۆلیسەوەو کاری دوولایەنە بکەین؟. تۆ ئەم کارە دەکەی؟.

ستیپان: ئەگەر پێویست بکا. ئا.

ئاننکوف: (هەڵدەستێ) ستیپان، چونکە تۆ لەگەڵ ئێمەدا کارت کردووە لەم قسانەت دەبوورین. تەنیا ئەمە بێنەوە بیری خۆت، ئێستا کارەکەمان ئەمەیە کە بزانین ئایا نارنجۆکەکە لە دوو منداڵەکە بگرین یان نەء؟

ستیپان: منداڵەکان... ئێوە تەنیا ئەم وشەیەتان لەسەر زارە. کەواتە بەڕاستی حەواستان پەرتە، چونکە... یانک ئەو دووەی نەکوشت دیسانەوە هەزاران منداڵی ڕووسی لەم ساڵانەدا لە برسا دەمرن. تا ئێستا منداڵتان دیوە لە برسا بمرن؟. من دیتوومە. مردن بەنارنجۆک لە چاو ئەم جۆرە مردنەدا بەختەوەرییە، بەڵام یانک ئەوانی نەدیتووە! تەنیا دوو تووڵە سەگە نازدارەکەی گراند دۆکی دیتوون. چما ئەنگۆ بەشەر نین؟ یا تەنیا بۆ ئەم لەحزەیە دەژین؟. هەنووکە بەزەیی هەڵبڕێژن و تەنیا بەدوای دەرمانی دەردەکانی ئەمڕۆدا بگەڕێن، بەڵام شۆڕشتان نەوێ کە ئامانجی چارەی هەموو دەردەکانی ئێستا و ئایندەیە.

دورا: یانک، دەتوانێ گراند دۆک بکوژێ، چونکە مردنی ئەو ڕۆژگاری ڕزگاری منداڵانی ڕووسی لە برسێتی و مردن نزیک دەخاتەوە، ئەمە کارێکی ئاسانە، بەڵام مردنی برازاکانی گراند دۆک نابێتە مایەی لە برسا مردنی چ منداڵێک و وێرانکاریش ڕادە و سنووری هەیە.

ستیپان: (بەتووڕەیی) چ ڕادە و سنوورێک نییە. دۆغرییەکەی ئەوەیە کە ئەنگۆ باوەڕتان بەشۆڕش نییە. باوەڕتان نییە. ئەگەر باوەڕی تەواوتان هەبووایە، ئەگەر دڵنیا بوونایە بەهۆی قوربانی و سەرکەوتنەکانمانەوە بەرەو ڕووسیایەکی ئازادی لە زوڵم و زۆر بەدەر دەچین. بەرەو سەر زەمینێکی ئازادی ئەوتۆ دەچین کە تا گرتنەوەی هەموو دنیا بەردەوام دەبێ ئەوا مەرگی دوو منداڵتان لەبەر گران نەدەبوو. مەرگی دوو منداڵ لە چاو ئەو هەموو دەسکەوتەدا چ بایەخێکی هەیە؟. ئەگەر هەستتان بەهەموو ئەو مافانە بکردایە بەگوێی منتان دەکرد. ئێستاش بۆیە ئەم جۆرە مردنە دەستەوەستانتان دەکات، چونکە باوەڕتان بەمافی خۆتان، بەشۆڕش نییە (بێدەنگی. کالیاییف هەڵدەستێ)

کالیاییف: ستیپان، من شەرمم بەخۆم دێ. لێ لەگەڵ ئەمەشدا قایل نابم لەوەی پتر لەسەری بڕۆی. من بۆیە ڕازی بووم بیکوژم تا زوڵم و زۆر لە بیر بچێ، بەڵام من زوڵم و زۆرێکی دی لەپشت ئەم قسانەی تۆوە دەبینم کە ئەگەر سەر بکەوێ لە بری ئەوەی عەدالەتخوازێکم لێ دروست بکات، پیاوکوژێکم لێ دروست دەکات.

ستیپان: ئەگەر عەدالەت لەڕێگەی پیاوکوشتنەوە بێتەدی چ قەیدییە. ببی بەپیاوکوژ؟. منو تۆ هیچ نین.



کالیاییف: تۆ خۆت چاک دەزانی کە ئێمە شتێن. باشترین بەڵگەش ئەوەیە تۆ ئەمڕۆ بەناوی خۆپەرستییەوە قسە دەکەی.

ستیپان: خۆپەرستی من پێوەندی بەخۆمەوە هەیە، بەڵام خۆپەرستی و یاخیگەری خەڵکی و ئەو ژیانەی کە لە دنیای بێ عەدالەتیدا بەسەری دەبەن، ئەمانە مەسەلەی گەورەی ئێمەن.

کالیاییف: خەڵکی تەنیا بەعەدالەت ناژین.

ستیپان: کە نانەکەیان بدزن، هەنگینێ جگە لە عەدالەت بەچی دەژین؟.

کالیاییف: بەعەدالەت و پاکی.

ستیپان: پاکی؟ ڕەنگە بیناسم، بەڵام وام بەچاک زانی فەرامۆشی بکەم و هەزاران کەس نەزانن کە چییە تا ئەو ڕۆژەی واتایەکی گەورە پەیدا دەکات.

کالیاییف: تۆ دەبێ دڵنیا بیت کە ئەو ڕۆژە دێت. ئەگەر بتەوێ ئەو شتەی ئەمڕۆکە شایستەی ژیانە لەبەر خاتری ئەو ڕۆژە داغانی بکەی، ئەوا دەبێ دڵنیا بی کە ئەو ڕۆژە دێ.

ستیپان: دڵنیام.

کالیاییف: نا، ناتوانی دڵنیا بی، بۆ ئەوەی دەربکەوێ کە من و تۆ کاممان لەسەر هەقین، بەلای کەمەوە دەبێ سێ وەچە لە جەنگ و شۆڕشی خوێناویدا ببنە قوربانی، تا ئەو سەردەمەش دێ، من و تۆ دەمێکە بووین بەگەرد و تۆز.

ستیپان: ئەوسا خەڵکانی دی دێن و من بەبرایان دەزانم.

کالیاییف: (بەهاوارەوە) خەڵکانی دی...... بەڵێ، بەڵام من ئەوانەم خۆش دەوێن کە ئەمڕۆکە من ئاسا لەسەر ئەم خاکە دەژین و ئەوان بەبرا دەزانم و هەر لە پێناوی ئەوانیشدا دەجەنگم و بەمردن قایلم. لەبەر خاتری شارێکی دوورە دەستدا کە لە بوونی دڵنیانیم، پشت ناکەمە براکانم. ئامادە نیم لە ڕای عەدالەتێکی مردوودا، بێ عەدالەتی زیندووی ئێستا بورووژێنم. (زۆر بەدڵنیایی و توندییەوە) برایان دەمەوێ بەوپەڕی ئازادییەوە قسەتان لەگەڵ بکەم و بەلای کەمەوە ئەو شتەتان پێ بڵێم کە دێهاتییەکانمان بەئاسانی دەیڵێن. کوشتنی منداڵ بێ شەرەفییە ئەگەر شۆڕش شتێک بێ جیا لە شەرەف ئەوا دەستبەجێ دەچمە بەردەرگای شانۆکە، بەڵام خۆم دەخەمە ژێر پێی ئەسپەکانەوە.

ستیپان: شەرەف، وشەیەکی بریقەدارە و بۆ گالیسکە سواران ڕێکخراوە.

کالیاییف: نەخێر شەرەف دوا سامانی هەژارانە. خۆت ئەمە چاک دەزانی و لە لات عەیانە کە جۆرە ئابڕوویەک لە هەناوی شۆڕشدا هەیە. هەر لە پێناوی ئەوەشدایە کە ئێمە مەرگ هەڵدەبژێرین. هەر ئابڕووە ستیپان کە کردییە کارێک تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆت لەبەر زەبری شەلاقدا ڕابگری و ئەمڕۆکەش لەپشت قسەکانتەوە خۆی حەشار داوە.

ستیپان: (بەهاوارەوە) بێدەنگ بە. قەبووڵ ناکەم باسی ئەم مەوزووعە بکەی.

کالیاییف: (بەسەلاری) بۆ بێدەنگ بم؟ من ڕێم دایت کە بڵێی تۆ باوەڕت بەشۆڕش نییە. وتت دەبووایە گراند دۆک لە هیچە بکوژم. ڕێم دایت هەموو ئەمانە بڵێی و لێت نەدەم.

ئاننکوف: یانک!

ستیپان: هەندێ جار هۆیەکانی کوشتن بەس نییە. کوشتن لە پێناوی شتدایە.

ئاننکوف: ستیپان، چ کەسێک لەگەڵ ئەم باوەڕەی تۆدا نییە. بڕیار دراوە و تەواو.

ستیپان: کەواتە من بێدەنگ دەبم، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە تیرۆر و سۆز و بەزەیی پێکەوە ناسازێن. ئێمە هەموومان پیاوکوژین و پیاو کوشتنمان هەڵبژاردووە.

کالیاییف: (لە دووری ستیپانەوە) نەخێر، من مەرگم هەڵبژاردووە تا پیاوکوژ لە جیهاندا زاڵ نەبێ، من بێ گەردی و پاکبوونم هەڵبژاردووە.

ئاننکوف: یانک ستیپان بەسە. ڕێکخراو بڕیاری داوە کە کوشتنی ئەم منداڵانە بێ فایدەیە. دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە. دەبێ ئامادە بین کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا دووبارە تێهەڵچینەوە.

ستیپان: ئەدی ئەگەر خاگراند دۆک، لەگەڵ گراند دۆکدا بێ؟.

کالیاییف: من دەست لەو ناپارێزم.

ئاننکوف: گوێ بگرن! (دەنگی گالیسکە دێ. بەرەو پەنجەرەکە دەچێ، ئەوانی دی چاوەڕوانن. گالیسکەکە نزیک دەبێتەوە. بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت دەبێ و لە چاو ون دەبێ.)

ڤینوف: (دەڕوانێتە دورا کە بەرەو ئەم دێ) دەست پێ بکەین دورا.

ستیپان: (بەتانە و تەشەرەوە) بەڵێ ئەلکسی. با دەست پێ بکەین... بەڵام دەبێ هەوەڵجار کارێک بۆ ئابڕووی گرانبەهامان بکەین.

(پەردە دادەڕێتەوە)

## پەردەی سێیەم

«هەمان شوێن. هەمان سەعات. دوو ڕۆژ پاشتر.»

ستیپان: ڤینوف تا ئێستا چی دەکات؟. دەبووایە لێرە بێ.

ئاننکوف: پێویستی بەخەوە. ئێمەش نیو سەعاتێک وەختمان بەدەستەوەیە.

ستیپان: بچم تاقیبی بکەم؟

ئاننکوف: نەخێر. پێویست ناکات خۆ لە قەرەی خەتەری نا پێویست بدەین. (بێدەنگی) یانک بۆ هیچ ناڵێی.؟

کالیاییف: هیچم نییە تا بیڵێم. نیگەران مەبە. (زەنگ لێ دەدەن) ئەوەتان (ڤینوف، وەژوور دەکەوێ)

ئاننکوف: خەوتیت؟.

ڤینوف: بەڵێ، کەمێک خەوتم.



ئاننکوف: هەموو شەوەکە خەوتیت؟.

ڤینوف: نەء.

ئاننکوف: دەبووایە بخەوی تا هیلاکیت دەرچێ.

ڤینوف: هەوڵم دا، لە ڕادەبەدەر شەکەت بووم.

ئاننکوف: دەستت دەلەرزێن.

ڤینوف: نەء (هەموو سەیری دەکەن) بۆ سەیرم دەکەن؟. نابێ مرۆڤ ماندوو بێ؟.

ئاننکوف: بۆ نەء. ئێمە بیر لە تۆ دەکەینەوە.

ڤینوف: (بەتووڕەییەکی کتوپڕەوە) دەبووایە پێرێ ئەم بیرەتان بکردایەتەوە. ئەگەر نارنجۆکەکە بهاوێژرایە، لەم دوو ڕۆژەدا ئەوەندە ماندوو نەدەبووین.

کالیاییف: ببوورە ئەلکسی. من کارەکەم قورستر کرد.

ڤینوف: (زۆر بەئەسپایی) مەبەستت چییە؟. بۆ قورستر؟. مەسەلەکە ئەمەیە کە من ماندووم.

دورا: ئێستا کارەکان بەخێرایی دەڕۆن. هەمووی سەعاتێکی دیبیە و ئەمیش تەواو دەبێ.

ڤینوف: بەڵێ ئەمیش تەواو دەبێ. سەعاتێکی دی... (دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی. دورا بەرەو لای ئەو دێ و دەستی دەگرێ. ئەو دەستی بەرەڵڵا دەکات. پاشان لەپڕ ڕایدەپسکێنێ).

ڤینوف: بوریا، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

ئاننکوف: تایبەتییە؟

ڤینوف: تایبەتییە. (هەموو دەڕواننە یەکدی. کالیاییف و دورا و ستیپان دەچنە دەرێ.)

ئاننکوف: چی بووە؟. (ڤینوف ماتە) تکا دەکەم پێم بڵێ.

ڤینوف: ئاخر شەرم دەکەم بوریا. «بێدەنگی» شەرم دەکەم. دەبێ حەقیقەت بەتۆ بڵێم.

ئاننکوف: ناتەوێ نارنجۆکەکە بهاوێی؟.

ڤینوف: ناتوانم بهاوێژم.

ئاننکوف: دەترسیت؟ لەمە زیاتر هەیە؟ ئەمە چ شەرمێکی تێدا نییە.

ڤینوف: من دەترسم و شەرمەزاری ئەم ترسەم.

ئاننکوف: خۆ پێرێ کۆک و ئامادە بووی. کاتێ کە ڕۆیشتی چاوت دەبریسکانەوە.

ڤینوف: من هەمیشە دەترسام. مەسەلەکە ئەمە بوو کە پێرێ هەموو هێز و توانای خۆم کۆکردبووەوە. لێ کاتێ لە دوورەوە دەنگی گالیسکەکەم ژنەوت بەخۆم وت «دەست پێ بکەین؟» بۆ ماوەی یەک دەقیقە ددانەکانم چیڕ کردنەوە. دەمارەکانم گرژبوون. دەمویست هێندە بەتووڕەیی نارنجۆکەکە هەڵدەم کە گراند دۆک بکوژێ. چاوەڕوانی یەکەم تەقینەوە بووم، تا هەموو ئەو هێزە داگیرساوەی ناخم بەیەک کەڕەت بتەقێتەوە کەچی هیچ نەبوو گالیسکەکە بەرەو من هات. چەند خێرا دەهات لە من ڕەت بوو. ئیدی بۆم دەرکەوت کە یانک نارنجۆکەکەی هەڵنەداوە. لەو ساتەدا سەرمایەکی

سامناک ئازاری لەشی داگرتم، کتوپڕ خۆم وەک منداڵێکی بێ دەسەڵات هاتە بەرچاو.

ئاننکوف: قەیدی نییە ئەلکسی وێڕای ئەوەش ژیان گەڕایەوە مەداری خۆی.

ڤینوف: بەڵام لەم دوو ڕۆژەدا نەگەڕاوەتەوە مەداری خۆی. ئا ئێستاکێ درۆم لەگەڵ کردیت. من دوێنێ شەو نەخەوتبووم. دڵم لە مستمدا بوو. ئوه بوریا، من نائومێدم.

ئاننکوف: تۆ نابێ نائومێد بی. هەر هەمووومان هەمان وەزع و حاڵی تۆمان هەیە. خەمت نەبێ، نارنجۆکەکە هەڵنادەیت. دەبێ بچی بۆ فنلاند و پاش یەک مانگ پشوو بگەڕێیتەوە نێومان.

ڤینوف: نا. ئەمە شتێکی دییە. ئەگەر ئێستا نارنجۆکەکە هەڵندەم ئیدی هەرگیز هەڵی نادەم.

ئاننکوف: ئاخر بۆ؟

ڤینوف: ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە من بەکەڵکی تیرۆرکاری نایەم. چاکتر وایە واز لە کۆمیتەکانی ئێوە بێنم و بچمە ڕیزی ڕاگەیاندنەوە.

ئاننکوف: لەوێشدا ئەم جۆرە مەترسییانە هەن.

ڤینوف: بەڵێ، بەڵام دەکرێ بەچاوی بەستراوەوە کار بکەی. مرۆڤ ئاگای لە هیچ نەبێ.

ئاننکوف: مەبەستت چییە؟.

ڤینوف: (بەهەڵچوونەوە) مرۆڤ ئاگای لە هیچ نییە. کۆبوونەوە و باسی وەزع و حاڵ و ئەوسا ڕا دەربڕین، کارێکی ئاسانە. هەڵبەتە مرۆڤ ژیانی خۆی دەخاتە خەتەرەوە، بەڵام کوێرانە و بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ شتێ ببێ، بەڵام ئەمەیان کە لەسەر یەک پێ بوەستی و ئەو باڵ بەسەر شاردا بکێشێ، خەڵکی پێ هەڵگرن بۆ ئەوەی فریای کاسەیەک شۆربای گەرم بکەون. منداڵان بێنن. هەست بەگەرمی ژنێک بکەی و قوڕوقەپ دەق ڕاوەستی و هەست بەقورسایی نارنجۆک لەناو دەستتدا بکەیت و لات ئاشکرا بێ کە لە ماوەی سێ دەقیقەدا، لە ماوەی چەند سانییەیەکدا دەگیرێتە گالیسکەیەکی ڕازاوە: بەڵێ ئەمەیان تیرۆرە. من ئێستا دەزانم کە ناتوانم دووبارە دەست پێ بکەمەوە. مەگەر هەست بکەم خوێن لە لەشمدا نەماوە. بەڵێ شەرمەزارم لەوەی زۆر بەرز فڕیم. دەبێ بەئەندازەی پایەی خۆم کار بکەم. پایەیەکی زۆر بچووک؛ ئەو پایەیەی کە پڕ بەپێستی خۆمە.

ئاننکوف: شتاقمان پایەی بچووکمان چنگ ناکەوێ. هەمیشە زیندان و قەنارەمان لە ڕێن.

ڤینوف: بەڵام مرۆڤ ئەو کەسانە نایەنێ کە دەیەوێ بیانکوژێ. یانی تەنیا ئەوەندەی لەسەرە بیانهێنێتە بەرچاوی خۆی. جا خۆم و بەختم من توانای بەرجەستەکردنم نییە (بەتووڕەیی پێدەکەنێ) قەت ڕێک نەکەوتووە من بەڕاستی باوەڕم بەبوونی سیخوڕ و خەفیە کرد بێ. ئەمە بۆ بابایەکی تیروریست سەیرە ها؟ هەڵبەتە هەرکە یەکەم شاپیان بەورگمدا کێشا هەست بەبوونیان دەکەم، بەڵام پێش ئەوە نەء.

ئاننکوف: ئەدی بۆ بەندیخانە چ دەڵێی؟ مرۆڤ لە بەندیخانەدا هەم دەزانێ و هەم دەبینێ. ئیدی لەوێدا شتێک نییە ناوی فەرامۆشکردن بێ.



ڤینوف: مرۆڤ لە بەندیخانەدا چ بڕیارێک نادات. بەڵێ ئەمەیە مەسەلەکە چەند خۆشە خەڵکانی دی بڕیارت بۆ بدەن. ئیدی ئەوە نییە کە بەخۆی بڵێ: (یاڵڵا نۆرەی تۆیە. دەبێ لە نۆرەی خۆتدا بڕیار بدەی). هەنووکە دڵنیام ئەگەر بگیرێم هەوڵی دەربازبوون نادەم، چونکە دەربازبوون زیرەکی و داهێنانی گەرەکە. خۆ ئەگەر مرۆڤ دەربازیش نەبێ ئەوا کەسانی دی هەن دەستپێشکەری بۆ دەکەن و حەساوەکەی دەبڕێننەوە.

ئاننکوف: هەندێ جاریش بۆ لە سێدارەدانت تێدەکۆشن.

ڤینوف: (بەنائومێدییەوە) هەندێ جار بۆ من، مردن لەوە ئاسانترە کە بەدەستێک ژیانی خۆم بگرم و بەدەستەکەی تریشم ژیانی کەسێکی دی، لەو ساتەدا کە دەبێ ئەم دوو ژینە گڕ تێ بەربدەم. (ئاننکوف مات و بێدەنگە). تەنانەت دەشێت مرۆڤی بێ غیرەتیش بەکەڵکی شۆڕش بێن، بەمەرجێ لە جێی خۆیان دابنرێن.

ئاننکوف: ئێستا ئێمە هەموومان بێ غیرەتین، بەڵام هەمیشە دەرفەتی سەلماندنی ئەو بێ غیرەتییەمان بۆ نارەخسێ. چیت پێ خۆشە ئەوە بکە.

ڤینوف: حەز دەکەم هەر ئێستا بڕۆم. وا هەست دەکەم ناتوانم سەیری ئەوان بکەم، بەڵام تۆ قسەیان لەگەڵ بکە.

ئاننکوف: من قسەیان لەگەڵ دەکەم (بەرەو ئەو دەچێت).

ڤینوف: بەیانک بڵێ کە چ خەتایەکی نەکردووە و پێی بڵێ کە خۆشم دەوێ وەک چۆن هەمووتانم خۆش گەرەکە. (بێدەنگی. ئاننکوف باوەشی پێدا دەکات.)

ئاننکوف: خواحافیز برام. هەموو شتێک تەواو دەبێ. ڕووسیا بەختەوەر دەبێ.

ڤینوف: (بەدەم هەڵاتنەوە) خۆزگە بەختەوەر بێ، بریا بەختەوەر ببووایە. (ئاننکوف بەرەو دەرگا دەچێت).

ئاننکوف: وەرن. (هەموویان لەگەڵ دورادا وەژوور دەکەون).

ستیپان: چی بووە؟.

ئاننکوف: ڤینوف نارنجۆکەکە هەڵنادات. تەواو نەترەی بەرداوە، ڕووخاوە.

کالیاییف: ئەمە ئاکامی هەڵەی منە. وا نییە بوریا؟.

ئاننکوف: داوای لێکردم کە پێت ڕابگەیەنم خۆشی دەوێی.

کالیاییف: دەتوانم جارێکی دی بیدینم؟.

ئاننکوف: ڕەنگە، چونکە بەمەرج ڕۆیی.

ستیپان: بۆ؟

ئاننکوف: ئەگەر لە کۆمیتەکاندا بێ سوودی زیاتر دەبێ.

ستیپان: پێشتر داوای کرد بوو؟ کەواتە دەترسا؟.

ئاننکوف: نەء. من ئەم بڕیارەم دا.

ستیپان: هەمووی یەک کاتژمێری ماوە بۆ هێرشەکە و کەچی ئیزنی دەدەی؟.

ئاننکوف: ڕاستە یەک کاتژمێری ماوە، بەڵام دیسان بڕیار هەر بڕیاری منە. کاتی چەندوچوون نییە. من دەچمە شوێنی ڤینوف.

ستیپان: ئەمەیان هەقی منە نەک تۆ.

کالیاییف: «بەئاننکوف» تۆ ڕابەری ئێمەی ئەرکی تۆ ئەوەیە لێرە بی.

ئاننکوف: بڕێ جار ڕابەرێک ئەرکی پیاوێکی ترسنۆک لە ئەستۆ دەگرێ، بەڵام ئەمە لەبەر خاتری ئەوەیە کە لە کاتی پێویستدا هەنگاو بنێ و سڵ نەکاتەوە. شەهامەت و غیرەت بنوێنێ. بڕیارەکەم بێ چەندوچوونە... ستیپان، ئەگەر پێویستی کرد تۆ جێی من دەگرییەوە. دەبێ هەندێ تەعلیمات وەربگری. (دەچنە دەرێ. کالیاییف دەچێ دابنیشێ. دورا دەچێتە تەنیشتییەوە. دەستی بۆ درێژ دەکات، بەڵام ژێوان دەبێتەوە.)

دورا: خەتای تۆ نەبوو.

کالیاییف: زۆر زۆرم خراپە لەگەڵی کرد، دەزانی ڕۆژێکی دی چی پێم دەوت؟.

دورا: لێکدا لێکدا دووبارەی دەکردەوە کە بەختەوەرە.

کالیاییف: بەڵام بەمنی وت کە لە دەرێی ئێمەدا چ بەختەوەرییەک نابینێ. دەیوت: «ئێمە و ڕێکخراو لەو ئاستەداین کە گشت گیروگرفتەکانی ئەم جیهانە چارەسەر بکەین. تەواو وەک ئەمەیە کە ئەفسانە و پەرجووەکان لەسەر زەویدا بێنە دی.» چەند دڵم پێی دەسووتێ دورا!.

دورا: دەگەڕێتەوە.

کالیاییف: نا. کە بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر لە جێی ئەو بام چیم دەکرد؟ بەڕاستی نائومێد دەبم.

دورا: ئەدی هەنووکە نا ئومێد نیت؟.

کالیاییف: (غەمگینە) ئێستا؟ چونکە لەگەڵ ئێوەدام وەک چۆن ئەو بەختەوەر بوو، منیش بەختەوەرم.

دورا: بەختەوەرییەکی گەورەیە.

کالیاییف: بەڕاستی بەختەوەرییەکی گەورەیە. چما تۆش وەک من بیر ناکەیتەوە؟.

دورا: من لەگەڵتام، بەڵام تۆ بۆ خەمباری؟. دوو ڕۆژ بوو سیمات دەبریسکایەوە. وا دەهاتە بەرچاو کە دەتەوێ بچیتە زەماوەندێکی گەورە، بەڵام ئەمڕۆ...

کالیاییف: (بەتوندی ڕادەچڵەکی و هەڵدەستێ) ئەمڕۆ شتێک دەزانم کە پێشتر نەمدەزانی، قسەکەی تۆ بوو، کارێکی ئاسان نەبوو. من وامدەزانی کوشتن بەناوی ئارمانج و باوەڕەوە کارێکی ئاسانە، بەڵام من ئەو گەورەیە نیم و ئێستا دەزانم کە هیچ چەشنە بەختەوەرییەک لە ڕق و کینە پەیدا نابێ. هەموو ئەم خراپییانە ئەم خراپییانەی ناخی من و خەڵکانی دی. پیاوکوژی، هیچوپووچی، بێ عەدالەتی... ئۆه پێویستن. پێویستە کە بیکوژم. من تا کۆتایی کارەکە... زۆر دوورتر لە ڕق و کینە دەڕۆم.



دورا: زۆر دوورتر؟ لەوێدا چ شتێک نییە...

کالیاییف: ئەشق و خۆشەویستی هەیە.

دورا: ئەشق؟ نا، ئەشق ئەو شتە پێویستە نییە.

کالیاییف: ئۆه دورا. چۆن ئەم قسەیە دەکەی، من دڵی تۆ دەناسم.

دورا: ئێرە یەکپارچە خوێن و دڕندەییە. دژوارییەکی دوورودرێژە ئەوانەی کە بەڕاستی عەدالەتیان خۆش گەرەکە، مافی ئاشقێنیان نییە. ئەوانە بەمجۆرە دروستبوون. وەک من. سەریان بەرز گرتووە و چاویان قایم و ڕاستە و ڕاستە. ئەشق لەنێو ئەم دڵە شێواوانەدا چ بکات؟ ئەشق سەر بۆ هێمنی و میهرەبانی فرودێنێ، بەڵام ئێمە ملمان ڕەقە.

کالیاییف: بەڵام ئێمە خەڵکی خۆمان خۆش دەوێت.

دورا: ڕاستە. خۆشمان دەوێن. ئێمە ئەوانمان بەئەشقێکی فراوانەوە خۆش دەوێ، بەئەشقێکی پڕ لە خەمەوە خۆشمان دەوێن. ئێمە لە خەڵکەوە دورین. لە ژوورەکانماندا حەپەسین. لەنێو هزر و بیرماندا ونبووین. خەڵکی... ئایا ئەوانیش ئێمەیان خۆش دەوێ؟. دەزانن کە ئێمە خۆشمان دەوێن؟. خەڵکی بێدەنگ. ئەمما چ بێدەنگییەک، چ بێدەنگییەکی...

کالیاییف: بەڵام ئەشق ئەمەیە. ئەمەیە کە مرۆڤ هەموو شتێک ببەخشێت. هەموو شتێک بکاتە قوربانی، بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشتەکەی بکات.

دورا: ڕەنگە وا بێ. ئەشقی موتڵەق، شادییەکی بێ خەوشە و هەر ئەمەشە کە لە ڕاستیدا دەمسووتێنێ.... بەڵام هەندێ جار لە خۆم دەپرسم ئاخۆ ئەشق شتێکی دی نییە... شتێکی باڵاتر لە دەنگێکی تەنیا، لە خۆدواندن و هەندێ جار لە وەڵامیش نییە. ئەو کاتانەیە کە وێنەیەک لە بەرچاوەکانم شەپۆڵ دەدا. هەتاو دەدرەوشێتەوە. سەرەکان بەکاوەخۆ فرودێن، دڵ دەستبەرداری شێواوی دەبێ. باسکەکان دەکرێنەوە.

ئاه یانک خۆزگە دەکرا بۆ تاقە چرکەیەک بەدبەختی ئەم دنیا زاڵە فەرامۆش بکرێ. تاقە چرکەیەکی بچووک بۆ خۆپەرستی و بیر لە خۆکردنەوە تەرخان بکرایە. لە مەبەستم دەگەی؟.

کالیاییف: بەڵێ دورا. ئەوە ناوی میهرەبانی و دڵسۆزییە.

دورا: خۆشەویستم تۆ دەرک بەهەموو شتێک دەکەی. ناوی میهرەبانییە، بەڵام ئایا بەڕاستی دەیناسیت؟. ئایا تۆ عەدالەتت لەگەڵ میهرەبانیدا خۆش دەوێ؟. (کالیاییف بێدەنگە) ئایا تۆ میللەتەکەمانت بەم سادەیی و بێ خەمییەوە خۆش دەوێ، یان بەپێچەوانەوە، بەمەشخەڵی تۆڵە و یاخیگەرییەوە؟ (کالیاییف هەر بێدەنگە بەرەو ئەو دەچێ. بەدەنگێکی زۆر نزم) ئەدی من؛ ئایا منت بەمیهرەبانی و دڵسۆزییەوە خۆش دەوێ؟.

کالیاییف: (پاش بێدەنگییەک) کەس هێندەی منی خۆش ناوێی.

دورا: دەزانم، بەڵام وا چاکتر نییە منیشت وەک هەموو خەڵکێکی دی خۆش بووێ؟.

کالیاییف: من وەک هەموو خەڵکی نیم. من وەک هەموو خۆشم دەوێی.

دورا: باشە منت لە عەدالەت و ڕێکخراویش خۆشتر دەوێ؟.

کالیاییف: من، تۆ و عەدالەت و ڕێکخراو بەجیا نازانم.

دورا: بەڵێ، بەڵام وەڵامم بدەوە. تکایە وەڵامم بدەوە. منت بەتاقی تەنیا و بەخۆپەرستییەوە خۆش دەوێ، ئەگەر من عادیل نەبم خۆشت دەوێم؟.

کالیاییف: ئەگەر تۆ عادیل نەبی و من بتوانم خۆشم بوێی ئەوا ئیدی ئەوە تۆ نیت کە مایەی خۆشەویستی منی.

دورا: وەڵامی دروست نادەیتەوە. تۆ ئەوەم پێ بڵێ کە ئەگەر من لەم ڕێکخراوەدا نەبم خۆشت دەوێم؟.

کالیاییف: ئەدی لە کوێ دەبیت؟.

دورا: ڕۆژانی قوتابییەتیم دێتەوە بیر، پێدەکەنیم. هێشتا جوان و ناسک بووم. زۆربەی کاتم بەگەڕان و زیندەخەون دەبردە سەر. منت بەو کەمتەرخەمی و بێ خەمییەوە خۆش دەوێ؟.

کالیاییف: (سڵ دەکاتەوە. زۆر بەئەسپایی) ئەمە وام لێ دەکات بڵێم بەڵێ.

دورا: (بەهاوارەوە) دە بڵێ بەڵێ. ئەگەر بیری لێ دەکەیەوە و بەڕاستتە، بڵێ بەڵێ. لە بەردەم عەدالەتا، لە بەردەم چارەڕەشی و ئەم خەڵکە دیلەدا بڵێ بەڵێ. تکات لێ دەکەم سەرباری مردنی منداڵان و سەرباری ئەوانەی لە سێدارە دەدرێن و ئەوانەی تا سەرەمەرگ عەلاقکاری دەکرێن... بڵێ بەڵێ.

کالیاییف: بێدەنگ بە دورا.

دورا: نا. بەلای کەمەوە دەبێ جارێک ڕێی دڵ بدرێ قسەی خۆی بکات. حەز دەکەم بانگم بکەی دورا. سەرباری ئەم دنیایەی کە لە بێ عەدالەتیدا ژەهراوی بووە، بانگم بکەی....

کالیاییف: (کێویانە) بێدەنگ بە، دڵی من تەنیا باسی تۆ دەکات، بەڵام لە ئێستاوە ئیدی نابێ بلەرزم.

دورا: «سەرسامە» لە ئێستاوە؟!. خەریک بوو لە بیرم بچێ (لەیەک کاتدا دەگری و پێدەکەنێ) نا. ئەمە زۆر چاکە خۆشەویستم. توورە مەبە، من لەم قسانەدا لەسەر هەق نەبووم. خەتای ماندوویێتییە. من ئیدی چ شتێک ناڵێم. منیش بەهەمان ئەشقەوە تۆم لە عەدالەت و لە زیندانەکاندا خۆش دەوێ. یانک، هاوینت دێتەوە بیر؟، بەڵام نا، ئێرە زستانی ئەبەدییە. ئێمە هی ئەم دنیایە نین، ئێمە عادیلەکانمان پێ دەوترێ. گەرماییەک هەیە کە بۆ ئێمە نییە (ئاوڕ دەداتەوە) ئاه! ڕەحم بەعادیلەکان بکە.

کالیاییف: (بەنائومێدییەوە سەیری دەکات) بەڵێ ئەمە چارەنووسی ئێمەیە. ئەشق مەحاڵە، بەڵام من گراند دۆک دەکوژم و ئەوساکە سوکناییەک بۆ تۆ و بۆ من دێتە دی.

دورا: سوکنایی! کەی دەیکوژین؟.

کالیاییف: سبەینێ (ئاننکوف و ستیپان وەژوور دەکەون دورا و کالیاییف لێکدی دوور دەخەنەوە.)

ئاننکوف: یانک.



کالیاییف: هەر ئێستا (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت) ئاخری، ئاخری...

ستیپان: (بەرەو ئەو دەچێ) خواحافیز برا. من لەگەڵتدام.

کالیاییف: خواحافیز ستیپان (بەرەو لای دورا دەگەڕێتەوە). خواحافیز دورا.

دورا: (بەرەو لای ئەو دەچێ، تەواو لێکدی نزیک دەبنەوە، بەڵام لەشیان بەریەک ناکەوێ) نا، خواحافیز نا. بەهیوای دیدار خۆشەویستم. بەهیوای دیدار.

کالیاییف: «تەماشای دەکات... بێدەنگی» بەهیوای دیدار. من... ڕووسیا جوان دەبێ... (سڵاو لە وێنەکەی مریەم دەکات و لەگەڵ ئاننکوفدا دەردەچن. دورا، چاوی بڕیوەتە دەرگا و بێ جووڵەیە.)

ستیپان: چەند قیت ڕێ دەکات. دەیبینی. من هەڵە بووم کە متمانەم بەیانک نەکرد. من ئیمانەکەیم خۆش نەدەویست. سڵاوی لە وێنەکەی مریەم کرد. خۆ بەخۆت دیتت؟ پیاوێکی بەئیمانە.

دورا: هاتوچۆی کڵێسا ناکات.

ستیپان: بەڵام ڕوحێکی ئایینی هەیە. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە نەدەگونجاین من چاک دەزانم کە زۆر لەو توڕەتر و توندە تەبیعەتترم. بۆ ئێمەی خوانەناس، یان دەبێ هەموو شتێک عەدالەت بێ یان هەر بەشمان نائومێدی دەبێ.

دورا: بۆ ئەو عەدالەتیش مایەی نائومێدییە.

ستیپان: بەڵێ ڕۆحی لاوازە، بەڵام دەستی لە ڕۆحی بەهێزترە. ئەو گراند دۆک دەکوژێ. هەڵبەتە چاک دەکات و بگرە زۆریش چاک دەکات. وێرانکردن تاقە کاری زەرورییە. بزانم تۆ هیچ ناڵێی؟ (نیگای دەکات). خۆشت گەرەکە؟.

دورا: خۆشەویستی وەختی دەوێ. ئێمە بەهەزار جرە جرِ وەختی عەدالەتمان هەیە چ جای خۆشەویستی.

ستیپان: هەقتە. کارمان زۆرە. دەبێ سەراپای دنیا وێران بکرێ... دوایی (دەچێتە بەر پەنجەرەکە) نایانبینم. ڕۆیشتوون.

دورا: دوایی چی؟

ستیپان: یەکترمان خۆش دەوێ.

دورا: ئەگەر بمێنین.

ستیپان: چ قەیدییە، خەڵکانی دی یەکتریان خۆش دەوێ.

دورا: ستیپان، بڵێ (کینە).

ستیپان: چۆن؟

دورا: وشەی «کینە» گۆ بکە.

ستیپان: کینە.

دورا: باشە. یانک زۆر خراپی گۆ دەکات.

ستیپان: (دوای بێدەنگییەک بەرەو ئەو دەچێ) دەزانم، من دەبوغزێنی. باشە تۆ دڵنیایت کە هەقی

ئەوەت هەیە؟ (بێدەنگی. بەتووڕەبوون و هەڵچوونەوە). ئێوە هەمووتان لە وێندەر بەناوی ئەشقی نانەجیبەوە سەرگەرمی سەودای هەندێ شتن کە لە خۆتانەوە دروستی دەکەن، بەڵام من چ کەسێکم خۆش ناوێ. لە هاوڕەگەزانم بێزارم؟ بەڵێ بێزارم. ئەشقی ئەوان چی بۆ من دەکات؟. من لە زینداندا ئەشقم ناسی و سێ ساڵە هەمیشە دەیهێنمەوە بەرچاوی خۆم. تۆ دەتەوێ من دڵم نەرم بێ و نارنجۆکەکە چەشنی خاچ لەگەڵ خۆمدا ببەم؟. نا، نا! من لە حەوت ئاوم داوە و... زۆر شت دەزانم.... تەمەشا بکە.... (کراسەکەی دەدڕێ. دورا بەپەلە دەڕوانێتە ئەو. کە چاوی بەجێی شەلاقەکان دەکەوێ پاشەوپاش دەکشێتەوە.) ئەمانە نیشانەن. نیشانە ئەشقەکەیانە. ئێستاش دەمبوغزێنی؟.

دورا: چ کەسێک ڕەنج دەبوغزێنێ؟. تۆشم خۆش دەوێ؟.

ستیپان: (سەیری دەکات. بەئەسپایی). بمبوورە.

دورا: (هەڵوەستەیەک. دەگەڕێتەوە) ڕەنگە نیشانەی شەکەتی بێ؛ ساڵانی دوورودرێژی خەبات. دڵەڕاوکێ. خەفیە و سیخوڕان. بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئاکام ئەمانە (جێی شەلاقەکان نیشان دەدات) ئیدی تاقەتی خۆشەویستی لە کوێ بێنم؟. من هەر بێزارییەکەم بۆ دەمێنێتەوە. ئەمە باشترە لەوەی کە مرۆڤ هەست بەهیچ نەکات.

دورا: بەڵێ، ئەمە باشترە (سەیری ستیپان دەکات. زەنگی سەعات شەش لێ دەدا.).

ستیپان: (دەگەڕێتەوە) ئێستا گراند دۆک ڕەت دەبێ. (دورا دەچێتە بەرپەنجەرەکە و خۆی دەچەسپێنی بەشووشەکانەوە بێدەنگییەکی درێژ. پاشان لە دوورەوە دەنگی گالیسکە دێ کە بەرە بەرە نزیک دەبێتەوەو ڕەت دەبێ.)

ستیپان: خۆزگە بەتەنیا بێ... (گالیسکەکە دوور دەکەوێتەوە. تەقینەوەیەکی ترسناک. دورا ڕادەچڵەکێ. سەری دەنێو هەردوو دەستی دەخات... بێدەنگییەکی درێژ).

ستیپان: بوریا نارنجۆکەکەی هەڵنەدا. یانک سەرکەوتووە. ئۆخەی میللەتی ڕووس سەر کەوت!.

دورا: (بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە خۆی بەرەو ئەو هەڵدەدا) ئێمە کوشتمان. ئێمە ئەومان کوشت. من کوشتم.

ستیپان: (بەهاوارەوە) کێمان کوشت؟ یانک؟.

دورا: گراند دۆک.

(پەردە دادەدرێتەوە)

## پەردەی چوارەم

«ژوورێکی قەڵای یوگاچوف لە زیندانی بورتی کی. بەیانییە. کە پەردە لادەبرێ، کالیاییف لەنێو ژوورەکەیەوە دەڕوانێتە دەرگاکە. کێشکچییەک و زیندانییەکی سەتڵ بەدەست وەژوور دەکەون.»

کێشکچی: خاوێنی بکەوە. دەستوبردیش بکە (دەچێتە کەنار پەنجەرەکە، فوکا، بێ ئەوەی سەیری



کالیاییف بکات، دەست بەخاوێنکردنەوە دەکات. بێدەنگی).

کالیاییف: برا، نێوت چییە؟.

فوکا: فوکا.

کالیاییف: مەحکوومیت؟

فوکا: وا دیارە.

کالیاییف: چیت کردووە؟.

فوکا: پیاوم کوشتووە.

ئاننکوف: برسیت بوو؟

کێشکچی: هێواشتر...

کالیاییف: چۆن؟

کێشکچی: هێواشتر. هەرچەند قسەکردن قەدەغەیە، بەڵام قەیدی نییە. هێواش قسە بکە. وەک ئەم پیرە.

کالیاییف: برسیت بوو؟

فوکا: نەء، تینووم بوو.

کالیاییف: پاشان؟.

فوکا: پاشان دەستم دایە تەورێک و هەموو شتێکم وێران کرد. زاهیری سێ کەسم کوشت. (کالیاییف سەیری دەکات).

فوکا: ئاغا زادە بزانم بەبرا بانگم ناکەی؟ حەپەساویت وانە؟

کالیاییف: نەء. منیش پیاوم کوشتووە.

فوکا: چەند پیاو؟.

کالیاییف: حەز دەکەی پێت بڵێم برا، بەڵام جارێ پێم بڵێ ئایا ژێوانی لەوەی چوو یان نا؟.

فوکا: هەڵبەتە ژێوانم. ئاخر بیست ساڵ زۆر زۆرە. پیاو پێی ناخۆشە.

کالیاییف: بیست ساڵ. من لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا هێنراومەتە ئێرە و بەسەری سپییەوە دەچمە دەرێ.

فوکا: ئا! ڕەنگە ئەمە بۆ تۆ باشتر بێ. قازییەک بەوە دەناسرێ کە ژنی هێنا بێ و کێی هێنا بێ. خۆ تۆ بابایەکی ئاغا زادەییانی لە ڕیزی ئەو ئیبلیسە بێ چارانەدا نیت. نەجاتت دەبێ.

کالیاییف: باوەڕ ناکەم و ناشمەوێ. من ناتوانم (٢٠) دانە ساڵ شەرمەزاری و خەجاڵەت تەحەمول بکەم.

فوکا: خەجاڵەت؟ خەجاڵەتی چی؟ دیارە ئەم شتانەش خەیاڵاتی ئاغا زادەکانە. چەند کەست کوشتووە؟.

کالیاییف: تەنیا یەک کەس.

فوکا: ئەوە دەڵێی چی؟ یەکێک چ نییە.

کالیاییف: (گراند دۆک)م کوشتووە.

فوکا: گراند دۆک؟ ئا، چۆن وا دەڵێی. ئەمە زۆر گرینگە باسی بکە بزانم.

کالیاییف: گرینگە، بەڵام پێویست بوو.

فوکا: بۆ؟ تۆ لە دەرباردا دەژیای؟. مەسەلەکە مەسەلەی ژنە. نا؟ باشە، چونکە تۆ...

کالیاییف: من سۆسیالیستم.

کێشکچی: هێواشتر.

کالیاییف: (بەدەنگی زۆر بەرز) من سۆسیال- شۆڕشگێڕم.

فوکا: ئەمە مەسەلە بنەڕەتییەکەیە. دەبووایە بۆ خۆت بەکەماڵی ئیسراحەت دانیشی و لێ گەڕی هەموو شتێک دروست ببێ. دنیا بۆ ئاغا زادەکان دروست بووە.

کالیاییف: نەخێر بۆ تۆ دروست بووە. چارەڕەشی و تاوان زۆر زۆرە. کە چارەڕەشی کەم بێتەوە تاوانیش کەم دەبێتەوە. ئەگەر دنیا ئازاد بووایە تۆ لێرە نەدەبووی.

فوکا: ئاه. نەء، ئازادی هەبێ یان نەبێ باش نییە مرۆڤ لە یەک پێک پتر هەڵدا.

کالیاییف: ئەم کارە هیچ وەختێ چاک نییە. وەختێ مرۆڤ مەشروب دەخواتەوە کە ببوغزێنرێ. ڕۆژێ دێ کە ئیدی مەشروب خواردنەوە چ فایدەیەکی نابێ و چ کەسێک خەجالەت نابێ. نە ئاغا زادە و خانەدانی ئەشراف و نە هەژار و بێ نەوای سەرکوێر کراو. هەمووومان دەبین بەبرا و عەدالەت دڵمان خاوێن دەکاتەوە. دەزانی باسی چ دەکەم؟.

فوکا: ئا، باسی بەهەشتی خوا دەکەی.

کێشکچی: هێواشتر.

کالیاییف: نابێ ئەم قسەیە بکەی. خوا چ شوێنێکی لە ئیعرابی ئێرەدا نییە. ئارمانجی ئێمە عەدالەتە (هەڵوەستەیەک) تێناگەی؟ نەقڵەکەی سان دیمتری دەزانی؟.

فوکا: نەء.

کالیاییف: قەراری لەگەڵ خوادا دەبێ کە لە دەشتێکدا یەکدی بدینن. وەختێ بەپەلە پەل دەڕۆیی تووشی کابرایەکی دەشتەکی بوو. کە گالیسکەکەی لە قوڕ چەقی بوو. ئیدی سان دیمتری یارمەتی دا، چونکە قوڕەکە زۆر و زۆنگاوەکە زۆر قووڵ بوو دەبووایە کاتژمێرێکی تەواو لەگەڵیدا خەریک بێ. وەختی گالیسکەکەیان دەرهێنا، سان دیمتری بەغاردان چوو بۆ شوێنی دیدارەکەیان، بەڵام خوا لەوێ نەبوو.

فوکا: مەبەستت چییە؟.

کالیاییف: مەبەستم ئەمەیە کە خەڵکانێک هەن هەمیشە درەنگ دەگەنە جێی مەبەست، چونکە زۆر گالیسکە لەسەر ڕێگایان چەقیبوون و گەلێک برادەر هەن پێویستییان بەیارمەتی و هاوکارییە.

(فوکا دەکشێتەوە).



کالیاییف: چی بووە؟.

کێشکچی: هێواشتر. دەی پیرەمێرد پەلە بکە.

فوکا: خەریکە دەترسم. ئەمانە ئاسایی نین. خۆ کەسیان لەسەر نەقڵ و حیکایەتی ئەولیا و گالیسکە حەپس نەدەکرد، شتێکی دی لە ئارادایە... (کێشکچییەکە پێدەکەنێ).

کالیاییف: (بەدەم سەیرکردنی ئەوەوە) چ شتێ؟

فوکا: باشە ئەوانەی گراند دۆک- ان بکوژن چییان لێدەکەن؟.

کالیاییف: لە سێدارەیان دەدەن.

فوکا: ئاه! (کێشکچییەکە بەهەمان پێکەنینەوە دەڕوات).

کالیاییف: سەیر کە، چیم لێ کردیت؟

فوکا: هیچت لێ نەکردم هەرچەندە تۆ ئاغا زادە و خانەدانی، بەڵام نامەوێ فریوت بدەم. خۆ دەکرێ وەک هەنووکە بەچەنەبازی کات بەسەر ببرێ، بەڵام ئەگەر ئیعدام بکرێ کارێکی باش نییە.

کالیاییف: بۆ؟

کێشکچی: (بەپێکەنینەوە) دەی پیرەمێرد قسان بکە...

فوکا: چونکە تۆ ناتوانی وەک برایەک قسەم لەگەڵدا بکەی، دەبێ ئەوەت پێ بڵێم کە من مەحکوومەکان لە سێدارە دەدەم.

کالیاییف: ئەدی تۆش تاوانبار نیت؟

فوکا: بەڵێ، بەڵام پێشنیازیان کردووە ئەم کارە بکەم و لە هەقی هەر ئیعدامێک ساڵێک لە حوکمەکەم کەم بکەنەوە. کارێکی باشە.

کالیاییف: بۆ ئەوەی لە تاوانەکانت خۆش ببن، ناچارت دەکەن دیسانەوە مرۆڤ بکوژی؟

فوکا: ئەمە تاوانی نییە، چونکە قازانجی من بەو مەحکوومەوەیە. خۆ بۆ ئەوانیش چ فەرقێ ناکات. ئەگەر ڕاستت دەوێ بەباوەڕی من ئەوانە مەسیحی نین.

کالیاییف: تا ئێستا چەند جار ئەمەت کردووە؟

فوکا: دووجار (کالیاییف پاشەوپاش دەکشێتەوە. کێشکچییەکە فوکا لەگەڵ خۆیدا دەبات و بەرەو دەرگاکە دەچێت.)

کالیاییف: کەواتە تۆ جەلادی؟

فوکا: (لە بەردەرگاوە) بەڵێ ئاغا زادە، ئەدی تۆ؟ (دەچێتە دەرێ. دەنگی پێ و فەرمان دێتە گوێ. شوراتۆف زۆر بەهێمنی و ئارامی لەگەڵ کێشکچییەکەدا دێتە ژوورەوە).

شوراتۆف: بەجێمان بێڵە ڕۆژباش. من ناناسیت؟ من تۆ دەناسم (پێدەکەنێ) زۆر زوو ناوبانگت دەرکرد ها؟ (سەیری دەکات) دەتوانم خۆمت پێ بناسێنم؟ (کالیاییف هیچ ناڵێ) بزانم هیچ ناڵێی؟ ئا دەزانم، مەسەلەکە تەنیاییە ها؟ هەشت ڕۆژ تەنیایی زەحمەتە. ئەمڕۆ من ئەم تەنیاییەم شڵەقاند

و تۆ مواجەهەت هەیە و من لەبەر ئەمە هاتوومەتە ئێرە. پێشتر (فوکا)م نارد. پیاوێکی سەیرە، وا نییە؟ پێم وا بوو پێتان خۆش دەبێ وایە؟ پاش هەشت ڕۆژ تەنیایی، دیتنی ئینسان خۆشە،نا؟

کالیاییف: وەستاوەتە سەر ئەمەی کە چ ئینسانێک بدینم.

شوراتۆف: وەڵامێکی زیرەکانەیە. لە جێی خۆیدا بوو. (هەڵوەستەیەک) پێم وایە خۆشیت بەچارەی مندا نەهاتووە!

کالیاییف: وایە.

شوراتۆف: تۆ پێت وایە دەمەوێ فریوت بدەم، بەڵام ئەمە بەدحاڵیبوونە. سەرەتای ڕووناکی ناخۆشە لەژێر خانێکی وەک ئەمەدا هیچ کەسێک ڕەزا سووک نانوێنێ، ئەمە جگە لەوەی کە تۆ من ناناسیت. هەندێ جار سیمایەک بنیادەم ڕادەچڵەکێنێ و پاشان... وەختێ دێ دەیناسێت...

کالیاییف: بەسە، تۆ کێیت؟

شوراتۆف: شوراتۆف، سەرۆکی ئەمن.

کالیاییف: یانی نۆکەری

شوراتۆف: لە پێناوی خزمەتی ئێوەدا، بەڵام ئەگەر لە جێی تۆ بام کەمتر غروورم نیشان دەدا. ڕەنگە تۆش بگەیتە ئەو جێگایە. پاشان وردە وردە دەبییە ئەندامی ئەمن. سەرباری ئەوەش، حەقیقەت من ناترسێنێ، ئێستا ڕێک و ڕەوان قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم، من خۆشیم بەتۆدا چووە و زەمینەی عەفوکردنت بۆ خۆش دەکەم.

کالیاییف: عەفوی چی؟

شوراتۆف: چۆن عەفوی چ؟ من هاتووم سەرلەنوێ ژیانت بۆ بگەڕێنمەوە.

کالیاییف: کێ داوای ئەمەی لێ کردوویت؟.

شوراتۆف: عەزیزم چ کەسێک داوای ژیان ناکات هەموو کەسێک ژیان وەردەگرێ. تۆ قەت کەسێکت عەفو نەکردووە؟ (هەڵوەستیەک) باش بیر بکەوە.

کالیاییف: من هەرگیز عەفوی ئێوەم ناوێ.

شوراتۆف: بەلای کەمەوە گوێ بگرە. چاک بزانە شتەکە بەڕواڵەت نییە و من دوژمنی ئێوە نیم... من بەوە قایلم کە ئەوەی ئێوە بیری لێ دەکەنەوە هەقی خۆتانە... جگە لە مەسەلەی پیاوکوژی....

کالیاییف: لێت قەبووڵ ناکەم ئەم وشەیە بەکار بێنی.

شوراتۆف: ئاها! کە بێزارکەرە، ها؟ (هەڵوەستەیەک) من لە ڕووی دڵسۆزییەوە دەمەوێ یارمەتیت بدەم.

کالیاییف: یارمەتی من؟ من ئامادەی هەموو جۆرە سزایەکم، بەڵام ئەو خۆ تێهەڵقورتاندنەی تۆم پێ تەحەمول ناکرێ، وازم لێ بێنە.

شوراتۆف: ئەدی ئەم تاوانەی کە پێتەوە لکاوە...



کالیاییف: ئەم قسەیە ڕاست دەکەمەوە.

شوراتۆف: جا کارێکی چاکە؟

کالیاییف: ڕاستی دەکەمەوە. من زندانییەکی شەڕم نەک بابایەکی تاوانبار.

شوراتۆف: چۆنت پێ خۆشە با وا بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەرەرێکت داوە، وا نییە؟ با واز لە مەسەلەی گراند دۆک و سیاسەت بێنین، خۆ بەلای کەمەوە مرۆڤێک مردووە، جا چۆن مردنێکیش!

کالیاییف: من نارنجۆکەکەم گرتە زوڵم، نەمگرتۆتە مرۆڤ.

شوراتۆف: بێ گومان، بەڵام هەرچییەک بێ بەر مرۆڤێک کەوتووە و بێ ڕەحمانەش بەری کەوتووە، کاتێ جەنازەکەشیان دۆزییەوە سەری پێوە نەما بوو. تەنیا باسکێک و بەشێک لە لاقی بەساغی مابوونەوە.

کالیاییف: من هیچم نەکردووە. تەنیا دەستوورێک بووە و ئەنجامم داوە.

شوراتۆف: ڕەنگە وا بێ. چ شتێکت لەمەڕ دەستوور لێ ناپرسن. دەستوور چییە؟ وشەیەکە دەشێت چەندین شەو باسی لەسەر بکرێ. لێت دەپرسن... ناتۆ ئەم وشەیەت خۆش ناوێ... با بڵێین کارێکی هەندێ نارێک کە ئاکامەکەی قابیلی باس لەسەرکردن نییە. هەموو خەڵکی ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەیان بینی ئەگەر لە خات گراند دۆک بپرسی خوێنێکی زۆر ڕژا بوو. تێ دەگەی کە خوێنی زۆر...

کالیاییف: بێدەنگ بە.

شوراتۆف: زۆر چاکە. دەمەوێ بێ پێچوپەنا پێت بڵێم ئەگەر تۆ سەبارەت بەئەنجامدانی دەستوورەکە عینادی بکەی و بڵێی حزب ئەم حوکمەی دەرکرد و ئەنجامی دا و گراند دۆک بەزەبری نارنجۆک نەکوژراوە، بەڵکو بەزەبری بیروباوەڕ هاتۆتە کوشتن. ئەوا ئیدی تۆ پێویستت بەعەفو و بەخشین نییە. وای دابنێ تۆ سەری (گراند دۆک)ت پەڕاندووە، ها؟ ئەوساکە پێویستت بەوەیە عەفو بکرێی. من دێمە یارمەتیت و تەنیا لەبەر خاتری سۆزی ئاسایی. باوەڕ بکە (پێدەکەنێ) هەر چیت دەوێ بیڵێ. بیروباوەڕ و تیۆریان بەلای منەوە مەبەست نین، مرۆڤ بەلای منەوە مەبەستە.

کالیاییف: من لە تۆ و ئاغاکانت گەورەترم. دەتوانی بمکوژی، بەڵام ناتوانی ڕێ و شوێنم نیشان بدەیت، من دەزانم مەبەستت چییە. تۆ لە کنوکۆی نوقتە زوعفێکی مندایت و چاوەڕوانی ڕەفتارێکی پڕ شەرمەزاریت. چەند دڵۆپە فرمێسکێک و کۆمەڵێک پەشیمانیت لە من دەوێ، بەڵام خەیاڵتان خاوە، هیچ لە من هەڵناکرێنی. من هەرچییەک هەم پێوەندیی بەتۆوە نییە. ئەوەی پێوەندیی بەتۆوە هەیە، ڕق و کینەی ئێمەیە. ڕق و کینەی من و براکانم ئەمەش هەمیشە لەسەر پێیە.

شوراتۆف: ڕق و کینە؟ ئاخری گەڕاینەوە سەر بیروباوەڕ. ئەوەی کە بیروباوەڕ نەبێ قەتڵی نەفسە و دیارە ئاکامەکەشی پەشیمانی و سزایە، لێرەدا ئێمە لە ناوجەرگەی مەسەلەکەداین. هەر لەبەر ئەمەشە کە من بووم بەپۆلیس. تۆ حەز لە نهێنیی وتن ناکەیت. (هەڵوەستەیەک. بەهێمنی بەرەو ئەو دەچێ) ئەگەر بەوردی حیسابی بۆ بگیرێتەوە بیروباوەڕ بەکەڵکی چ شتێکی تۆ نایەت. بۆ وێنە

تۆ لە بری ئەمەی شانازی بەکارەکەی خۆتەوە بکەی ئەوا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کارەی کە کردووتە داوای ژیان دەکەی. گرنگترین شت ئەوەیە ک تۆ بڕیار بدەیت بژیت.

کالیاییف: ئەگەر ئەم بڕیارە بدەم چ دەبێ؟

شوراتۆف: قەراری عەفو تۆ و هاوڕێکانت دەگرێتەوە.

کالیاییف: ئەوانتان گرتووە؟

شوراتۆف: هەڵبەتە نەء، بەڵام ئەگەر بڕیار بدەی بژیت دەیانگرین

کالیاییف: ئایا من بەچاکی لە قسەکانت تێگەیشتووم؟

شوراتۆف: بێ گومان چیدی تووڕە مەبە. بیر بکەوە. لە باری بیروباوەڕەوە تۆ ناتوانی ناوی ئەوان بدەی، بەڵام لە باری ڕزگاربوونەوە خزمەتێکی گەورەیان دەکەی. تۆ هەم لە شەڕی کاری ناجۆر و هەم لە شەڕی سێدارە دەیانخەلەسێنی، ئەمە جگە لەوەی کە ئاسوودەیی دڵیش بۆ خۆت وەدەست دێنی. لە لایەکی تریشەوە ئەمە هەلێکی زێڕینە (کالیاییف بێدەنگە) باشە؟

کالیاییف: تۆزێکی دی براکانم وەڵامت دەدەنەوە.

شوراتۆف: تاوانێکی دی بێ گومان ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەهرەیەکە. کارەکەی من تەواو. دڵم تەنگە، بەڵام چ بکەم وا دیارە تۆ پابەندی بیــروباوەڕی خــۆتی و من ناتوانم لەو بیــروباوەڕەت جــیــا بکەمەوە.

کالیاییف: تۆ ناتوانی لە براکانم جیام بکەیتەوە.

شوراتۆف: بەهیوای دیدار (بەدەم ڕۆیشتنەوە دەگەڕێتەوە) بۆ لەو کاتەدا خاگراند دۆک و برازاکانی گراند دۆک-ت بوارد؟

کالیاییف: کێ ئەمەی پێ وتووی؟

شوراتۆف: هەواڵدەرەکەی ئێوە، ئێمەش ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام تۆ بۆ ئەوانت بوارد.

کالیاییف: ئەمە پێوەندیی بەتۆوە نییە.

شوراتۆف: (بەپێکەنینەوە) تۆ وا خەیاڵ دەکەی، ئێستا پێت دەڵێم بۆ... ئامانجێک توانای کوشتنی گراند دۆک-ی هەیە؛ بەڵام بەزەحمەت بەکوشتنی منداڵان قایل دەبێ. ئەمە ئەو شتەیە کە تۆ کەشفت کرد بوو، ئێستا مەسەلەیەک دەکەوێتە ڕوو، ئەگەر ئامانجێک بەکوشتنی منداڵان قایل نەبێ، ئایا مافی کوشتنی گراند دۆکێکی هەیە؟ (کالیاییف حەرەکەیەک دەکات)، ئۆها! وەڵامی من بدەوە. بەتایبەتی من، چونکە وەڵامی خاگراند دۆک دەدەیەوە.

کالیاییف: خاگراند دۆک؟

شوراتۆف: بەڵێ دەیەوێ تۆ ببینێ و من بەتایبەتی بۆ ئەمە هاتبووم کە بزانم ئەم گفتوگۆیە لە گوینە یان نا؟. سەیرم کرد لە گوینە. ئەو خۆی دەخاتە خەتەرەوە تا بیروباوەڕی تۆ بگۆڕێ. خاگراند دۆک مەسیحییە، بەخۆت دەیبینی کە مرۆڤێکی ڕۆحانییە.



کالیاییف: من نامەوێ بیبینم...

شوراتۆف: بەداخەوەم. ئەو لێرە دەتبینێ، ئەوەی چوو چوو، بەڵام تۆ دەبێ چاودێری بکەی، چونکە دەڵێن لەوەتای مێردەکەی مردووە بیری پەرتوبڵاوە ئێمە نەمانویست دڵی بشکێنین و ڕێی نەدەین... (لە بەردەرگاکەوە) ئەگەر بیرت گۆڕی ئاگادارم بکەوە، دەگەڕێمەوە هەڵبەتە مایەی نیگەرانیی تۆیە، بەڵام هەموو شتێک دروست دەبێ خوا بەبێ زیندانەکانی بێنە بەرچاوی خۆت چ گۆشەگیرییەکە (دەچێتە دەرێ، دەنگی پێ و فرمان دێنە گوێ. خاگراند دۆک بەماتی و خامۆشی وەژوور دەکەوێ. دەرکە کرایەوە)

خاگراند دۆک: (ڕووی خۆی ئاشکرا دەکات) تەماشا بکە (کالیاییف ماتە) زۆر شت لەگەڵ پیاوێکدا دەمرن.

کالیاییف: دەمزانی.

خاگراند دۆک: (بەشێوەیەکی ئاسایی بەڵام بەدەنگی کزەوە) پیاوکوژان ئەم شتانە نازانن، ئەگەر بیانزانیبایە چۆن دەبوونە مایەی مردن؟

(بێدەنگی)

کالیاییف: تۆم بینی، ئێستا حەز دەکەم بەتەنیا بم.

خاگراند دۆک: نا، تاقە کارێ کە بۆ من ماوە ئەمەیە کە سەیری تۆ بکەم. (کالیاییف دەکشێتەوە خاگراند دۆک، وەک خەڵکانی خەمبار و بێ تاقەت دادەنیشێ.) من ئیدی ناتوانم بەتەنیا بم. لەمەوپێش ئەگەر خەمێ، ئازارێکم هەبووایە ئەو دەیتوانی دڵم بداتەوە، ئەوساکە خەم و ئازار خۆشبوون، بەڵام ئێستا... نەء چیدی ناتوانم بەتەنیا بم و جۆڵانەی ماتومەلوولی ڕامبەژەنێ... بەڵام لەگەڵێدا قسە بکەم؟ ئەوانی دی هیچ نازانن، ئەوان خەم لە خۆ دێنن و یەک- دوو کاتژمێرێک بەو جۆرە دەمێنن. پاشان دەچن بۆ نانخواردن و... خەوتن... بەتایبەتی خەوتن... بیرم کردەوە کە دەبێ تۆ وەک من وا بی، دڵنیام کە تۆ ناخەوی. مەگەر هەر لەگەڵ پیاوکوژدا باسی تاوان بکرێ؟

کالیاییف: کام تاوان؟ من جگە لە ئەنجامدانی عەدالەت چ شتێکی دیکەم نایەتەوە بیر.

خاگراند دۆک: عەینی دەنگ، دەنگی تۆش وەک دەنگی ئەوە. هەموو پیاوێک کە دێتە سەر باسی عەدالەت هەمان دەنگ بەکار دێنێ، ئەو دەیوت (ئەمە عادیلانەیە) و دەبووایە قسەت لە قسەی نەکردبایە، ڕەنگە ویستبێتی خۆی هەڵخەڵەتێنێ. لەوەیە تۆش خۆت هەڵخەڵەتێنی...

کالیاییف: ئەو عەدالەتی پیرۆزی پێشێل دەکرد و ئەو شتەی دروست دەکرد کە چەندین سەدە خەڵکی ڕووسی ئازاردا و بۆ خۆیشی دەسکەوتی تازەتری بەدەست دەهێنا ئەگەر من خۆم هەڵخەڵەتاند بێ ئەوا سزاکەم زیندان و مەرگە.

خاگراند دۆک: بەڵێ تۆ ئازار دەچێژی، بەڵام تۆ ئەوت کوشتووە.

کالیاییف: ئەو لە ناخافڵدا مرد. ئەم جۆرە مەرگە هیچ نییە.

خاگراند دۆک: هیچ نییە؟ (زۆر بەئەسپایی) ڕاستە تۆیان زۆر زوو لە شوێنی ڕووداوەکە دوور خستەوە،

وا دەهاتە بەرچاو کە تۆ لەناو ئەمنەکاندا خوتبە بدەیت، دەزانم دەبووایە ئەمە یارمەتیت بدا. من دوای چەند ساتێک گەیشتمە جێ و سەیرم کرد ئەوەی کە توانیم هەڵی بگرم هەموویم خستە دەستەبەرەیەکەوە، چ خوێنێ ڕژا بوو! (هەڵوەستەیەک) من جلی سپیم لەبەر کرد بوو.

کالیاییف: بێدەنگ بە.

خاگراند دۆک: بۆ؟ حەقیقەت دەڵێم. دەزانی ئەو دوو کاتژمێر پێش مردنەکەی چی دەکرد؟ لەسەر کورسییەک خەوتبوو و لاقەکانی خشتبوونە سەر کورسییەکی دی... وەک هەمیشە خەوتبوو... تۆ لەو شەوە سامناکەدا چاوەڕوانی بووی. (دەگری) ئێستا یارمەتیم بدە. (کالیاییف بەباڵای هەڵکشاوەوە دەکشێتەوە)... تۆ گەنجی ناتوانی خراپ بی.

کالیاییف: من دەرفەتی گەنجایەتیم نەبووە.

خاگراند دۆک: بۆ ئەوەندە وشکی؟ بەزەییت بەخۆیدا نایەتەوە؟

کالیاییف: نەء.

خاگراند دۆک: غەدرەکەی ئەمە مرۆڤ هێور دەکاتەوە، من ئێستا هەر بەشی خۆم بەزەییم هەیە. (وەستان) من غەمگینم دەبووایە لە بری ئەوەی بمبوری منیشت لەگەڵ ئەودا بکوشتایە...

کالیاییف: من تۆم لە بوارد، بەڵکو ئەو منداڵانەم بوارد کە لەگەڵتدابوون.

خاگراند دۆک: دەزانم من ئەوانم زۆر خۆش نەدەویست ئەوان برازای خاگراند دۆک بوون، ئایا ئەوانیش وەک مامیان شایستەی مردن نەبوون؟

کالیاییف: نەء

خاگراند دۆک: تۆ ئەوان ناناسیت کیژە براکەی دڵی ڕەقە یارمەتی هەژاران نادات. لێیان دوور دەکەوێتەوە ئەمە ناعادیلانە نییە؟ زاڵمە، بەڵام خاگراند دۆک، بەلای کەمەوە دێهاتییەکانی خۆش دەویست... شەرابی لەگەڵدا دەخواردنەوە. کەچی تۆ ئەوت کوشت. بێ گومان تۆش زاڵمی دنیا چۆڵە چەشنی بیابانێکی وشکوبرینگ.

کالیاییف: بێ فایدەیە. تۆ دەتەوێ هێزم لەبەر ببڕی و نائومێدم بکەی، بەڵام بێ سوودە، وازم لێ بێنە.

خاگراند دۆک: ناتەوێ لەگەڵ مندا بپاڕێیتەوە، ژێوان ببیەوە؟ ئەگەر پێکەوە بین کەمتر هەست بەتەنیایی دەکەین.

کالیاییف: لێمگەڕێ با خۆم بۆ مردن ئامادە بکەم، ئەگەر نەمردبام هەنگینی دەبووم بەپیاوکوژێکی تەواو.

خاگراند دۆک: (دێتە پێشەوە) مردن؟ دەتەوێ بمری؟ نا (بەپەریشانییەکی زۆرەوە بەرەو کالیاییف دەڕوات) تۆ دەبێ بژی و ڕازی بی بەوەی کە ببیە پیاوکوژێکی تەواو، ئەدی تۆ ئەوت نەکوشتووە؟. خوا لە گوناحت دەبوورێ.

کالیاییف: کام خوا، خوای من یان خوای تۆ؟



خاگراند دۆک: خوای کڵێسای پیرۆز.

کالیاییف: کڵێسا هەقی بەم کارانەوە نییە.

خاگراند دۆک: سەروەرێکی لە خزمەتدا بوو کە زیندانی دەناسی.

کالیاییف: ڕۆژگار و زەمانە فەرقی کردووە، کڵێسای پیرۆز لەنێو میراتییەکانی سەروەرەکەی خۆیدا شتێکی هەڵبژاردووە کە بەکەڵکی ئەو سەروەرە دێ.

خاگراند دۆک: هەڵبژاردن؟ مەبەستت چییە؟

کالیاییف: کڵێسا لێبووردن و بەخشینی بۆ خۆی هەڵگرتووە و ململانێی ئەنجامدانی مرۆڤایەتی و عەدالەتیشی بۆ ئێمە هێشتۆتەوە.

خاگراند دۆک: کێ. ئێمە؟

کالیاییف: (بەهاوارەوە) بۆ هەموو ئەوانەی کە ئێوە لە سێدارەیان دەدەن.

(بێدەنگی)

خاگراند دۆک: (بەنەرمی) من دوژمنی تۆ نیم.

کالیاییف: (بەنائومێدییەوە) با، وەک هەموو کەسێکی وەچە و تایفەکانتان، هەندێ شت هەن زۆر لەوە ناشیرینترن کە ببی بەپیاوکوژ، ئەویش ناچارکردنی مرۆڤێکە بەپیاوکوشتن کە لە بنەڕەتدا بۆ پیاوکوشتن نەخوڵقاوە. تەمەشام بکە. سوێندت بۆ دەخۆم کە من بۆ پیاوکوشتن نەخوڵقا بووم.

خاگراند دۆک: وەک دوژمن قسە لەگەڵ مندا مەکە. تەماشا بکە (دەچێ دەرکە دابخات) من لەگەڵ تۆدا هەست بەئاسوودەیی دەکەم (دەگری) خوێن ئێمەی لێکدی جیا کردۆتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی لەگەڵ مندا تەنانەت لە مەیدانی بەدبەختیشدا پێوەندی بەخواوە بکەی. بەلای کەمەوە لەگەڵمدا بپاڕێوە.

کالیاییف: من ئەمە قبووڵ ناکەم (بەرەو ئەو دەچێ) من تەنیا دەربارەی تۆ هەست بەبەزەیی دەکەم، تۆ دەرگای دڵمت خستە سەرپشت. ئێستا لە قسەکەم تێ دەگەی، چونکە چ شتێک لە تۆ ناشارمەوە. من هەرگیز بیر لە دیداری خوا ناکەمەوە، بەڵام لە کاتی مردندا و دەربارەی ئەو بەڵێنەی بەوانەم داوە کە خۆشم دەوێن، پەشیمان نابمەوە و لەسەر قەولی خۆم ڕژد دەبم. دوعا و پاڕانەوە خیانەتە لەو برایانەم کە لەو ساتەدا بیر لە من دەکەنەوە.

خاگراند دۆک: دەتەوێ چ بڵێی؟.

کالیاییف: (بەهەڵچوونەوە) هیچ. تەنیا ئەوە نەبێ کە بەم زووانە بەختەوەر دەبم، من خەباتێکی زۆرم لە ڕای بەختەوەریدا کردووە و هێشتاش سوورم لەسەری، بەڵام کاتێ حوکمەکە ڕاگەیەنرا و وەختی جێبەجێکردنی هات هەنگینی لە پای قەنارەدا ڕوو لە تۆ و لەم دنیا شوومە وەردەگێرم و ڕێگە بۆ ئەشقی لێوان لێو خۆش دەکەم کە بەسەراپای گیانیدا بڕژێ، لێم تێ دەگەی؟.

خاگراند دۆک: هەر یەک ئەشق هەیە و ئەویش ئەشقی خوایە.

کالیاییف: بۆ نییه، ئەشقی خەڵک.

خاگراند دۆک: خەڵک گومڕا و سەرگەردانن، هەر ئەوەندەیان لەگەڵدا دەکرێ کە یان لەنێویان بەرێ یان بیانبووری.

کالیاییف: دەکرێ لەگەڵیاندا بمری.

خاگراند دۆک: هەموو کەسێک بەتەنیا دەمرێ. ئەویش بەتەنیا مرد.

کالیاییف: (بەنائومێدییەوە) دەکرا لەگەڵ ئەودا بمری. ئەوانەی ئەمڕۆ یەکتریان خۆش دەوێ ئەگەر دەیانەوێ یەکدی بگرنەوە پێویستە پێکەوە بمرن. ناعەدالەتی ژیان لە یەکیان دادەبڕێ. شەرم، ڕەنج. ئەشکەنجەدانی خەڵکی تاوان، هەموو ئەمانە مایەی لێکدی دابڕانن. ژیان بۆ خۆی جۆرە ئازارێکە، چونکە ئەم ژیانە هۆی دووری و لێکدی دابڕانە.

خاگراند دۆک: خوا جارێکی دی یەکیان دەخات.

کالیاییف: بەڵام لەسەر ئەم زەمینە نا. وەعدەگاکانی منیش لەم سەر زەمینەن.

خاگراند دۆک: ئەمە وەعدەگای ئەو کسۆکانەیە کە هەمیشە کەپوو لە زەوی سەرگەرمی بۆنکردنن و ئاگایان لە هیچ نییە.

کالیاییف: (بەلای پەنجەرەکەدا وەردەچەرخێ) بەم زووانە ئەوانەش فێر دەبم. (هەڵوەستەیەک) ئایا ناکرێ ئەوە بهێنرێتە بەرچاوی خەیاڵ کە دوو کەس چاویان لە هەموو خۆشییەک بوو بێ و بەهەمان خەفەت و ئازارەوە یەکتریان خۆش بوێ، بێ ئەوەی خۆیان بەهیچ وەعدەگاییەکەوە ببەستنەوە؟ (سەیری دەکات) ناکرێ ئەوە. بهێنرێتە بەرچاوی خەیاڵ کە ئەوساکە هەمان پەتی سێدارە ئەم دوو کەسە یەک بخات؟

خاگراند دۆک: ئەم ئەشقە ترسناکە چییە؟.

کالیاییف: ئەو ئەشقەیە کە تۆ و دارودەستەکەی تۆ بەئێمەتان ڕەوا دیتووە.

خاگراند دۆک: منیش ئەو کەسەم خۆش دەویست کە تۆ کوشتووتە.

کالیاییف: ئەمەم زانیوە، هەر بۆیەش گوێ نادەمە ئەو ئازارەی کە تۆ و دارودەستەکەت پێتان گەیاندم و گەردنت ئازا دەکەم. (هەڵوەستە) ئیدی لێم گەڕێ.

خاگراند دۆک: (هەڵدەستێ) لێت دەگەڕێم، بەڵام من بۆیە هاتمە ئێرە تا تۆ بەرەو لای خوا ببەم، ئێستاش بۆم دەرکەوتووە کە دەتەوێ خۆت مەحکەمەی خۆت بکەی و بەتەنیا خۆت ڕزگار بکەی، بەڵام ناتوانی، ئەگەر بمێنی تەنیا خوا ئەم کارەی پێ دەکرێ. من داوای بەخشینی تۆ دەکەم.

کالیاییف: تکات لێ دەکەم کاری وانەکەی، واز بێنە با بمرم دەنا تا هەتایە نەفرەتت بۆ دەنێرم.

خاگراند دۆک: (لە بەردەرگاوە) من داوا لە خەڵک و لە خوا دەکەم کە بتبەخشن.

کالیاییف: نا، نا. ڕازی نابم ئەم کارە بکەی. (بەرەو دەرگاکە دەچێ. ڕووبەڕووی شوراتۆف دەبێتەوە، دەکشێتەوە و چاوانی دەنوقێنێ. بێدەنگی. دووبارە سەیری شوراتۆف دەکات).



کالیاییف: من زۆرم پێویست بەتۆ بوو.

شوراتۆف: خۆشحاڵم بۆ چ کارێک؟

کالیاییف: پێویستم بەوە بوو کە لە نوێ ببوغزێنرێم.

شوراتۆف: بەداخەوە. من هاتووم وەڵامەکەم وەربگرم.

کالیاییف: ئێستا وەریدەگریت.

شوراتۆف: (دەنگی دەگۆڕێ) نا، ئێستا وەڵامم ناوێ، باش گوێ بگرە. من بۆیە ئەم دیدارەتم لەگەڵ خاگراند دۆکدا ڕێکخست تا سبەینێ لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکەینەوە. دیارە وەک خۆی بێ زیاد و کەم چاپ دەکرێ، جگە لەمە نەبێ کە تۆدانت بەپەشیمانی خۆتا ناوە. هەنگینێ هاوڕێکانت گومانی ئەوە دەکەن کە تۆ خیانەتت لێ کردوون.

کالیاییف: (بەهێوری) باوەڕ ناکەن.

شوراتۆف: من ڕێ لە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ناگرم مەگەر بتەوێ ئیعترافی تەواو بکەی. دەشتوانی ئەم شەو بڕیاری خۆت بدەی (بەرەو دەرگا دەچێ)

کالیاییف: (زۆر بەتوندی) باوەڕ ناکەن.

شوراتۆف: (دەگەڕێتەوە) بۆ؟ قەت دووچاری هەڵە نەبوون؟

کالیاییف: تۆ ئەشق و دڵسۆزی وان ناناسیت.

شوراتۆف: وایە. بەڵام دەزانم هەرگیز ناشێت شەوێکی دوورودرێژ باوەڕت بەبرایەتی ببێ، بێ ئەوەی ئەگەر بۆ ساتێکیش بوو بێ بەلاوازی نەزانی، من چاوەڕوانی ئەم لاوازییەم (بەپشتی خۆی دەرگاکە دادەخات). پەلە مەکە. من کابرایەکی بەسەبرم (ڕووبەڕووی یەک دەوەستن).

(پەردە دادەرێتەوە)

## پەردەی پێنجەم

(ئاپارتمانێکی دیکەیە. بەهەمان شێوە پاش هەفتەیەکی دییە. شەوە. بێدەنگی دورا بەنێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ.)

ئاننکوف: وەرە لێرە ڕاکشێ و خۆت داپۆشە.

دورا: (هەر دێ و دەچێ) شەوێکی درێژە. چەند سەرمامە بوریا، (یەک جار لە دەرگا دەدەن. ئەوجا دووجارێ دەدەن. ئاننکوف دەچێ دەرگا بکاتەوە. ستیپان و ڤینوف وەژوور دەکەون. ڤینوف بەرەو دورا دەچێ و باوەشی پێدا دەکات، دوراش ئەو دەگوشێ بەخۆیەوە) ئەلکس.

ستیپان: ئورلوف دەڵێ ڕەنگە ئەو شتە ئەمشەو بکرێ، هەموو ئەو ئەفسەرە بچووکانەی کە کاریان نییە بانگ کراون. لەم حاڵەدا ئەویش ئامادە دەبێ.

ئاننکوف: لە کوێ دەیبینێ؟

ستیپان: لە خواردنگەکەی کووچەی سویشکانادا چاوەنۆڕی من و ڤینوف دەکات...

دورا: (بەبێ تاقەتی دانیشتووە) بوریا ئەو مەسەلەیە بۆ ئەمشەوە؟

ئاننکوف: چ شتێک لە بیر نەکراوە بڕیار بڕیاری ئیدارەی تزارە.

ستیپان: ئەگەر یانک داوای عەفو بکات ئەوا بڕیارەکە بەدەستی ئیدارەی تزارە.

دورا: یانک، داوای وەها ناکات.

ستیپان: ئەگەر مەبەستی داوای وەها نەبوو بێ، ئەدی بۆ خاگراند دۆکی دیتووە؟ خاگراند دۆک لە هەموو شوێنێ ڕایگەیاندووە کە یانک ژێوان بووەتەوە چۆن حەقیقەت بزانین؟

دورا: ئێمە ئەو قسانەی کە یانک لە دادگادا کردوونی و ئەو شتانەی کە بۆ ئێمەی نووسین، دەزانین، ئەو وتوویەتی کە تاقە داخی ئەمەیە کە هەریەک ژیانی شک بردووە. واتە ژیانی خۆی شک بردووە تا فیدای بکات و ئەم زەبرە لە پەیکەری زوڵم و زۆر بدات. پیاوێک ئەمە قسەی بێ، سواڵی عەفوبەخشین دەکات؟ ژێوان دەبێتەوە؟ نا، ئەو خۆی حەزی دەکرد. خۆی دەیویست بمرێ، یانک حاشا لەو کارە ناکات کە کردوویەتی:

ستیپان: هەڵەی کرد کە خاگراند دۆکی بینی.

دورا: ئەمە تایبەتە بەخۆی و ئەو چاتری دەزانێ.

ستیپان: بەپێی دەستوورەکانی ئێمە نەدەبووایە خاگراند دۆک بدینێ.

دورا: دەستوورەکانی ئێمە بۆ کوشتن دانراون نەک بۆ شتی دی ئێستا ئەو بەخۆی سەرپشکە، بلێ سەرپشکە.

ستیپان: هێشتا نەء.

دورا: سەرپشکە و هەقی خۆیەتی بەر لە مردن هەر چییەکی بوێ بیکات، چونکە بەرەو مردن دەچێ، بەسە ئیتر ڕازی بن.

ئاننکوف: دورا!

دورا: بەڵێ، ئەگەر عەفو بکرایە، دەبووە چ سەرکەوتنێک ها؟ دەبووە بەڵگەی ئەمەی کە خاگراند دۆک ڕاستی کردووە و یانک پەشیمانی دەربڕیوە و خیانەتی کردووە. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بمرێ ئێوە باوەڕی پێ دێنن و دەتوانن هەر خۆشتان بووێ. (سەیری ئەوان دەکات) ئەشق و خۆشەویستی ئێوە زۆر گران دەکەوێ.

ڤینوف: نا، دورا. ئێمە هەرگیز گومانمان لەو نەکردووە.

دورا: (بەنێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ) بە... ڕەنگە... بمبوورن. بەڵام ئەمانە چ بایەخێکیان هەیە؟ ئێستا بۆمان دەردەکەوێ. ئەمشەو... ئاه! ئەلکسی بێچارە هاتووی بۆ ئێرە چ بکەی؟.

ڤینوف: هاتووم جێی ئەو بگرمەوە، من گریام کاتێ لە دادگادا قسەی خۆی دەکرد هەستم بەغروور دەکرد کە وتی: (مەرگ ناڕەزایی گەورەی منە بەرانبەر بەدنیای لە خوێن و فرمێسک دروست بوو...) کەوتمە لەرزین.



دورا: دنیای خوێن و فرمێسک ئەو ئەمەی وتووە... ڕاستە.

ڤینوف: بەڵێ قسەی ئەوە... ئاه... دورا یەکپارچە غیرەت و شەهامەت بوو. کە گوێم لە هاوارە مەزنەکەی بوو دەیوت: (من بەجۆرێ لەسەر لوتکەی ناڕەزایی مرۆڤایەتی بەرانبەر بەزوڵم و کوێرەوەری وەستاوم، کە مەرگ تاجی بێگەردی دەنێتە سەر کردارەکانم.) ئیدی بڕیارم دا و هاتم بۆ ئێرە.

دورا: (سەری دەخاتە نێو هەردوو دەستی) بەڵام چ تاجێکی سامناکە!

ڤینوف: دورا، مەگری، ئەو وەسێتی کردووە کە کەس لە مەرگیدا نەگری. ئوه. هەنووکە چەند باشی دەناسم. ناتوانم گومانی لێ بکەم من چونکە بێ غیرەت دەرچووم زۆرم ئازار چەشت خۆ منیش لە تەفلیسدا نارنجۆکم هاویشت. ئێستا لەگەڵ یانکدا فەرقم نییە. کە بەحوکمەکەیم زانی تەنیا یەک شتم بەخەیاڵدا هات کە نەمتوانی بوو لەگەڵیدا بم یان جێگەکەی پڕ بکەمەوە.

دورا: کێ دەتوانێ ئەمشەو جێگەکەی پڕ بکاتەوە؟ ئەو تەنیایە ئەلکسی.

ڤینوف: ئێمە دەبێ بەغروور و شەهامەتمان ئەو ڕابگرین. وەک چۆن ئەو بەبوونی خۆی ئێمەی ڕادەگرت. مەگری.

دورا: تەمەشا، چاوەکانم وشکبوون، بەڵام برادەر، نا، من ناتوانم چیدی مەغروور بم.

ستیپان: دورا، حوکمی خراو لەسەر من مەدە، من حەز دەکەم یانک بمێنێ. ئێمە پێویستمان بەخەڵکانی وەک ئەو هەیە.

دورا: ئەو قەت ئەم حەزەی نییە و ئێمەش دەبێ مردنی ئەومان بووێ.

ئاننکوف: شێتیت.

دورا: دەبێ ئەمە حەزی ئێمە بێ. من دڵی ئەوم دەناسی، تەنیا بەم شێوەیە ئارام دەگرێ، ئاه. بەڵێ کاتێ کە بمرێ (زۆر بەئەسپایی) بەڵام خێرا بمرێ.

ستیپان: بوریا. من دەڕۆم. بڕۆ ئەلکسی، ئورلوف چاوەڕێی ئێمەیە.

ئاننکوف: باشە، لێ لە گەڕانەوەدا تاخیر مەبن (ستیپان و ڤینوف بەرەو دەرگاکە دەچن، ستیپان لە لاوە سەیری دورا دەکات).

ستیپان: ئێمە دەڕۆین تا بزانین مەسەلەکە چییە، ئاگات لە دورا بێ.

دورا: (لە پەنجەرەکەدایە. ئاننکوف سەیری دەکات) مردن! سێدارە. دیسان مردن، ئاه بوریا!

ئاننکوف: بەڵێ خوشکە چکۆلەکەم، بەڵام هیچ چارێکی دی نییە.

دورا: ئەم قسەیە مەکە ئەگەر مردن تاقە چارە بێ. ئەوا ڕێگەیەکی هەڵەمان گرتۆتە بەر، ڕێگا ئەوەیە کە بەرەو ژیان و هەتاو بچێ، مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە لە سەرمادا بژی.

ئاننکوف: ئەمەش بەرەو ژیان دەچێ، ژیانی خەڵکانی دی. ڕووسیا دەژی. منداڵانی ئێمە دەژین. قسەکەی یانک-ی دێتەوە بیر کە دەیوت: (ڕووسیا جوان دەبێ)

دورا: خەڵکانی دی، منداڵانی ئێمە... بەڵێ، بەڵام یانک هەنووکە لە زیندان دایە و پەتی سێدارە چەند

سارد و شوومە. ئەو بەرەو مەرگ دەچێ. لەوە ئێستا مرد بێ بۆ ئەوەی خەڵکانی دی بژین، ئاه بوریا. ئەدی ئەگەر خەڵکانی تریش نەژین؟ و ئەو لە پێناوی هیچدا مرد بێ؟...

ئاننکوف: بێدەنگ بە. (بێدەنگی)

دورا: هەرچەند بەهارە کەچی دنیا چەند ساردە دەزانم لە حەوشەی زیندانەکەدا چەند درەخت هەیە، دیارە دەیانبینێ.

ئاننکوف: سەیر کە تا خۆمان ئاگادار دەبین مەلەرزە.

دورا: ئەوەندەم سەرمایە، پێم وایە چەند ساتێکی دی دەمرن (هەڵوەستەیەک) ئەمانە چەند زوو مرۆڤ پیر دەکەن. ئێمە ئیدی هەرگیز هەست بەلاوێتی ناکەین. لەگەڵ یەکەم پیاوکوشتندا، لاوێتی دەڕوات و ئیدی ناگەڕێتەوە، من نارنجۆکێک هەڵدەدەم و لە چرکەیەکدا ژیانێک تەواو دەبێ. بەڵێ دوای ئەمە ئێمەش دەتوانین بمرین ئیدی مرۆڤمان ناسیووە.

ئاننکوف: ئێستاش وەک مرۆڤ بەدەم خەباتەوە دەمرین.

دورا: زۆر توند دەخوڕی ئێوە ئیدی هی دنیای مرۆڤ نین.

ئاننکوف: خەم و بەدبەختیش توند دەخوڕن. لەم دنیایەدا شوێنێک بۆ سەبر و حەوسەڵە و هێوری نییە. ڕووسیا ئازار دەچێژێ...

دورا: دەزانم ئێمە باری خەمی ئینسانیمان بەکۆڵدا داوە. ئەویش شانی دابووە بەرباری قورسی خەم و بەمەش قایل بوو، چ گەورەیەکە! بەڵام جار جارێ بەخۆم دەڵێم ئەمە سەرکێشی و غرووریکە کە هەر بەسزا دەگا.

ئاننکوف: ئەمە غرووریکە کە ئێمە ژیانی خۆمانی لە قەبێڵ دەکەین ئەمە کە ئێمە بەوەوە خاوەن هەقین.

دورا: ئاخۆ ئێمە لەمە دڵنیایین؟ ناوە ناوە کە گوێ لە ستیپان دەگرم ترسم لێ دەنیشێت. لەوەیە کەسانێک بێن و بۆ کوشتن سوود لە ئێمە وەربگرن و ژیانی خۆشیانی لە قەبێڵ نەکەن.

ئاننکوف: دورا، ئەم چەشنە کارە، دزێو و ناشیرینە.

دورا: کێ دەزانێ لەوەیە ئەمە عەدالەت بێ، ئەوساکە ئیدی کەس زات ناکات بڕوانێتە سیمای عەدالەت.

ئاننکوف: دورا (دورا بێدەنگە) تووشی دوودڵی بووی؟ وام نەدەناسیت؟

دورا: سەرمامە، بیر لەو کەسە دەکەمەوە کە دەبێ هەوڵ بدا نەلەرزێ. تا پێی نەڵێن ترساوە.

ئاننکوف: باشە تۆ لەگەڵ ئێمەدا نیت؟

دورا: (خۆی بەلای ئەودا دەخات) ئۆه بوریا، من لەگەڵ ئێوەدام و تا کۆتاییش لەگەڵتاندا دەبم، من لە زوڵم و زۆر بێزارم و دەزانم جگە لەمە ناتوانین چ کارێکی دی بکەین. بەڵام لە لایەکەوە خۆشحاڵم کە ئەم کارەم هەڵبژاردووە و لەلایەکی دییەوە خەمبارم کە لێرەدا درێژەی پێ دەدەم. فەرقەکە لەمەدایە ئێمە هەموومان هەر حەپسین.

ئاننکوف: سەرانسەری ڕووسیا حەپسە. ئێمە خەریکین ئەم دیوارانە داغمان دەکەین.



دورا: تۆ نارنجۆکەکە بدە من و ئەوجا تەماشا بکە چ دەبێ. من تا ناوەندی کوورەی ئاگرەکە دەڕۆم و نایەڵم سام پەی بەدڵم بەرێ. ئەمە ئاسانە و ئەم جۆرە مردنە لە ڕای ناکۆبییەکانی دەروونداا لەوە ئاسانترە بەو هەموو ناکۆکییەوە بژی. تۆ قەت عاشق بووی بوریا؟

ئاننکوف: ئاشق بووم. بەڵام زۆر دەمێکە لە بیرم کردووە.

دورا: چەند دەبێ؟

ئاننکوف: چوار ساڵ.

دورا: چەند ساڵە ڕێبەری ڕێکخراو دەکەیت؟

ئاننکوف: چوار ساڵە (وەستان) ئێستا ڕێکخراوم خۆش دەوێ.

دورا: (بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات) خۆشویستن... بەڵام دەبێ ئەوەش هەبێ کە خۆشیان بووێی. نا دەبێ ڕێ بکرێ. دەیانەوێ لە جێی خۆی ڕایبگرن. ڕێ بکە! ڕێ بکە. دەیانەوێ یەکدی لە ئامێز بگرن و هەموو شتێک بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بەڵام ئەم ناعەدالەتییە شوومە وەک گەنە بەلاملی ئێمەوە چەسپیوە. ڕێکە! ئێستا ئێمە مەحکومین بەوەی کە خۆمان لەوەی کە هەین بەگەورەتر بزانین، بوون، ڕوخسار ئەمانە هەندێ شتن کە دەیانەوێ خۆشەویستی بکەن. ئەشق دەکەوێتە پێش عەدالەتەوە. نەء. چاری ڕێ هەر ڕۆیشتنە. ڕێکە، ڕێ بکە.

دورا: ڕێکە یانک! (دەگری) بەڵام ئەو وا لە ئاواتی خۆی نزیک دەبێتەوە.

ئاننکوف: (دورا دەگری) ئەو عەفو دەکرێ.

دورا: (سەیری دەکات) چاک دەزانێت کە وایە. چاک دەزانی کە نابێ وا بی (چاوی وەردەگێرێ) ڕەنگە ئێستا بێتە نێو حەوشەکە. هەرکە دەردەکەوێ هەموو بێ دەنگ دەبن و دیارە کە سەرمای نییە. بوریا دەزانی چۆنی لە سێدارە دەدەن؟

ئاننکوف: بەسەرەپەتکێ. بەسە دورا.

دورا: (کوێرانە) میرغەزەب خۆی هەڵ دەداتە سەرشانی کرتە لە ملییەوە دێ. ترسناک نییە؟

ئاننکوف: لە لایەکەوە با. لە لایەکی دییەوە ئەمە بەختەوەرییە.

دورا: بەختەوەری؟

ئاننکوف: هەستکردن بەدەستی ئینسانێک بەر لە مردن (دورا دەکەوێتە سەر کورسییەک بێدەنگی) دورا دەبێ زوو بڕۆی، پێویستە کەمێک ئیسراحەت بکەین.

دورا: دەبێ بڕۆم؟ لەگەڵ کێدا؟

ئاننکوف: لەگەڵ مندا دورا.

دورا: (سەیری دەکات) دەبێ بڕۆم! (بەرەو پەنجەرەکە دەگەڕێتەوە) سپێدەیە. دڵنیام کە یانک هەنووکە مردووە.

ئاننکوف: من برای تۆم.

دورا: بەڵێ، تۆ برای منی. هەمووتان برای منن، چونکە خۆشم دەوێن. (دەنگی باران دێتە گوێ. ڕۆژ دەبێتەوە، دورا بەئەسپایی قسە دەکا) بەڵام هەندێ جار برایەتی زۆر تاڵ و ترسناکە (لە دەرگا دەدەن. ڤینوف و ستیپان وەژوور دەکەون. هەموو بێ جوولە دەوەستن، دورا سەرسامە، بەڵام بەترسێکی ئاشکراوە دوورەپەرێزی دەکات).

ستیپان: (بەئەسپایی) یانک خیانەتی نەکردووە.

ئاننکوف: ئورلوف توانی بیدوێنێ؟

ستیپان: بەڵێ.

دورا: (بەتوندی دێتە پێشەوە) دانیشە باسی بکە.

ستیپان: فایدەی چییە؟

دورا: باسی هەمووی بکە. هەقی خۆمە بزانم هەقی خۆمە ورد و درشتم بۆ باس بکەی.

ستیپان: ناتوانم چونکە دەبێ بڕۆین.

دورا: نا، دەبێ باسی بکەی. کەی هێنایان؟

ستیپان: کاتژمێر دەی شەو

دورا: کەی لە سێدارەیان دا؟

ستیپان: کاتژمێر دووی سەرلەبەیانی

دورا: چوار دانە کاتژمێر چاوەڕێی کرد؟

ستیپان: بەڵێ. بێ هیچ قسەیەک. پاشان هەموو شتێ جێبەجێ کرا. ئێستا ئیدی تەواو بووە.

دورا: چوار کاتژمێر بێ چ قسەیەک، تۆزێ سەبر کە! چ جلێکی لەبەر بوو. پەستەکە فەروەکەی لەبەر بوو؟

ستیپان: نەخێر، سەراپا ڕەشپۆش بوو. کلاوێکی ڕەشیشی لەسەر بوو.

دورا: دنیا چۆن بوو؟

ستیپان: شەوێکی تاریک بەفرێکی زۆر پاشان بارانی بەسەراباری و کردی بەقوڕێکی لینج.

دورا: دەلەرزی؟

ستیپان: نەء.

دورا: سەیری چی دەکرد؟

ستیپان: ئورلوف دەیوت: بێ ئەوەی چ شتێک بدینێ، سەیری هەموو شتێکی دەکرد.

دورا: ئیتر؟

ستیپان: بەسە، دورا!

دورا: نا، دەمەوێ بزانم. بەلای کەمەوە مەرگەکەی هی منە.

ستیپان: حوکمەکەیان بۆ خوێندەوە.

دورا: لەو کاتەدا چی دەکرد؟



ستیپان: هیچ تەنیا یەکجار پێی ڕاتەکاند، تا ئەو پەڵەقوڕەی کەوتبووە سەر گۆرەوییەکەی، پاک بکاتەوە.

دورا: (سەری دەنێتو دەستیدایە) یەک پەڵەقوڕ

ئاننکوف: (بەتووڕەیی) چۆن ئەمەت زانی؟ (ستیپان بێدەنگە) تۆ هەموو شتێکت لە ئورلوف پرسیوە؟ بۆ؟

ستیپان: (بەدەم چاو گواستنەوەوە) شتێک لە بەینی من و یانکدا هەبوو

ئاننکوف: چی؟

ستیپان: بەغیلیم پێ دەبرد

دورا: چیتر، ستیپان؟

ستیپان: قەشە فلورانسکی هات و خاچەکەی بۆ ڕاگرت. یانک خاچەکەی ماچ نەکرد وتی: (پێم وتن من کارم بەسەر ژیانەوە نەماوە و ئیدی مەوعیدم لەگەڵ مەرگدایە).

دورا: دەنگی چۆن بوو؟

ستیپان: نێر و توند و پتەو، کەم و زۆر ئەو بێ سەبری و کەم حەوسەڵەییەی جارانی پێوە دیار نەبوو.

دورا: سیمای شاد بوو؟

ئاننکوف: ئەوە تۆ شێتی؟

دورا: بەڵێ، بەڵێ من دڵنیام کە سیمای شاد بووە، چونکە زۆر نارەوایە ئەوێک کە لە ژیاندا شادی لە خۆی حەرام کرد بوو تا چاکتر خۆی بۆ فیداکردن ئامادە بکات، لە کاتی مەرگدا شاد نەبوو بێ، ئەو شاد بووەوە و بەهێمنییەوە بەرەو سێدارە چووە، وا نییە؟

ستیپان: لەسەرخۆ و قیت ڕۆیی. لە گوێ چەمەکەوە ئاوازی ئوکۆردیونی دەهاتە گوێ، لەو چرکەیەدا سەگەل دەوەڕین.

دورا: لەو کاتەدا سەر خرایە سەر سێدارە.

ستیپان: سەر کەوت و کەوتە ناوجەرگەی شەوەوە، بەڵام ئەو کفنەی کە جەلادەکە لە هەموو لەشی پێچا بوو، سەیر دەهاتە بەرچاو.

دورا: ئەدی ئیتر... ئیتر...

ستیپان: دەنگە دەنگی هێواش.

دورا: دەنگە دەنگی هێواش... یانک... ئیدی... (ستیپان بێدەنگە)

دورا: (بەتووڕەیی) پێت دەڵێم چی دی! (ستیپان بێدەنگە) ئەلکسی تۆ قسە بکە، چیتر؟

ڤینوف: هاوارێکی ترساو.

دورا: ئا... ئاه... (خۆی بەرەو دیوارەکە دەخات. ستیپان ئاوڕ دەداتەوە ئاننکوف دەگەی. دورا ئاوڕ دەداتەوە و تەمەشای ئەوان دەکات. پشت بەدیوارەکەوە دەدا و بەدەنگی گڕ و نووساوەوە) نا،

مەگرین، نا ، مەگرین. سەیر کەن ڕۆژ هەڵاتووە. لەم کاتژمێرەدا هەندێ شت ئاشکرا دەبن کە نیشانەی ئێمەن بەرانبەر بەشۆڕشگێڕانی دی. یانک ئیدی پیاوکوژ نییە، هاوارێکی ترساو! یەک هاواری ترساو بۆ ئەو بەس بووە و هەنووکە گەڕاوەتەوە باوەشی شادیی منداڵیی خۆی. پێکەنینەکانیتان بیر دێتەوە؟ هەندێ جار بەبێ هۆ پێدەکەنی، چەند تۆڵاز بوو ئێستاش دەبێ بەسیمای لە خاک نیشت و پێبکەنی (بەرەو لای ئاننکوف دەڕوات) بوریا ، تۆ برای منی ها ؟ وتت کە یارمەتیم دەدەی؟

دورا: ئێستا چاکەیەکم لەگەڵدا بکە. نارنجۆکەکە بدە من. (ئاننکوف سەیری دەکات) بەڵێ دەمەوێ بۆ جاری ئاینده من نارنجۆکەکە هەڵدەم دەمەوێ من یەکەم کەس بم بۆ هەڵدانی.

ئاننکوف: تۆ چاک دەزانی کە ئێمە ئافرەتان لە ڕیزی پێشەوە دانانەین.

دورا: (بەهاوارەوە) من ئافرەتم؟ (هەموو سەیری دەکەن. بێدەنگی)

ڤینوف: (بەهێمنی) قەبووڵی بکە. بوریا.

ستیپان: بەڵێ قەبووڵی بکە.

ئاننکوف: نۆرەی تۆیە ستیپان

ستیپان: (دەڕوانێتە دورا) قەبووڵی بکە. ئێستا ئەویش وەک منە.

دورا: ئەو نارنجۆکەم دەدەیێ، نا ؟ من هەڵیدەدەم ئەو پەڕەکەی لە شەوێکی سارددا...

ئاننکوف: باشە دورا.

دورا: (دەگری) یانک، شەوێکی سارد و هەمان پەت! ئەوساکە هەموو شتێک ئاسانە...

(پەردە دادەدرێتەوە)



## ناوەرۆک

ڕۆمانی نامۆ

پێشەکی 5

دەقی ڕۆمانەکە 20

لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ، نووسینی: پییر لویس ڕی 78

شانۆنامەی بەدحاڵی بوون 123

شانۆنامەی دادپەروەران 163